چاودێر

THE OBSERVER Aweekly Political, Educational & Social Press

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕوناکبیریی کۆمەڵایەتی هەفتانەیە

ژمارە (١١) دوو شەممە - ٢-٤/١٢/٢٠

فەرەیدون عەبدولقادر، ئیستیقالە لەمەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی یەکێتیی دەکا

سەرەنجامی کێشمەکێشەکەی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، فەرەیدون عەبدولقادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)، نامەی ئیستیقالەی لەمەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی یەکێتیی پێشکەشی سکرتێری یەکێتیی کردووە. سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو کە ئاگاداری ناوەرۆکی نامەکەیە بە(چاودێر)ی ڕاگەیاند کە:

لەنامەکەدا، فەرەیدون عەبدولقادر باسی ئەوەی کردووە کە لەتەمەنی لاوێتییەوە دڵسۆزی کوردو کۆمەڵەو یەکێتیی بووەو هەرچی لەتوانایدا بووە، لەناو کۆمەڵەو لە کاتی زیندانو لەشۆڕشدا لەکاتی (٣١)ی ئابدا، بۆ گەلەکەی کردویەتی. جەختیشی لەسەرئەوە کردووە کە لەمەودواش وەکو ئەندامێک، دڵسۆزی یەکێتیی و مام جەلال دەمێنێتەوە. شایەنی باسە، فەرەیدون عەبدولقادر، لەپاڵێوراوانی یەکێتییە، لەناو لیستی هاوبەشی یەکێتییو پارتیو لایەنە کوردستانیەکانی دیکە، بۆ پەرلەمانی عێراق. فەرەیدون عەبدولقادر، لەدامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە (١٩٧٠) لەپۆستی سەرکردایەتی کۆمەڵەو یەکێتییو شۆڕشدا بووە، ئیدی دونیای مەسئولیەتی حیزبی جێهێشت.

لەلیستی هەڵبژاردنەکاندا..

(١,٨٦%) پشکی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانە

چاودێر

ڕێکخراوە دیموکراتیەکان خرانە پەراوێزی هەڵبژاردن

دوای (١٢) ساڵ لەهەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، هاوکاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقو ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەنجامدەدرێن. لەو (١٢) ساڵەدا، هاوشانی باقی بوارەکانی کۆمەڵ، ڕێکخراوە دیموکراتیەکان بەئەندازەی خۆیان، گەشەیان کردووەو سەرەنجام، وردەوردە بیروڕای گشتیو دیاردەی کۆمەڵی مەدەنی، لەکوردەواریدا سەریهەڵداوە، ئێستا لەکوردستاندا، سەدان ڕێکخراوی دیموکراتیو مەدەنیو کۆمەڵایەتی و (N.G.O) لەچالاکیدان. تەنانەت، تەواوی حیزبەکانی کوردستان، ناچاربوون مەکتەبی تایبەتی بۆ ڕێکخراوە دیموکراتیەکان پێکبهێنن. بەڵکو، ئەندامو لایەنگرانی ڕێکخراوە دیموکراتیو مەدەنیو سەندیکاکان، زۆر زیاترن لەئەندامانی تەواوی حیزبە سیاسیەکان.

لەدەهەی ڕابوردودا، لەهەڵبژاردنی ڕێکخراوو سەندیکاکانو شارەوانیەکانی کوردستاندا، لەهەڵوێستوەرگرتن دژی مەترسیەکانی دەستێوەردانی ئیقلیمیو ئەگەری مەترسییەکان بۆسەر کوردستان، ڕۆڵی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان کاریگەر بووە. ئەمەش سەنگی ڕێکخراوەکانی لەناو کۆمەڵدا، بەرچاوخستووە. کاتێک کۆبونەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقیش سازدرا، ڕێژەیەکی دیاریکراو بۆ ناوەندە مەدەنییەکان دانرا. لەکوردستانیشدا ئەو ڕێژەیە لەناردنی نوێنەرەکاندا، ڕەچاوکرا. ئەمەش، ئەزمونێکی تازە بوو، کە ڕێژەی ڕێکخراوە مەدەنیەکان، پێشوەخت، بۆ کۆنگرەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، بڕیاری لەسەربدرێ. وا چاوەڕوان دەکرا، ئەم تاقیکردنەوەیە سوودلێوەربگیرێو لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانەکانی عێراقو کوردستانو ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانیشدا، پەیڕەوی لەو سیاسەتە بکرایە. بەڵام بەداخەوە، وادەرنەچوو. بۆئەوەش وردیش قسەبکەینو بەڵگە بدەین بەخوێنەر، دەڵێین:

لەکۆی (٢٧٥) پاڵێوراو بۆ پەرلەمانی عێراقو (١١١) پاڵێوراو بۆ پەرلەمانی کوردستانو (٢٠٥) پاڵێوراو بۆ پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک، موسڵو دیالە، کە تێکڕا دەکاتە (٥٩١) پاڵێوراو، لەناو ئەمانەدا سەرجەم یەکێتیو پارتی (١٠) ئەندامی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانیان، ئەخستۆتە ناو لیستەکان. کەدەکاتە (١,٨٦ %) ئەمەش، ڕادەی باوەڕی ئەو لیژنانە بەڕێکخراوە دیموکراتیەکان دەردەخا، کە بەبێ هەڵبژاردنی ئازادی ناوەکان، لەناو جینو توێژەکاندا، بەبڕیار ناوەکانیان خستۆتە ناو لیستەکان. لێرەوە دەسەلمێ کە ئەقلیەتی حیزبایەتی، زاڵە بەسەر بەرنامەی دیموکراتیو مەدەنی.

بەحوکمی ئەوەی لەناو هێزە دەسەڵاتدارەکان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زیاتر باسی دیموکراتیو مەدەنیەتو ئازادی تاکو کۆی کۆمەڵ دەکاو، لەباری سیاسیشەوە، بەشێوەیەکی گشتی، ئازادی سیاسیشی دەستەبەرکردووە، تەنانەت لەناو ئەو ڕێژە کەمەی ڕێکخراوە دیموکراتیەکاندا، زۆربەیان یەکێتی پاڵاوتونی، سەرەڕای ئەوەش، لەم پەراوێزخستنەی ڕێکخراوە دیموکراتیەکاندا، ڕەخنە زیاتر ڕووبەڕووی یەکێتیی دەبێتەوە. کاتێکیش لیستەکان بڵاودەکرێنەوە، ئەوکاتە دەردەکەوێ لەناو ڕێکخراوە دیموکراتیەکاندا، خەڵکانی لێوەشاوەترو هوشیارترو جەماوەریتریش هەبوون، بەشایستەییەوە بخرێنە ناو لیستەکان. بەدڵنیاییشەوە دەڵێین:

ئەگەر یاسای هەڵبژاردن بڕیاری ئەدایە (٢٥%) ژنان لەناو لیستەکاندا دابنرێن، دڵنیاین (٥%)ی ژنانیش، نەدەخرانە ناو لیستەکان. هەقیش وایە، بۆ هەڵبژاردنەکانی داهێنەر، ڕێکخراوە دیموکراتیو مەدەنیەکانیش، داوابکەن لەیاسادا ڕێژەیان لەلیستەکاندا دیاری بکرێ. نەک چارەنووسیان بدرێتەدەست ئەو لیژنانەی ئەقڵی تەسکی حیزبایەتی، زاڵدەکەنە سەر ئەقڵی فراوانی دیموکراتی.

لەکۆتاییشدا دەبێ ڕونیبکەینەوە کە، لەبەرئەوەی ئەم هەڵبژاردنانە، بۆ کوردستان چارەنوسسازن، بۆیە، ئەرکی سەرشانی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانە لەبەر کەمی ڕێژەکەیان لەلیستەکاندا نەک ساردنەبنەوە، بەڵکو گەرمتر بەشداری هەڵبژاردنیش بکەن. لەکاتی بەشداریکردنیشدا، ئەندامو دۆستی تەواوی ڕێکخراوەکان نیشانەی ڕێکخراوەکانی خۆیان پێوە بێ، هەتا جیابکرێنەوە لەخەڵکی ترو بشزانرێ چ جەماوەرێکیان هەیەو چەندیش هەقبوو، ناوی باشتریان لێبدرێتەوە.

د. کەمال خۆشناو.. ژیانئاوا

د. کەمال خۆشناو، کەسایەتی زانستیو سیاسی، ناوداری کوردستانو سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، دوای مانگێک گیانەڵایی ژیانئاوایی کرد. د. کەمال خۆشناو، دوای تەمەنێکی زۆر، لەتافی لاوێتیەوە، بۆ چرکە ساتێکیش، نوچی لەخەبات نەداو لەخۆپێگەیاندنی زانستیشدا، دریغی نەکرد. سەرەنجام، لەتێکۆشاندا گەیشتە پلەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیو لەزانستیشدا، گەیشتە پلەی پرۆفیسۆرو سەرۆکی زانکۆی سلێمانی. کەمن ئەوانەی لەژیانیاندا، یەک ڕێباز هەڵبژێرن. ئەماڵو ئەکەماڵی دونیا، چەواشەیان ئەکا؛ کەمیشن ئەوانەی، غەدریشیان لێکرابێ؛ بەڵام غەدریان لەکەس نەکردبێ؛ لەو پیاوە دەگمەنانە لەکوردستاندا، د. کەمال خۆشناو یەکێکیانە، بۆیە دڵنیاین وەکو جەستەی کوردستانی جێهێشتووە، وەکو پاکێتیو دڵسۆزی، ئەستێرەی ئەمری گەشە.

پەرلەمانی ئۆروپا.. داوای هەڵوەشاندنەوەی جاشی کورد دەکا

لە ٢٠٠٤/١٢/١٥دا، پەرلەمانی ئۆروپا لەسەر کێشەی تورکیاو سیاسەتی ریفۆرم لەتورکیادا، کۆبونەوەیەکی گرنگیان ئەنجامداوە. سەرەنجام (٤٠٧) دەنگ ڕازیو (٢٦٢) ناڕەزایی، بڕیاری دەستپێکردنی گفتوگۆیان لەگەڵ تورکیادا بۆ وەرگرتنی لەساڵی (٢٠١٤)دا، بەچەندین مەرج پەسەند کرد. هەندێک لەمەرجەکان ئەمانەن:

١- مافی کەمینەکان بسەلمێنن. ٢- دیدی تورکیا لەسەر قوبرس بگۆڕێ. ٣- جەمعانەی عەلەوییەکان ئازادبن. ٤- پەروەردە لەباری ئاینیەوە ئازادبێ. لەهەمووش گرنگتر، جاشی باکووری کوردستان هەڵبوەشێتەوە. جاشیش لەتورکیادا ناویان ناوون (کۆیی قوریوجولوغو - پارێزگارانی گوندەکان).

لەیلازانا: فیدراڵو ئۆتۆنۆمی دژی گەلی کوردە!!

لەسەرویەندی کۆبونەوەی پەرلەمانی ئۆروپا لەسەر کێشەی وەرگرتنو وەرنەگرتنی تورکیا، بەدەستپێشخەری (پەیمانگای کورد لەپاریس) (٢٠٠) کەس بەیاننامەیەکیان بۆ وەرگرتنی مافی فیدراڵی گەلی کوردستانی باکوور مۆرکرد. لەوانە: لەیلازاناو هاوڕێکانی. دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە، ڕۆژنامە هەرەبەناوبانگەکانی فەرەنساو ئەڵمانیا وەکو (لۆمۆندەی فەرەنسی) دەقی بەیاننامەکەیان بەناوی ئەوانەی ئیمزایان کردووە، بڵاوکردەوە. ئەمەش کاردانەوەیەکی توندی لەسەرەتا وەزیرانی تورکیاوە بۆ حیزبە سیاسیەکانی تورک، خولقاند. لەژێر ئەم فشارانەدا، لەیلازاناو هاوڕێکانی کە لەزیندانیدا بوون (هاتیب دیجلە، ئۆرهان دۆگان، سەلیم سەدەق) ئیمزای خۆیان لەبەیاننامەکە کێشایەوە. زیاتر لەوەش، لەیلازانا گوتویەتی: دەمانەوێ لەناو تورکیای دیموکراتی یەکگرتوودا، بژین. دەشڵێ: بۆ کۆبونەوەی (١٧/١٢)ی پەرلەمانی ئۆروپا، تێدەکۆشم تورکیا وەربگیرێ. لەوەش خراپتر دەڵێ: فیدراڵو ئۆتۆنۆمی دژی گەلی کوردە.

خۆپیشاندانی کوردی هەندەران و کاردانەوەی ئۆردۆگان

١

٢٠٠٤/١٢/١١ زیاتر لە حەوت هەزار کوردی هەندەران، لەپایتەختی بەلجیکادا (بروکسل)، خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. ئەم خۆپیشاندانە، هاوکاتی گفتوگۆی وەرگرتنی تورکیایە، لەپاشەڕۆژ، لەیەکێتی ئۆروپادا. ڕێک لەم کاتەدا، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی ڕۆژئاوا، زیاتر لەحەوت هەزار کوردیان لەخۆپیشاندانێکی هێمنانەدا، لەبەردەم بارەگای کۆبونەوەکەدا، ڕێکخست. بەمەش سەرنجی ئاژانسەکانو حکومەتەکانیان بۆلای کێشەی کورد ڕاکێشا.

خۆپیشاندانەکە، وەکو کارێکی مەدەنی باشە. بەڵام لەگەرمەیدا، وەکو هەموو جارێکی دیکە، مۆری (P.K.K) لەخۆپیشاندانەکە دراو بەرزیەرز وێنەی ئۆجەلانیش دەخرایە بەردەم کامێرەی میدیاکان. لەمەیاندا، هەڵەیەکی زەق بەردەوام دوپات دەکرێتەوە: P.K.K ئێستا لەناو رای گشتیو ڕەسمی ڕۆژئاوادا، هێزێکی سیاسی خۆشناو نییە. بۆیە، کاتێک خۆپیشاندانێکی مەدەنی ئاوا لەپایتەختێکی دیموکراتی ڕۆژئاوادا...

ئێرانو دان پیانانی دەستێوەردان

٢

کێشەی دەستێوەردان، کێشەیەکی قوڵ، بەڵکو چارەنوسسازی عێراقە. لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی عێراقەوە، ئەم کێشەیە بۆ عێراقو پێشتریش بۆ کوردستان خولقاوە.

هەتا دوو هەفتە لەمەوپێش، کاربەدەستانی گەورەی عێراق، جگە لە وەزیری بەرگری (حازم شەعلان) کەسیان ڕاستەوخۆ دانیان بەدەستێوەردانی دەوڵەتانی ئیقلیمی نەدەنا، ئەگەر سووکە ئاماژەیەکیشیان بەمەترسی دەستێوەردان کردبێ، زۆر کەمتر بووە لەوەی سنوورێک بۆ دەوڵەتانی دەستێوەردەر دابنێ. یان بسلەمێنەوە. وەزیری بەرگری عێراق، چەند مانگێکە بەڕاشکاویو ئازایانە دەیگوت: ئێران دەست وەردەداتە کاروباری عێراقەوەو مەترسیدارترین دەوڵەتە دژی عێراق...

ئێران ڕووبەڕووی دووڕیان

٣

لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردودا، نوسەری گەورەی میسرو عەرەب (محەمەد حسێن هەیکەل) سەردانی ئێرانی کردو چاوی بەشاهنشا کەوتبوو، پاشان کتێبێکی نوسیبوو بەناوی (ایران فوق بورکان) دوای (٢٣) ساڵ ئەو (بورکان)ە تەقیەوەو ڕژێمی شا لەسەر دەستی گەورەترین بزوتنەوەی سیاسی مەزهەبی پێشبینی نەکراوەوە، ڕوخێندرا. ئێستا، ئەو حکومەتە مەزهەبییە شیعەیە (٢٥) ساڵە حوکمڕانی ئێرانە؛ پەیڕەوی لەسیستەمی ولایەتی فەقیە دەکا. جگەلە شیعەمەزهەب، ئاینێکی دیکە بۆیان نییە خۆیان بۆ سەرۆک کۆماری ئێران کاندید بکەن؛ ژن بۆی نییە بۆ هەمان پۆست خۆی کاندید بکا؛ دیموکراتیو ئازادی بەچەمکە هاوچەرخەکەی، لەو کۆمارە ئیسلامییەدا نییە...

بۆ لێکدانەوەی هەواڵی (١و (٢و (٣) بڕوانە لاپەڕە (٣)

کرماشان لەڕووی نەتەوەیی و ئەدەبییەوە

وریا ئەحمەد

کوردستان سەرانسەر ل (٣)

سەرگوزشتەی قارەمانانی لەبۆسەخستنی پارێزگاری سلێمانی

ڕەخنەو دیالۆگ ل (٨- ٩)

پەیوەندی ڕۆشنبیر و دەسەڵات

ئارام جوانرۆیی

جیهانبینیی ڕووناکبیری ل (١٠)

بەرگی یەکەمی دیوانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی

ئیناک عومەر

هەڵسەنگاندنی میدیای کوردی ل (١٣)

(اخوان المسلمین) دژی هەڵبژاردنن

سایتی ایلاف ١٢/١٥

بەرهەڵستکارانی ئوردن، ئوردنیان لە بارمەتیدانی هەڵبژاردنی عێراق، وریاکردەوە. هەمزە مەنسور، سکرتێری گشتی بەرەی کاری ئیسلامی (باڵی سیاسی - اخوان المسلمین) لەئوردنودا، نامەیەکی بۆ ئۆفیسی سەرەک وەزیرانی ئوردون ناردووەو تیایدا هاتووە کە: ئەگەر ئوردون بکرێتە ناوەندێکی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقو ناوەندێکی یەرەکی ئەتەلەکردنی دەنگەکانی هەڵبژاردنی عێراقییەکانی هەندەران، ئەمە ئاسایشی نیشتمانی ئوردون، لەبەر ناکۆکی نێوان تائفەکانی گەلی عێراق، دەخاتە بەر مەترسییەوە. بەپێی نامەی ئەم لایەنە ئیسلامییە، جگە لەوانەی پرۆژەی تائفەگەریان لەناو خەڵکی عێراقدا هەیە، هیچ لایەک لەگەڵ هەڵبژاردنی عێراقدا نین.

(مجاهدوا دیالی) هەرەشەی جیاکردنەوەی سەرو لەش دەکەن

مجاهدو دیالی.. ڕێکخستنێکی تیرۆریستییەو لەسەر دەستی پیاوانی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس دامەزراوە، لەم ماوەیەدا بەیاننامەی لەپارێزگای دیالەدا بڵاوکردۆتەوەو هەڕەشەی کوشتنی کردووە، لەوانەی بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، یان بارمەتی بدەن، یان خۆیان بپاڵێون، یان لیستەکان دابەش بکەن.. تاد.

هەڕەشەیان لەهەموویان کردووەو لە بەیاننامەیەکدا (کەدەقەکەی بەزمانی عەرەبی بڵاو دەکەینەوە) دەڵێن: ئەوانە مەرگ چاوەڕێیان دەکاو سەریان لەلەشیان جیادەکەینەوە.

لذا فاننا نوجه الأنذار

لکل من یدعو لهذه (الانتخابات) تحت أي مسمی أو وظیفة أو مساعدة في اجراءها بالترشیح أو الانتخاب، أو توزیع القوائم أو اجراء الاحصاءات أو جمع التواقیع، أو عقد الاجتماعات في البیوت أو الدوائر، أو تهیئة المراکز (الانتخابیة) الخ...

انه سیکون هدفا مشروعا للمجاهدین، و ان قوائم الموت ستشملهم. و ایادي المجاهدین سترسلهم لحتفهم کما ارسلت من قبلهم من المرتدین. و لن یتوانو في خطفهم و احیاء سنة النحر فیهم لفصل رؤسهم النخرة عن اجسادهم القذرة کما فعلوا بمن سبقوهم... مهما طال الزمن، و لن تحمیهم فلول الشرطة و الحـــرس (الوثني) کما لم یستطیعوا حمایة انفسهم و السعید من اتعظ بغیرة.

مجاهدو دیالی

خۆپشاندانی کوردی هەندەران و کاردانەوەی ئۆردۆگان

مەلابەختیار

*** لەسەدەکانی رابوردودا، رۆژئاوا پشتیوانی تورك و تورکیای دژی کورد دەکرد، ئێستا پشتیوانی کورد دژی تورکیا دەکا**

*** ئایە هێزە سیاسیەکانی باکووری کوردستان، ئامادەیی قۆزتنەوەی هەلومەرجی ئایندەیان هەیە، یان نا؟ مەخابن، نەخێر**

تەواو تێکەوڵاوی سیاسەت و بگرە ئایدیۆلۆژیەتی تاکپەرستی حیزبێك دەکرێ، کە خودی حیزبەکە لەژێر فشارێکی یاسایی کاریگەردایە، کاری لەم چەشنە، هەم کاریگەری خۆپشاندانەکە لاوازو هەم زیان بەخودی (P.K.K)ش، لەم هەلومەرجەدا دەگەیەنێ. بەتایبەتی ئایدیۆلۆژیەتی تۆتالیتاری و تاکپەرستی لەرۆژئاوادا، قێزەونن. بەهەرحاڵ..

خۆپشاندانەکە، کاتێکی باش و خەڵکێکی زۆری بۆ هەڵبژێردرابوو. میدیاکان بایەخیان دایە. شێوەیەکی گونجاوی خەباتیشە، ئەگەر هەڵەی حیزبایەتی تیانەکرێ. سەرەك وەزیرانی تورکیا، کاردانەوەیەکی توندی بەرامبەر خۆپشاندانەکە پشاندا. کاردانەوەکە، سەبارەت بەئۆردۆگان، کە بەسیاسەتمەدارێکی ئارام ناسراوە، چاوەڕوانەکراو نەبوو. بەتایبەتی، ئەو هەنگاوانەی بۆ کورد ئۆردۆگان ناویەتی، (گەرچی زۆر کەمن) بەلام لەدامەزراندنی کۆماری عەلمانی تورکیاوە، هیچ سەرەك وەزیرێك نەیوێراوە هەنگاوی وا بنێ: دان بەکورددا نان" رەسمیکردنی زمانی کوردی" لەتەلەفزیۆندا خوێندنەوەی هەواڵی کوردی و، ئازادکردنی لەیلازاناو هاوڕێکانی.

ئۆردۆگان.. بەتوندی لەسەر خۆپشاندانەکە دەڵێ: ئەوانەی ماف بۆ کورد، وەکو ئەو مافەی تورکیا بۆ تورکە قوبرسیەکان داوادەکا، داوا دەکەن، ئەمە یارییەکی درێوەو هەوڵێکیشە بۆ لاوازکردنی ئەو هەوڵەی تورکیا بۆ چونە ناو یەکێتی ئۆروپا دەیدا.

ئەم کاردانەوە توندە، لەکاتێکدایە کە ژمارەیەکی زۆر سیاسەتمەدارو روناکبیرو سەرۆکی شارەوانی و هونەرمەندی کوردو تورك لەدەرەوەو ناو تورکیادا، پشتیوانی داخوازییەکانی کوردیان کردووە، کە لەو خۆپشاندانەدا پێشکەش کراون. (گەرچی لەیلازاناو هاوڕێکانی لەداخوازینامەکە کشاونەتەوە) دەپرسین: ئەم کاردانەوە توندە لەلایەن سەرەك وەزیرانی تورکیاوە بۆچی؟ کە کوردو رای گشتیش، بەپێچەوانەوە، چاوەڕوانی هەنگاوی ریفۆرمیستی باشتری لێدەکەن.

ئەم کاردانەوەیە، هۆیەکەی لەبنەچەدا دەگەرێتەوە بۆئەوەی کەوا: حکومەتی ئۆردۆگان، ستراتیژی چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کوردیان نییە. پێشیان وایە ئەو هەنگاوە بچوکانەی بۆ کوردیان ناوە، بەسە بۆئەوەی یەکێتی ئۆروپا رازیبکەن. ئەمەش، هەڵەیەکی گەورەیە حکومەتی ئێستای تورکیا، پەیڕەوی دەکا، بەڵکو زیانیش بەو گفتوگۆیە دەگەیەنێ کە لەنێوان یەکێتی ئۆروپاو تورکیادا، بۆ وەرگرتنی تورکیا لەیەکێتی ئۆروپادا، بڕیارە دەستپێبکا.

یەکێتی ئۆروپا، بەپێی بڕیاری کۆپنهایگن، داوای کردووە تورکیا سیاسەتی خۆی دەربارەی مافی مرۆڤو دیموکراتی و چارەسەری کێشەی نەتەوەیی، بگۆڕێ. دەست لەسەروەری ناسیۆنالیستی تورکی و.. واز لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤو سەرکوتکردنی کورد بهێنێ. دەنا، تورکیا لەیەکێتی ئۆروپادا وەرناگیرێ. رێك لەمکاتەدا کە دەرگای گفتوگۆی یەکێتی ئۆروپاو تورکیا بۆ دەستپێکردن و نەکردنی گفتوگۆی راستەقینە، دەکرێتەوە، تەنها بەرامبەر خۆپشاندانێك، ئەویش لەئۆروپادا کراوە، نەك لەناو تورکیادا، سەرەك وەزیرانی تورکیا لەم چەشنە کاردانەوە دەنوێنێ. ئەم کاردانەوە توندەی سەرەك وەزیرانی تورکیا، بێگومان نیگەرانییەك لای یەکێتی ئۆروپا دروست دەکا. کاریش دەکاتە سەر گفوگۆکە. بەتایبەتیش، لەگفتوگۆی (١٦و١٧)ی دیسەمبەر، لەکۆبنهاگندا، هەوڵدراوە هەندێك لەکۆسپەکانی بەردەم سەرکەوتنی پرۆسەکە لابرێ. یەکێك لەوانە، کۆسپی کێشەی قوبرسە.

تورکیا.. دەبێ وردی ئەوە ببێ کەوا: نە جیهان، جیهانی دەهەکانی هەزارەی دووەمە. نە کوردیش نەتەوە دواکەوتوەکەی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمە. جیهان، لەسەردەمی جیهانگیریدایە. ئەگەر لەسەدەی نۆزدەو بیستەمدا، ئەمریکاو ئۆروپا لەبەرامبەر روسیاو شورەویدا و لەبەر بەرژەوەندی ئابوریان لەرۆژهەڵاتدا، پشتیوانی تورکیان لەهەموو سیاسەتێك دەکرد، تەنانەت بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینەکانی کوردستانیش، ئەوەتانێ، لەم هەلومەرجە جیهانگیریەدا یەکێتی ئۆروپا فشاری سیاسی و ئابوریی لەسەر تورکیا هەیە، هەتا ئەو سیاسەتەی جارانی تورکیا، کە بەپشتیوانی رۆژئاوا سەردەخرا، سەراپا بگۆڕێ و سیاسەتێکی نوێ بگرێتەبەر، لەناو ئەو سیاسەتەدا، کێشەی کوردیش چارەسەربکا. واتا: لەسەدەکانی رابوردودا، رۆژئاوا پشتیوانی تورك و تورکیای دژی کورد دەکرد، ئێستا پشتیوانی کورد دژی تورکیا دەکا. تورکیاش، وڵاتێکی بەئەزمونە لەدەسەڵات و بەئەزمونیشە لەپەیوەندی سیاسی و ئابوری و دیپلۆماسی لەگەڵ رۆژئاوا، بۆیە، لەم سیاسەتە نوێیە بۆگۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی تورکیا، باش تێدەگەن. گەرچی خۆشیان نادەن بەدەستەوە. بەڵکو جارجارە هەڕەشەش دەکەن.. ئەم خۆبەدەستەوەنەدان و هەڕەشەو گوڕەشانەی تورکیا هەم لەبەرنامەی سیاسیدا هەڵەیەو هەم شێوەیەکە لەشێوەی گفتوگۆی دەمارگرژی رۆژهەڵاتی" رۆژئاوا، لەگفتوگۆدا نەرمو پشوودرێژن. رۆژهەڵات بەپێچەوانەوە، رەقو پشووکورتن. رۆژهەڵاتی بەجنێوێکی سیاسی هەڵدەچێ و بەسەرپێیی حوکم دەدا" رۆژئاوایی لەبەرامبەر هیچ کێشەیەکدا هەڵناچێ و کەم جاریش حوکمی پەلە دەدا. تورکیا، راستە تێکەڵاوی سیستەمی رۆژئاوا بووە، بەلام مینتالتیەتی (ئەقلیەتی) هێشتا لەژێر کاریگەری کولتوری سیاسەتی ئیسلام و رۆژهەڵاتدایە. هەربۆیە دەبینین، لەکاتێکدا رۆژئاوا بۆ وەرگرتنی تورکیا لەیەکێتی ئۆروپادا، ستراتیژی داناوە. بڕیاریشیداوە دوای (١٥) ساڵ چاودێری و گفتوگۆ، ئینجا تورکیا لەیەکێتی ئۆروپادا وەربگیرێ. کەچی لەبەرامبەردا، کاربەدەستانی تورکیا وا قسەدەکەن هەر دەبێ بەم نزیکانە تورکیا لەیەکێتی ئۆروپادا وەربگیرێ. یان ئەگەر وەرنەگیرێ، تورکیا ستراتیژێکی دیکە هەڵدەبژێرێ. رۆژئاواش مێش میوانی نییە: پەیتاپەیتا داوای پەیڕەوکردنی پرنسیپەکانی کۆپنهایگن دەکەن کە (جێبەجێکردنی دیموکراسی و گۆڕینی یاسای تورکیاو مافی مرۆڤو چارەسەری کێشەی نەتەوەیی..تاد) دەگرێتەوە، تەنانەت وڵاتێکی وەکو فەرەنسا کە لەناو وڵاتانی رۆژئاوادا زۆرترین ئیستسماراتی لەناو تورکیادا هەیە، کەچی هەتائێستا حیزبە سیاسیەکان و سیاسەتمەدارانی فەرەنسا، رازینین تورکیا لەیەکێتی ئۆروپادا وەربگیرێ. ئەمەش ئەوەدەگەیەنێ تەنانەت رێسای بەرژەوەندی ئابوری وڵاتێك لەوڵاتانی ئۆروپا، لەم سەردەمەدا بەتەنها هاندەری بڕیاری سیاسی دووقوڵی نێوان دەوڵەتێکی ئۆروپاو دەوڵەتێکی رۆژهەڵات نییە، بەڵکو ستراتیژێکی سیاسی لەرۆژئاوادا بۆ رۆژهەڵات هەیە، ئەو ستراتیژە خەمی سیاسی و ئابوری یەکێتی ئۆروپایە بۆ پەیوەندی لەگەڵ رۆژهەڵاتدا. ئەو ستراتیژەش سەبارەت بەتورکیا بەپرۆژەی کۆبنهایگن ناسراوە.

پرنسیپەکانی کۆبنهایگنیش پرۆژەیەکی تەواوە. کەچی تورکیا، جاروبار ریفۆرمێکی بچوك دەکاو دەڵێ: بڕیارەکانی کۆبنهایگنم پەیڕەوکردو ئیتر ئۆروپا بیانویان نەما بۆوەرنەگرتنمان. ئەمەیە دوو رەوشە جیاوازەکەی گفتوگۆی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی. کە بێگومان، سەرەنجام هەردەبێ تورکیا رەوشی خۆی و سیاسەتی چۆڕ چۆڕ ریفۆرم بگۆڕێ، بەستراتیژی ریفۆرم. ئایە وا دەبێ؟

ئاماژە سیاسییەکان، راستە هێشتا واناگەیەنن کە تورکیا سەراپا سیاسەتی ریفۆرمیستی خۆی بگۆڕێ، بەلام قەیرانە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی تورکیاش، هەتادێت قورستر دەبێ. ئەگەر هەتا ساڵ و دووساڵی دیکەش تورکیا بتوانێ مانۆری چۆڕ چۆڕی ریفۆرم لەبەرامبەر داخوازی هەمەلایەنەی ریفۆرمی رۆژئاوادا پەیڕەوبکا، بێگومان ئەم مانۆرە دوایئەوە دەگاتە بنبەست، ئەوکاتە، یان دەبێ تورکیا خۆی لەو بنبەستە خنکێنەرە رزگار بکاو سەراپای سیاسەتەکانی بگۆڕێ، بەچارەسەری کێشەی کوردیشەوە. یان، دوچاری قوڵبونەوەی قەیرانەکانی دەبێ، کە دوورنییە، قەیرانەکانی بشتەقنەوەو دۆخێکی وەکو رۆژهەڵاتی ئۆروپای بۆ بێتەپێش" یاخیبوونی مەدەنی، یان راپەڕینی بەردەوامی جەماوەری بتەقێتەوە.

پێش دوو دەهە، پێشبینی نەدەکرا لەپۆلۆنیادا راپەڕینی بەردەوامی مەدەنی بتەقێتەوە، تەقیشەوە" کەی پێشبینیکراوە دەوڵەتی رۆمانیا بەو دەردە بچێ، کە چوو. یوگوسلافیاو چیکۆسلۆڤاکیاو هەنگاریاو بولگاریاو.. جیابونەوەی کۆمارەکانی شورەویش هەروا.

وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئۆروپا، پشتیان بەشورەوی قایم بوو. کە شورەوی هەرەسیهێنا، هەرەسەکە ئەوانیشی راپێچا. تورکیاش پشتی بەوڵاتانی رۆژئاوا قایمە، کە وڵاتانی رۆژئاوا پشتیان تێکرد، تازە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی دادی نادەن. بەڵێ..

ئاسۆی سیاسەت و ئاڵوگۆڕەکان وادەگەیەنن. لێرەدا گرنگترین پرسیار ئەوەیە کە ئایە هێزە سیاسیەکانی باکووری کوردستان، ئامادەیی قۆزتنەوەی هەلومەرجی گۆڕدراوی ئایندەیان هەیە، یان نا؟ مەخابن، هەتائێستا نەخێر. ئەمەش مەترسیەکی سیاسی گەورەیە بۆ باکووری کوردستان. هێزە سیاسییەکانی بەرنامەی هاوبەشیان نەك نییە، بەڵکو زۆریش ناکۆکن. (P.K.K)ش کە گەورەترین هێزی سیاسی — چەکداری باکووری کوردستانە، نەك لەسەردەمەکە قوڵ نەبۆتەوە، بەڵکو بەشی زۆری سیاسەتەکانی پێچەوانەی سیاسەتی سەردەمە. تەنانەت لەئۆروپاشدا، هەتائێستا ناتوانن بەرنامەیەکی سیاسی مەدەنیخوازییان بۆ راکێشانی سۆزی رای گشتی هەبێ: ئاڵای سوور، ئەستێرەی سوور، وێنەی ئۆجەلان و ئاڵای حیزبەکەیان زاڵدەکەنە سەر خۆپشاندانەکان. ئەمەش وادەکا کە جگەلەبەشێکی ئەندام و دۆستەکانی خۆیان، لای دیکەو خەڵکی دی، بەشدارییان نەکا" هەروا رای گشتی وڵاتانی رۆژئاواش لایەنگرییان نەبن. هەتائێستاش کە هێشتا گۆڕانکارییەکانی ناو تورکیاو باکووری کوردستان قوڵ نەبوون، بۆ هێزە سیاسییەکانی باکووری کوردستان بەهەرشێوەیەك بووە دەچێتەسەر، بەم شێوەیە ناکۆك بن، بەلام کاتێك رووداوەکان دەتەقنەوە، یان ئاڵوگۆڕەکان رودەدەن، ئەوکاتە نەبونی ستراتیژی هاوبەش زیانێکی کاریگەر بەنەتەوەکەمان دەگەیەنێ. دوورنییە، کێشەی گەورەش لەناو هێزەکانی باکووری کوردستاندا بتەقێنێتەوە. ئەو مەترسیانە هەمووی لەئایندەدا دێنەپێش. هەڵبەتە، پێشتر کێشە خۆییەکان چارەسەربکرێن زۆرباشە. هەتا بتوانن لەئاستی هەلومەرجە بابەتیەکەی تورکیاو ناوچەکەدا بەرنامەی هاوبەش دارێژن. دەنا لەناو تەقینەوەی روداوەکاندا، ئەگەر پێشوەخت پرۆژەی هاوبەشی بڕیارلێدراو ئامادەنەکرابێ، دژوارە بتوانرێ بەئاسانی چارەسەربکرێن. ئاڵوگۆڕو روداویش.. بەتایبەتی ئەگەر بابەتی و جیهانی بێ، لەسەر کێشەی ناوخۆیی و خۆیی و نەبوونی ستراتیژی هێزە ناوچەییەکان دوناخرێ، یان دواناکەوێ. نمونەی ئەفغانستان و عێراقیش لەپێشە بۆ تەوژمی ئاڵوگۆڕەکان. ئەوە ئەرکی سەرشانی هێزە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی گەلانی چەوساوەیە، پێشبینی روداو بکەن و خۆیانی باش بۆ سازبدەن. خۆیان سازبدەن هەل دەقۆزنەوە. خۆشیان سازنەدەن، ئەگەر هەموو هەلەکەیان لەکیس نەچێ، هەڵبەتە، بەشێکی باشیان هەر لەکیس دەچێ.

ئێران و دان پیانانی دەستێوەردان

سەرکەوت عەبدوڵلا

ئێستا، باسی سوریاش دەکاو نایشارێتەوە کە موخابەراتی سوریاو ئێران و کۆنەموخابەراتی عێراق، بۆ تێکدانی دۆخی عێراق هاوکاری یەکدی دەکەن. ئەم راستگۆیەتیەی وەزیری بەرگری لەکاتی خۆیدا، جگەلەوەی ئێران و سوریا بەرپەرچیان دایەوە، تەنانەت سەرەك وەزیرانی عێراق و کاربەدەستانی دیکەش، پشتیوانییان نەکرد، بەڵکو ئۆباڵی حوکمدانەکەیان لەسەر ئەو دوو دەوڵەتە، خستە سەر وەزیری بەرگری و پێیان گوت: بیروڕای تایبەتی خۆیەتی. لەناو رۆژنامەکانیشدا بەتوندڕەو لەقەڵەم درا.

ئەوکاتەی سەرەك وەزیرانی عێراق نەدەچووە ژێر ئاخاوتنەکانی وەزیری بەرگری، بڕیار وابوو سەرەك وەزیران سەردانی ئێران بکا. پێ دەچوو پاش گەڕانەوەی لەسەفەرەکەی دەرەوەی، بەڵگەنامەی زۆری پێدرابێ لەسەر قسەکانی وەزیری بەرگری، بۆیە ئەیاد عەلاوی، سەردانی ئێرانی دواخست. ئیدی لەوەبەدواوە، لەکۆبونەوە تایبەتیەکانی کاربەدەستانی عێراق و سوریاو ئێران، پەیتاپەیتا باسی کێشەی دەستێوەردانی هەردوو وڵاتەکەیان کردووە. تەنانەت بەڵگەنامەی زۆریشیان پێداوون، کە چۆن پشتیوانی تیرۆریستانیان کردووەو کارئاسانی سەر سنووریان بۆکردوون. بەلام سوریاو ئێران نەچونەتە ژێر بار. گفتیشیان داوە کە سنوورەکانیان قایم بکەن. تەنانەت سەرۆك کۆماری هەردوو دەوڵەت، لەراگەیاندنەکانیشدا جەختیان لەسەر ئەم گفت و بەڵێنانە دەکرد.

دوای سێ مانگ ململانێی دیپلۆماسی بۆ راگیرانی شەڕی دەستێوەردان، هەتا هاتووە ئەو گفت و بەڵێنانەی لەکۆبونەوە تایبەتیەکان و رگەیاندنەکاندا دەدران، نەك جێبەجێنەکران، بەڵکو دەستێوەردان و تیرۆر، زیاترو فراوانتریش جێبەجێکراوە. بەڵگەی نوێ و، کەرەسەی نوێ و، تیرۆریستی نوێی پەڕیوەی سنووری سوریاو ئێران، زۆر زیاتر گیراوون. هەربۆیە، شەڕی دیپلۆماسی نهێنی عێراق و ئێران و سوریا، گوێزرایەوە بۆ قۆناغی بالاتر. ئێستا سەرۆك کۆمارو سەرەك وەزیران و، جێگری سەرەك وەزیران و، وەزیری دەرەوەی عێراق، بەزەقی و رەقی ئێران و سوریا تاوانباردەکەن. (پەیڕەوی لەرێبازی وەزیری بەرگری دەکەن) ئێران و سوریاش، هەستیان کردووە فشارەکە لەسەریان زیادیکردووە، بۆیە، وەکو ساڵونیوی رابوردوو، ناتوانن بەسووکەئاخاوتن، یان گفتی رۆژنامەیی، یان لەکۆبونەوە نهێنیەکاندا، خۆیان وەکو جاران دەربازبکەن. پێدەچێ لەنێو خۆیاندا خەریکی سیناریۆیەکی سیاسی و دیپلۆماسی نوێ بن، بەڵکو حکومەتەکانیان لەم شەڕە سیاسی و دیپلۆماسییە ئاشکرایە رزگاربکەن" کە پێشوەخت دڵنیان، رەهەندی شەڕەکە لەمەش زیاتری بەبەرەوەیە. دەشگاتە بنبەستی سیاسی. بەڵکو شکات دەگاتە ئەنجومەنی ئاساییش. ئەگەر کێشەکە زیاتریشی لێنەکەوێتەوە! ئێران.. رۆژی (١٢/١٣) لەسەر زمانی هەڵسوڕێنەری کاروباری ئێرانی لەعێراقدا، کەمێك کراوەتر هاتەمەیدان و گوتی: (تاران ناتوانێ بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی داهاتووی عێراق دوورەپەرێزبێ، چونکە ئەو گۆڕانکاریانە لێکەوتەیەکی زۆر بۆ سەر دۆخی ئێران دەبێ).

ئەم چەند دێڕە دیپلۆماسییە، پەردەی سووری نەخشەو پیلانی سیناریۆی شانۆی دەستێوەردانی ئێران پشاندەدەن. بەتایبەتی، ئەگەر دیقەت لەدرێژەی ئاخاوتنی ناوبراو بدەین، کە لەبەغدا کاردەکاو ئاگاداری وردودرشتی دۆخی عێراقیشە، لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ: (یەك دەوڵەتی عەرەبی نییە پێیخۆشبێ شیعەکان دەسەڵات بگرنەدەست لەوڵاتەکەدا، سەرکردایەتی دەوڵەتانێکی عەرەبی لەوباوەڕەدان هاتنەسەرکاری شیعە هەڕەشەیەکی خەتەرناك بۆ ناوچەکە پێکدێنێ).

لەم قسانەدا، ناکۆکییە قوڵەکانی ئێران و دەوڵەتانی عەرەبی، لەسەر حکومەتی ئیسلامی، مەزهەبی، لەسەر حکومەتی ناسیۆنالیستی عەرەبی و فارسی و ناوچەیی، بەرجەستەدەبن. ئەم ناکۆکیانە، لەسایەی ئەم حکومەتە نادیموکراتیانە، قابیلی گۆڕانکاری ئەوتۆ نین، بچوکترین مەترسی لەسەر دەسەڵاتی بونیادنراوی مەزهەبی و ناسیۆنالیستی لەرۆژهەڵاتدا، هەبێ. هیچ وڵاتێك ئامادەنییە بچوکترین گۆڕانکاری لەرۆژهەڵاتدا، کە پێچەوانەی بەرژەوەندییە ستراتیژیی و مەزهەبی و دژە دیموکراتیەکانی بێ، قبوڵ بکا. هەمویان دەیانەوێ، ئەو هاوسەنگییە ئابوری، سیاسی، مەزهەبی و ئەتنیکییەی، کە ناگونجێ لەگەڵ گیانی سەردەم و گۆڕانکاریەکاندا، هەتاهەتایە بپارێزن. بۆئەوەی نەك دەستەبەری دەسەڵاتی وەچەی ئێستایان بکەن، بەڵکو نیازیان وایە دەستەبەری دەسەڵات و بەرژەوەندی کوروکچ و نەوەکانی ئایندەشیان بکەن. بەڵێ سەرچاوەی کێشەکان لێرەوە هەڵدەقوڵێ.

ئەم حکومەتانە، بۆیە توخنی سنورەکانیان بکەوی. بەلام هەشیانە بەئارەزوو لەناو وڵاتانی دیکە تەراتێن دەکەن و دەیانەوێ لەرێی پیادەکردنی نەخشەی دەستێوەردان، لەوڵاتانی دەوروبەریان، مەترسی دەستێوەردانی گۆڕانکاری لەوڵاتانی خۆیان دووربخەنەوە. ئەمەش پێچەوانەی لۆژیکی سەردەم و ستراتیژێکی ئەقڵانییە. کە پێمان وایە، چۆن دەسەڵاتە ئۆروستوکراتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، نەیانتوانی بەرگەی شۆڕشی دیموکراتی بگرن، ئاواش ئەم حکومەتانە، بەم سیاسەتانە، نەك ناتوانن بەرگەی تەوژمەکانی دیموکراتی و شۆڕشی زانیاری جیهانگیری بگرن، بەڵکو دەبنە مایەی زووتر گۆڕینی خۆشیان.

ئێران رووبەڕووی دووڕیان

ئاوێر کەریم

کێشەی نەتەوەیی زۆرە. هەموو ساڵێکیش حکومەتی ئێران لەلایەن رێکخراوی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیەوە، بەپێشێلکردنی مافی مرۆڤ تاوانبار دەکرێ. ئەمە جگەلە کێشەی کۆمەڵایەتی، ژیانی مەدەنی، ئاستەنگی بێکاری، گرانی، تەنگوچەڵەمەی خانوبەرەو نیشتەجێبوون، کەمی موچە، تلیاك خواردن.. تاد. سەربارى هەموو ئەو کێشەو تەنگوچەڵەمە ناوخۆییانە، دوو کێشەی سیاسی گەورە ئەمرۆ رووبەڕوی ئێران بۆتەوە:

یەکەم: کێشەی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی.

دووەم: کێشەی دەستێوەردانی ناو عێراق و پشتیوانیکردنی تیرۆر.

هەردوو ئەم کێشانە، قوڵاییەکی جیهانیان هەیە. هەتادێت ئێران زیاتر دەخەنە ژێر فشاری سیاسی و ئابوری و راگەیاندنەوە. ئەم دوو کێشەیەش، هاوشانی کێشە ناوخۆییەکان، لەم هەلومەرجەدا کە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە کراوەتە مەیدانی گۆڕانکاری دیموکراتی لەسەرەتای هەزارەی سێهەمەوە، سەبارەت بەئێران، هەتادێت کێشەکان قورسترو ئاڵۆزتر دەبن. بەلام لەبەرئەوەی ئێران وڵاتێکی گەورەو دەوڵەمەندو بەهێزە، خاوەن کولتورو شارستانیەتی رۆژهەڵاتی مێژوویییە، مەزهەب تیایا کاریگەرە، حکومەتی ئێرانیش لەباری جوانکاری شارەکان، ئەنتەرنێت، کۆمپیوتەر، تەلەفۆن و کارەبا.. تاد خزمەتی باشی هەیە، بۆیە، هەرچەند کێشەو فشارەکان، لەچاو دەوڵەتانی دیکەی رۆژهەڵات، بەرامبەر ئێران زۆرترن، کەچی فشارەکان بەئێرانەوە کەمتر لەدەوڵەتانی دیکەی رۆژهەڵات دیارە. بەلام ئایە، روداوەکان، یان فشارەکان، هەروا دەمێنن و ئێرانیش، لەبەرامبەر کێشەو فشارەکاندا، هەتاسەر خۆی بەم شێوەیەی ئێستا رادەگرێ؟ ئەمەیان پرسیارێکەو جێیخۆیەتی وەلام بدرێتەوە. وەلامدانەوەی پرسیارەکەش، چەند پەیوەندی بەئێران و گەلانی ئێرانەوە هەیە، هێندەش پەیوەندی بەگەلانی رۆژهەڵاتەوە هەیە. لەپێشەوەی ئەو گەلانەدا، پەیوەندی بە نەتەوەی کوردەوە هەیە. بۆئەوەی پرسیارەکەش بەدابڕاوی وەلام نەدرێتەوە، دەبێ جارێ ئەوە ساغ بکەینەوە کە ئایە: پرۆژەی گەورەی رۆژهەڵات، دوای روخاندنی رژێمەکانی ئەفغانستان و عێراق، ئەرکی دیکەی لەرۆژهەڵاتی گەورەدا ماوە، یان نەماوە؟ بێگومان هێشتا ئەرکی زۆری ماوە. ئێرانیش لەچەقی پرۆژەکەدایە.

ئەم سیستەمانەی لەرۆژهەڵاتی گەورەدا حوکمڕانن، ئێستا، تەنها ئێران و سوریا دوورن لەئەمریکا. باقی سیستەمەکان، لەپاکستانەوە بیگرە هەتا وڵاتانی باکووری ئەفریقیا، یان هاوپەیمانی سیاسی ئەمریکان، یاخود ئەمریکایان قبوڵە. تورکیاش لەدۆستە هەرەنزیکەکانی ئەمریکاو رۆژئاوایەو ئەندامی پەیمانی ناتۆشە، کەچی دەشیانەوێ سیستەم و دەستوری بگۆڕن. پاکستان و سعودیەش هەروا. چ جای بۆ ئێران. کەوابێ، ئایندەی ئێران بەرەو کوێ؟

ئەگەر لەپەنجاکاندا وەکو (هەیکەل) گوتبووی، ئێران لەسەر بورکان بوبێ و بورکانەکەش سەرەنجام هەر تەقیوەتەوە. ئەوا لەم سەردەمە ئێران لەبەردەم دوورێانێکدایە:

رێی یەکەم: گۆڕانکاری و ریفۆرم و چارەسەری کێشەکانێتی، لەناوخۆیدا.

رێی دووەمیشیان: گۆڕینی سیستەم و رژێمی ئێرانە، لەدەرەوەدا.

ئەگەر.. بورکانەکەی هەیکەل (٢٣) ساڵی لەسایەی جەنگی ساردا ویستبێ بتەقێتەوە، ئەوا لەسەردەمی جیهانگیریدا هەڵبژاردنی رێگەیەکی دوڕیانەکە، پێمان وا نییە ئەو چارەکە سەدەییەی بوێ. چونکە ئەم سەردەمە، سەردەمی خێرایی و شۆڕشی زانیارییە. سەردەمێکە پرۆژەو ستراتیژێکی جیهانی بڕیارلێدراوی زلهێزەکان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بەڕێوەیە. ئەم پرۆژەیەش، چەند پەیوەندی بەرۆژهەڵاتەوە هەیە، لەوەزیاتریش پەیوەندی بەرۆژئاواوە هەیە. پەیوەندیەکەش لەباری ئابوری و، دۆخی سیاسی و، هەلومەرجی ئاساییشەوە، ئۆرگانیکییە. ئەم پەیوەندییە ئۆرگانیکیانەش، کاتێك ئاوێتەی ستراتیژی زلهێزەکان دەبن، ئیتر جێبەجێکردنی پرۆژەکە درێژناخایەنێ.

جارێ.. سەبارەت بەچەکی ئەتۆمی، بێگومان ئێران دەبێ ئاڵای سپی بەرزبکاتەوە. چونکە هەرگیز لێیقبوڵ ناکەن پرۆسەی خەملاندنی چەکی ئەتۆمی تەواوبکا" ئەگەر ئێران دەست لەخەملاندنی چەکی ئەتۆمی هەڵبگرێ. بێگومان دوای ئەوە دەبێ پاشەکشەی سیاسی دیکەش بۆ گۆڕانکاری ناوخۆ لەبەرامبەر فشاری ئەمریکاو رۆژئاوادا بکا. خۆ ئەگەر ئێران دەستیش لە خەملاندنی چەکی ئەتۆمی هەڵنەگرێ، لێکدانەوەکان وادەگەیەنن ئەمریکاو لەگەڵیشیا ئیسرائیل، لەکانگای چەکە ئەتۆمیەکانی ئێران هەر دەدەن. تەنانەت پسپۆڕە عەسکەرییەکان دەڵێن: دۆخی جەنگاوی عێراق لەبەردەم ئەمریکادا رێگر نین ئەگەر بیەوێ لەئێران بدا. ئەگەر کێشەکەش بگاتە لێدانی کانگاکانی ئەتۆمی و تەفروتونای بکەن، ئەوکاتە ئێران لەباری سیاسی و دیپلۆماسیشەوە لەئێستا زۆر لاوازتر دەبێ. چونکە هەر دەوڵەتێك چەکی ستراتیژی تێکبشکێندرێ، چەکی دیپلۆماسی و سیاسیشی کاریگەرنابێ. ئەمەجگەلەوەی کۆنترۆڵی ناوخۆشی کز دەبێ، نەخوازەڵلا کۆنترۆڵی گەلان و کۆمەڵی ئێران، کە گیروگرفتێکی پەنگخواردووی زۆری هەیە. ئەو پێشوازییە ساردەی خەڵکی ئێرانیش لەهەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێران و مەجلیسی شورادا، دەیسەلمێنن کە ئاستەنگێکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و مەدەنی قوڵ لەنێوان خەڵك و حکومەتی مەزهەبی ئێراندا، هەیە. ئەمە جگەلەکێشەی ئیقلیمی دیکە، کە رەنگە لەئان و کاتی خۆیدا ئەوانیش قوڵبکرێنەوە. یان بتەقنەوە. جێی خۆیەتی دیسان بپرسینەوە کە ئاخۆ ئێران.. لەرووبەڕووبونەوەی ئەم دووڕیانەدا، کام رێگا دەگرێتەبەر؟

پێش وەلامدانەوەی پرسیارەکە، دەبێ پێکهاتەی حکومەتی ئێران بزانین کە حکومەتێکی مەزهەبی و عەقیدەییە. ناکرێ ستراتیژی خۆی بگۆڕی. ئەمیش لەبەرئەوەی سەرچاوەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەق و شەریعەتە. دەقی قورئان قابیلی دەستکاری نییە. شەریعەتیش بنەمای گشتی سیاسەتی حکومەتەکەیە. راستە لای شیعە ئیجتیهاد کراوەترە لەسوننە. دەشتوانن لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکاندا خۆیان بگونجێنن. پێکهاتەی حکومەتی ئێرانیش وایە کە نەرم لەگەڵ کێشەکاندا هەڵدەسوڕێ. درەنگ هەڵدەچن. دەشتوانن ماوەیەکی باش بەمانۆری جۆراوجۆر خۆیان لەتەنگوچەڵەمەی گەورەگەورە دەربازبکەن. ئەزمونێکی باشیشیان هەیە لەهەڵسوکەوت لەگەڵ روداوەکان و کێشەکان و ناکۆکیەکاندا. ئەم راستیانە لەئێراندا هەموو هەن. بەلام لەو راستیانە گەورەترو کاریگەرتر، گۆڕانکاریەکانی سەردەم و پرۆژەی رۆژهەڵاتی گەورەو ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیکیانەیە کە لەنێوان بەرژەوەندییە باڵاکانی رۆژئاواو رۆژهەڵاتدا خولقاوون. ئەم پەیوەندییە، لەبنەمای ئابوریەوە هەڵقوڵاوە" سیستەمی سیاسی

سەبارەت بەچەکی ئەتۆمی، بێگومان ئێران دەبێ ئاڵای سپی بەرزبکاتەوە. چونکە هەرگیز لێیقبوڵ ناکەن پرۆسەی خەملاندنی چەکی ئەتۆمی تەواوبکا" ئەگەر ئێران دەست لەخەملاندنی چەکی ئەتۆمی هەڵبگرێ

گرتۆتەوە" رۆچۆتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتوریشەوە. سەرەتای ئەم گۆڕانکاری و پەیوەندییە ئۆرگانیکیە، نەك لەسەر رۆژهەوڵاتی ناوەڕاست و سیستەمەکانی کاریگەر دەبن، بەڵکو بەرەبەرە سەراپای پێکهاتەی رۆژهەڵاتیش، دەخەنە ژێر فشاری گۆڕانکاری. گۆڕانکاریش بەو ئاراستەیەدا کە سەردەم دەیخوازێ، نەك حکومەتەکانی رۆژهەڵات نەخشەی بکێشن. لەحاڵەتی وادا، ئێران یان هەر وڵاتێکی دیکە، تەنها رێیەکی دوڕیانی سیاسی لەبەردەمدا دەمێنێتەوە" یان توانەوە لەناو بۆتەی گۆڕانکاری ریشەیی و پەسەندکردنی حکومەتێکی دیموکراتی. یاخود رووبەڕووبونەوەی توند لەگەڵ شەپۆلەکانی گۆڕانکاری هەتاڕادەی ئەگەری تەقینەوەی ناکۆکیەکان. بڕواناکەین، لەسەر ئاستی ستراتیژی روداوەکاندا، رێی سێهەم هەبێ. گەر نیمچە چارەسەرێکی تاکتیکیش بدۆزرێتەوە، هەر کاتیی دەبێ.

کرماشان لەڕووی نەتەوەیی‌و ئەدەبییەوە

گفتوگۆ لەگەڵ نوسەر "فەرەیدون قەمبەروەریسی"

سازدانی: وریا ئەحمەد

-بەشی یەکەم-

ڕۆژنامەی چاودێر وەکو گرنگی‌دانێکی زیاتر لەهەر ڕۆژنامەیەك سەبارەت بەپارچەکانی تری کوردستان لاپەڕەیەکی خۆی تەرخان کردووە بەناوی کوردستان سەرانسەر منیش وەکو کادرێکی ئەو ڕۆژنامەیە دەمێکە لەخەمی گەڵاڵەکردنی زانیاری گەلێکی ئەدەبی‌و سیاسیم سەبارەت بەشاری کرماشان، بۆ ئەم مەبەستەش کەبەڕێزتان لەکرماشانەوە هاتونەتە ئەم ڤیستیڤاڵە بەهەلی دەزانم لەڕێگای پرسیارەکانمەوەو بەدەستگیرکردنی وەڵامەکانی ئێوە ئەم خەمەم بڕەوێنمەوە تاخوێنەرانی ئێمەش باشتر ئەو شارە خۆشەویستەی کوردستان بناسن.

سەرەتا بەخێرهاتننتان دەکەم‌و دەمهەوێت بەئێمەو خوێنەران خۆتان بناسێنن‌و ئاشنامان کەن بەئاست‌و چالاکی ئەدەبیتان یان باشتر بڵێم ئێوە لەچ بوارێکدا دەنوسن‌و چ بەرهەم‌و نوسینێکتان هەیە؟

–من فەرەیدون قەمبەروەیسی – خەڵکی قەسری شیرینم لەپارێزگای کرماشان، بەباشی لەبیرمە بەر لەوەی بڕۆمە قوتابخانە زۆر خۆشم لەشیعری کوردی بەتایبەت منداڵان دەهات، ئەم خۆشەویستی‌یە بۆ شیعرو زمانی کوردی ڕۆژ بەدوای ڕۆژ زۆرتر پەرەی سەند، پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم – ئەو دەمەی گەلانی ئێران دژ بەحکومەتی شاهنشاهی ڕاپەڕین – ئازادیەکی باش ڕەخسا، کتێبی کوردی لەشاری قەسری شیرین بڵاوبویەوە هەستی نەتەوایەتی نەختێ گیانی گرت، لەوکاتەوە بوو کەمن خوێندنی کوردی هەر لەڕێگای کتێبەوە فێربووم، لەسەر ئەدەبیاتی کوردی‌و شیعری کوردی ناوچەی کرماشان هەندێ وتارم نووسیوە کە لەگۆڤاری ئاوێنەو سروەدا بڵاوبونەتەوەو هەندێکیشیان هەروا ماون‌و چاپ نەبوون، ئەو وتارانە بریتی بوون لە:

١–هۆرە، کۆنترین گۆرانی قەومی ئاریا – گۆڤاری ئاوێنە.

٢–شاکەو خان مەنسور، دوو شاعیری کورد – گۆڤاری سروە.

٣–تورکە میرو نەجەف، دوو شاعیری کورد – گۆڤاری سروە.

٤–عەلی هەیئەتی چراغی، شاعیرێك لەهۆزی قەڵخانی – گۆڤاری سروە.

٥–فەرهەنگی کوردی فارسی، مەلا حەقعەلی سیاپۆش – گۆڤاری ئاوێنە.

٦–قاموسی کوردی کەڵهوڕی – گۆڤاری سروە.

٧–قاموسی جافی – گۆڤاری سروە.

٨–مێژوونووسی کورد، پاشا پور نەقی – گۆڤاری سروە.

هەروەها ماوەی ساڵێك لەڕادیۆی کرماشان بەلەهجەی کوردی کەڵهوڕی بەرنامەیەك سەبارەت بەکشتوکاڵمان هەبوو.

وریا ئەحمەد: لەهەر کام لەپارچەکانی کوردستان، چەند شارێك، یان چەند ناوچەیەکی گرنگی ئەو ناوچەیە، بەدەردی کەرکوکی ئێمە براوە، یان لانی کەم کەوتونەتە بەر مەترسیەکی بەوجۆرە، کەئەویش سڕینەوەی شوناسی کوردبوونی ئەو شارەیە، لەتورکیادا سیاسەتی تەتریك واتە بەتورك کردن زۆر بەقورسی پیادە کراوە بەجۆرێك زمانی کوردی لەو وڵاتە تا ئەم ساڵانەی دوایش قەدەغە بوو ئەمەوێت سیاسەتی تەفریس لەئێران دا روون کەنەوە، واتە لەشێوازو میکانیزمی ئەو سیاسەتە دڵنیامان بکەن.

فەرەیدون قەمبەروەیسی: سەبارەت بەکەرکوك‌و کرماشان‌و دیاربەکر لێرەدا ئێمە لەگەڵ سێ نەتەوەی جیاوازدا ڕووبەڕوو دەبینەوە، عەرەب، فارس، تورك، کە هەموویان دەیانەوێت کوردو مەسەلەی کورد جیهانی نەبێتەوە، هەم بۆ بەرژەوەندی خۆیان لەمەسەی کورد دژ بەیەکتر کەڵکیان وەردەگرت، بەڵام سەبارەت بەسڕینەوەی ئاسەواری کوردی لەو سێ شارە هەرکامیان جۆرێك بەرخوردیان کردووە:

أ–تورکیە: ئەو وڵاتە تاکو چەند ساڵ لەمەوبەر دانی بەبوونی نەتەوەیەك بەناوی کورد نەدەنا، تەنانەت دەڵێن ئەو دەمەی ڕادیۆی میسر بەرنامەیەکی کوردی بڵاوکردۆتەوە وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕەخنەی لەمیسر گرتووە کەبۆچی بەرنامەی کوردی بڵاودەکەنەوە، ئەوانیش لەوەڵام دا پێیان وتووە، مەگەر تورکیە کوردی هەیە!

ب–عێراق: کوردی کوردستانی عێراق بەهۆی جیاوازی تەواوی نەتەوایەتی کوردو عەرەب، وە بەهۆی هەبوونی نەمرانێك وەك شێخ مەحمودی نەمرو .. هۆشیاری زیاتری خەڵك هەستی نەتەوایەتی‌و بەربەرەکانی دژ بەتەعریب زۆرتر پەرەی سەندووەو تەجروبەی زیاتری بەدەست هێناوە، بەڵام وجودی نەوت لەشارێکی کوردستانی وەکو کەرکوك زیاتر دوژمنی هانداوە کەبیر لەتەعریب‌و سڕینەوەی ئاسەواری کوردی لەو ناوچەیە بکات، گەرچی دەسەڵاتدارانی عێراق تەنانەت ڕەحمیان بەخەڵکی خۆشیان نەکردووە، تەواوی عێراقی بەکوردستان‌و عێراقی شیعەو سونەوە کردووە بەوێرانەو هەر جۆرە جموجوڵێکی بەکوشت‌و کوشتار وەڵام داوەتەوە.

ج–ئێران: مەسەلەی کوردو فارس لەگەڵ کوردو عەرەب‌و کوردو تورك دا جیاوازە، کوردو فارس خۆیان بەئێرانی دەدەنە قەڵەم‌و قەت پێیان خۆش نییە دژ بەیەك ڕاوەستن، کورد لەئێران جیا لەدەسەڵات کەڕەنگە مەترسی هەبێت لەپەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی زۆرێك لەنێو خەڵکی ئێران هەیە بەتایبەت فارسەکان‌و ئەوانەی کە ملی گەرایان پێ دەڵێن زۆر لەشاعیران‌و نوسەرانی فارس لایەنگری کوردن ئەوەیە کەتا ئێستا دەسەڵات نەیوتوە فلان شار کوردە یان کورد نییە، بەڵام – ئەوەی کەبۆچی

کرماشان خەریکە ئاسەواری کوردی لەناودەچێ‌و فەرهەنگ‌و زمانی فارسی زاڵبووە؟ بەڕای من جیا لەمەسەلەی سیاسی‌و بەرنامەی دەسەڵات، قورسی گرفتەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەر خودی خەڵکی کرماشان – هەستی نەتەوایەتی لەو ناوچە زۆر لاوازە، چونکە کرماشان شاعیرێکی وەك پیرەمێردی نەبوو – چونکە کرماشان ناوچەیەکی بەتەواو عەشایەر بووە سەرۆك عەشیرەتەکانیش زۆربەیان نەخوێندەوار بوون‌و ناشارەزا لەمەسەلەی نەتەوایەتی – کرماشان مەزهەبی لەگەڵ پایتەخت دا هاوبەشەو لەگەڵ هاوزمانەکانی خۆی جیاواز – کرماشانی بەفەرهەنگی خۆی گاڵتە دەکات – لای وایە ئەگەر کوردی قسە بکات لادێی دەدرێت لەقەڵەم – کرماشانی ئەوانەی بەسۆرانی قسە دەکەن تا دوێنێ دەیانوت (کەڕە جاف)، گەورە پیاوان‌و خاوەن قەڵەمەکانی کرماشان خۆیان لەکورد دورخستۆتەوە، کاکی خۆم تائێستا دەوڵەت بەکەس نەی گوتووە تۆ کوردی قسە مەکە، تۆ بەرگی کوردی لەبەرمەکە – کورد ئەشێ لەکرماشان بەدەربکرێ – خودی خەڵکی کرماشانن بۆئەوەی خۆیان شاری‌تر نیشان بدەن، بەرگی کوردی ناپۆشن – بەزمانی کوردی قسە ناکەن، خۆ ئەگەر دەوڵەتیش بەدەست من‌و تۆوە بێت ناڕۆین مەسەلەن بەفارسێك کەپێی خۆشە هەر کوردی قسە بکات، بڵێین کاکی خۆم تۆ فارسی ئەشێ فارسی قسە بکەیت، با زمانەکەت لەناو نەچێ‌و .. ..

مەسەلەی کرماشان دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی کرماشان‌و دەسەڵاتدارانی زەمانێ، ڕوونتر ئێمە نابێ ئەو ترسەی لەکەرکوك هەمانە لەکرماشان هەمان بێت، چونکە:–

أ–دەوروبەری کرماشان نزیك بەدوو تا سێ ملیۆن کەس دەژین، هەموویان کوردن، مەسەلەن ئێمە لەڕۆژهەڵاتی کرماشان کەدەبێتە لەکستان هەموویان کوردن‌و تەنانەت کەسێکی وەك بەڕێز ئیسماعیل تەتەریانی هەیە کەجیا لەوەی چەند

دەورە نوێنەری پەرلەمان بوو شاعیریشە، شیعرەکانی بەزمانی کوردی‌یە شاگردی کەسێك وەك مامۆستا سەی تاهیری هاشمی بووە، کتێبی موناجات نامەی غولام ڕەزا خانی ئەرکەوەندی کە بەزمانی کوردی‌یە بڵاوکردۆتەوە لەهەر شوێنێك بێت خۆی بەکوردی دەدا لەقەڵەم،

تەنانەت بەرگی کوردیش دەپۆشێت، هەروەها هەموو نوێنەرانی شاری کرماشان ئەندامی فراکسیۆنی نوێنەرانی کوردن لەئێران تائێستاش دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕەخنەی لەو کارەیان نەگرتووە، هەروەها ئیلام‌و مایەشت‌و جوانڕۆو کامیاران دەوروبەریان گرتووە، ئەولاتریش هەر دەبێتە لوڕستان‌و بەلوج‌و بویر ئەحمەدو (شەهر کرد) کەهەرهەموویان لەگەڵ زمان‌و فەرهەنگی کوردی‌دا پەیوەندی‌یەکی ڕیشەییان هەیەو ڕەنگە هەندێکیشیان خۆیان بەکورد بزانن‌و شیعرو زمانی کوردییان پێخۆشەو تەنانەت شیعرەکانیشیان بەزمانی کوردی لەهجەی (هەورامی، لەکی، یان هەورامی کەڵهوڕی‌یە) بۆ نموونە شیعرەکانی غولام ڕەزا خانی ئەرکەوندی، مەلا حەقعەلی سیاپۆش (ئەشتەر)، لەبوارێکی تریشەوە دەسەڵات لەئێران دا دەسەڵاتی مەزهەبیە نەك قەومی، ئەوەیە کە ڕەنگە کوردێك لەچوارچێوەی ئەو شێوە بێت دەسەڵاتی پێدەدرێت، بۆ نموونە ئێمە زۆر ڕەئیس‌و (مدیر کل) مان هەیە کە کوردی شیعەن‌و لەکرماشان دەسەڵاتیان هەیە ئەوەیە دەوڵەت لەوێدا دژ بەنەتەوە ڕاناوەستێت، بەڵام پەرە بەمەسەلەی نەتەوایەتیش نادات، خەڵك خۆیان ئەشێ بەشوێنیدا بڕۆن‌و بیانەوێت کە ئێمە ئومێدەوارین گەلی کورد بەهۆی هاوڕیشەییەکی کە لەگەڵ خەڵکانی تری ئێراندا هەیەتی، مەسەلەی خۆی بەشێوەیەکی‌تر چارەسەر بکات.

(لەبەرئەوەی ئەم وەڵامەی کاك فەرەیدون خۆی لەهەندێك ڕاستی لاداوەو تاڕادەیەك پاکانە بۆ دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی دەکات، هەر ئەم پرسیارەمان "سەبارەت بەشێوازو میکانیزمی سیاسەتی فارساندن" لەئێراندا) ئاراستەی کەسانێکی‌تر کردووە، کەلەڕووی ئەمنی‌یەوە گرفتیان نیە، لەژمارەکانی داهاتوودا دێتە بەر سەرنجی خوێنەر) وریا ئەحمەد

وریا ئەحمەد: ئێمە لێرە زۆر کەم بەئەدەبی کوردی ئێران بەتایبەت ئەو دەنگانەی لەکرماشان هەن ئاشنایین، ئەگەر بکرێت هەوڵ‌و ئاست‌و پێگەی ئەدەبی کوردی لەو شارەدا تاڕادەیەك بەئێمە نیشان بدەن.

فەرەیدون قەمەروەیسی: ئەدەبی کوردی لەناوچەی کرماشان – ئیلام – دەبێ بەدوو دەستەوە:

أ–ئەدەبیاتی کلاسیك کە بەشێوەی هەورامی وتراوە.

ب–ئەدەبیاتی تازە.

ئەدەبیاتێك کەبەلەهجەی هەورامی وتراوە دەگەڕێتەوە بۆ چل ساڵ لەمەوبەر، زۆربەشیان شیعرن، پەخشان لەناوچەی کرماشان‌و ئیلام زۆر زۆر کەم بووە تەنیا ئینجیل کەکتێبی ئاینی مەسیحیەکانە بەلەهجەی کوردی کرماشان وەرگێڕدراوە، ئیتر بێجگە لەشیعر شتێك بەو لەهجە نەگوتراوە.

سەبارەت بەئەدەبیاتی تازە بەهۆی ئەو مەسەلانە کە لەوەو پێش وتم خەڵکی کرماشان لەفەرهەنگی خۆیان هەڵدێن، یانی خۆیان دووردەخەنەوە، ئەوەیە کەفەرهەنگ‌و ئەدەبی کوردی زۆر لاوازە، بەڵام وجودی گۆڤارە کوردی‌یەکان (ئاوێنەو سروە) تاڕادەیەك هاندەر بوو بۆ چینی لاو کەبیر لەخۆی بکاتەوە، چونکە لای فارسەکان ئەوان کوردن، لای کوردەکانیش شیعەن.

گۆڤاری ئاوێنە بۆ یەکەمجار ئاوڕی دایە سەر ئەو ناوچەیەو بەو لەهجە وتاری بڵاوکردەوە، یەکەم گوتاریش کەبڵاوبووەتەوە وتووێژێك بووە بە لەهجەی سۆرانی لەگەڵ گۆرانی بێژی بەناوبانگ شەهرامی نازری، کاك عەلی فەیلی دای بەئێمە لەگەڵ چەند برادەرێکی دیکە وەرمانگێڕایە سەر لەهجەی کەڵهوڕی بەدوای ئەوەدا جیا لەئاوێنە پەیوەندیمان بەگۆڤاری سروەوە گرت‌و بەیارمەتی خوا لێخۆشبوو مارفی ئاغایی، لەسروەیشدا وتارمان بڵاوکردەوە بەزاراوەی کەڵهوڕی‌و لەسەر کرماشان‌و ئیلام، گۆڤاری ئاوێنە بەسەرپەرشتی کاك عەلی فەیلی دوو کۆڕی گرت، یەکەم:مەلا پەرێشانی دینەوەری لەتاران، دوو: غولام ڕەزا خان ئەرکەوەندی لەئیلام، ئەم دوو کۆنگرە بەتایبەت کۆنگرەی غولام ڕەزا خان ئەرکەوەندی کەپایزی ١٣٧٣

لەئیلام بەڕێوەچوو کارکردێکی تایبەتیان کردە سەر ئەدەبیاتی ناوچەکە، ئەو دەمە بوو شاعیرانی لاو کەزانیان بەڕاستی زمانی کوردی ڕێزمانی تایبەتی هەیە، کورد خاوەنی شاعیرانی بەناوبانگی وەك مەولەوی و هێمن‌و هەژارو بێکەس و .. ڕوویان کردە ئەدەبیاتی کوردی، بەتایبەت لەناوچەی ئیلام، ئەگەر تا دوێنێ لەئەدەبیاتی کوردی بۆ زمانی تەنزو جەفەنگ کەڵکیان وەردەگرت ئیتر وەها نەبوو، لیژنە ئەدەبیەکان سەرنجیان ڕاکێشرا بەرەو لای زمانی کوردی ئێستا ئێمە لەزانکۆی ڕازی کرماشان ئەنجومەنی ئەدەبی‌و کوردیمان هەیە لەئیسلام ئاوا، هەروەها لەئەیوان غەرب، ئیلام، هەمانە.

وجودی خوێندکاران ئاگاداری خەڵك لەئاڵوگۆڕی جیهانی‌و وەرگێڕانی شیعری شاعیرانی وەك مامۆستا شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر، لەتیف هەڵمەت، هەمووی بووە بەهۆی پەرەسەندنی ئەدەبیاتی کوردی

لەرۆژهەڵاتەوە



کامیار حسامی

"هەڵواسراوم بەجەستەیەکی تابلێی ساردو سڕا"

نوسراوی سەر چاکەتی بێ بۆینباخی نوسەرێك

بەکەنار سەرزەمینی پڕ لەداخ‌و کەسەری مێشکێکی هیلاکی بێ ئۆقرەدا، هیچ کەسێك بەهیچ کەسێك باوەڕ ناهێنێت، لەدایکبووی نێو هاتوهاواری دابەشکردنی وڵاتێك بەسەر سێ نەتەوەی دژ بەخۆیدا، هەرگیز ناچێت لەبیرم: چەند نەوە هەر شەڕ، چەند نەوە هەر قوربانیی؟ کەی باوەڕ بەبونی خۆو بەبوونی ئەوی دی‌و ئەوانی دیکەش دێنین؟ کەی دەستپێدەکەین بۆ ئەوەی تاوێك ڕاستگۆ بین لەگەڵ خۆمان‌و لەگەڵ بەرامبەردا، دەم لەفێمێنیسم وەرنەدەین، کاتێك کە خانمانمان لەماڵەوە گیریان خواردبێت بەدەستمانەوە، مەرج نییە تەنها لێدان پێوەربێت بۆ چەوساندنەوەی ڕەگەزی مێینە لەژیانی ڕۆژانەماندا چ لەنێو خێزانی خۆمان‌و چ لەشوێنی کارەکانمان‌و چ لەنێو فامیلیدا بەگشتی. هەریەکەمان بەجۆرێك درۆ لەگەڵ خۆمان‌و دەوروبەرو بەرامبەرەکانماندا دەکەین، ئەگەرچی هاوسەر یان کەپڵ یان برادەرەکانمان بن....

لاڤ مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنەبوون لێنەدەین، ئەوکاتانەی کە هێشتان نەمانتوانیوە لەخۆماندا جێگا بۆ بچوکترین‌و سەرەتاییترین مافە مەدەنی‌و تاکەکەسیەکانی (indevidual rights) بکەینەوە، یەکێك لەهەرە بنەماترین مافە مەدەنیەکان بریتی دەبێت لەقبوڵکردنی بەرامبەر وەك تاکەکەس‌و خاوەنداری ئەو بۆ کۆمەڵێك هەڵسوکەوت‌و شێوەی جیاوازی ژیانکردن، مەرج نییە بەرامبەر وەك من بیربکاتەوەو وەك من هەڵسوکەوت بکات، هەرگیز وانەکەین کە بەردەوام بەدوای خاڵی لاوازی بەرامبەرماندا بگەڕێین تاکو مەکانە یاخود پێگەی کۆمەڵایەتی خۆمانی پێ بەرزبکەینەوە، لەڕاستیدا ئەوڕۆکە جیاوازیەکانی بەرامبەر لەلای هەریەکێك لەڕۆشنبیران‌و نوسەرانی ئێمە بەتەواوەتی تاقەت فەرساو توانا پڕوکێنەو پێمان هەرس ناکرێت، هەربۆیەش هەندێجار بۆ ئەم مەبەستەو بەدواداچوونی کونج‌و کەلەبەری ژیانی تایبەتی دەوروبەرو بەرامبەر وامان لێدێت ماوەیەکی درێژ بێ باك لەبەرامبەر مەسەلە هەنوکەیی‌و هەستیارەکانی هەلومەرجی سیاسی ئێستای نەتەوەکەم‌و ئەو هەنگاوانەی کە لەئێستادا ئەو ناوچەیەی منی پێدا تێدەپەڕێت، لەوانەش دەکرێت هەلومەرجی باشوور جۆرێك بخوازێت زۆر جیاواز بێت لەتەك هەلومەرجی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵات‌و پارچەکانی دیکەش بەگشتی.

هەندێ جار وامان لێدێت مامەڵەیەکی بازرگانی لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆماندا ئەولەویەتی دەبێت بەسەر بەرژەوەندیە نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئیقلیمیەکانیشدا... دواجار پێویستە بپرسین: "تاکەی لەسەر حسابی ناشرین کردنی دیگەران هەوڵی جوانکردنی خۆمان بدەین؟".

ساتێك لەگەڵ خوێندکارە میوانەکانی زانکۆدا

ئا/ عەبدول

دیارە مێژووی دامەزراندنی زانکۆکانی کوردستان، بەبەراورد لەگەڵ زانکۆکانی تری وڵاتانی دەوروبەر ئەتوانین بڵێین نوێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك هەنگاوی جدیو بەرچاوی ئەوتۆی ناوە، دەتوانین بڵێین لەو بوارەدا خۆی لەشانی زانکۆکانی دەوروبەری خۆی داوە.

هەربۆیە بەخۆشحاڵیەوە زانکۆکانی کوردستان (سلێمانی، سەلاحەدین) ژمارەیەکی لەخوێندکارانی کوردستانی خۆرهەڵاتو خۆرئاوای وەرگرت، ئێمەش بەمەبەستی زیاتر ئاشنابوون بەبارودۆخی ئەو خوێندکارانەو پاڵنەری هاتنیان بۆ زانکۆی سلێمانی ئەم ریپۆرتاژەمان بۆ ئامادەکردون.

بەیانی زوو چووینە بەشی ناوخۆی خوێندکارە کوردەکانی کوردستانی خۆرئاوا (سوریەکان)، بەدەم چا خوادرنەوەو جگەرە کێشانەوە سەرگەرمی خوێندنەوە بون، دوانیشیان جێگاکانیان هەڵدەگرت، راستەوخۆ خۆم پێناساندنو بەخۆشحاڵیەوە داوای چاوپێکەوتنەکانیان قبوڵ کرد.

هەموو ئەو خوێندکارانەی سوریا بەهۆی رووداوەکانی بەهاری ساڵی رابردوو لەشارەکانی قامیشلو حەسەکە لەزانکۆکانی سوریا فەسڵ کراون، بەتۆمەتی بەشدرای کردن لەخۆپیشاندانەکانو چالاکی سیاسی.

سەرەتا **محەمەد مەحمود** بەشار قسەی بۆ کردین، ئەو خوێندکاری بەشی زمانی فەرەنسی بوو، لەزانکۆی دیمەشق ئێستا لەبەشی عەرەبی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوە.

وتی دوای ئەو رووداوانە هیچ بوارێکی خوێندنمان لەبەردەمدا نەما، هاتینە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە لوتفی لەگەڵ ئێمەدا کردو، نەیانهێشت داهاتومان بەهەدەر بڕوات.

محەمەد دەڵێ زۆر لەمامەڵەی مامۆستاو خوێندکاران رازیمو هاوکاری باشمان دەکەن، سوپاسی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانو یەکێتی قوتابیان دەکەم کەزۆر بەدڵ فراوانیەوە هاوکاریان کردین.

ئەو خوێندکارە سورییانە بەلایانەوە گرنگ نیە لەچ کۆلێژێك وەرگیراون، هەموویان کۆکن لەسەرئەوەی گرنگە بتوانن لەداهاتوودا خزمەت بەخەڵکی کوردستانو شوێنی خۆیان بکەن (**محەمەد حەمۆ**) لەبەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی دیمەشق بووە، ئێستاش لەبەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانیە، وتی هیچ هەست بەغەریبی ناکەمو لای ئەو قامیشلو سلێمانی جیاوازیان نیە.

زۆر سوپاسی هاوکاری هاورێکانی دەکات، دیارە لەجەژندا خەڵکی لەهەر کوێیەك بن حەز دەکەن لەگەڵ خێزانەکانیاندا جەژن بکەن.

بەڵام ئەم خوێندکارە سوریانە ئەو بوارەیان بۆ نەڕەخساوە، بۆیە لەگەڵ هاورێکانیان جەژنی رەمەزانیان کردووە، محەمەد وتی بۆ جەژن چوینە ماڵی هاورێیەکمان لەئۆردوگای (باینجان)، هیچ هەستمان بەغەریبیو تەریق بوونەوە نەکرد، وامانزانی لەماڵی خۆماندااین ئەوان بۆیان باسکردین کەئەم ئۆردوگایە یەکێکە لەبەرهەمی سیاسەتە پەیڕەو کراوەکانی بەعس دژی گەلی کورد، کە لەسەرەتای هەشتاکاندا، زۆربەی گوندەکانی کوردستانی داگرتو خەڵکەکەی لەم ئۆردوگا زۆرە ملێیەدا جێگیر کرد.

محەمەد تۆزێ باسی سیاسەتی حکومەتی سوریای بۆ کردین دژ بەگەلی کورد لەو وڵاتە، وتی گەرچی لەوێ کیمیابارانو ئەنفال نەبووە، بەڵام تەعریبو تەرحیلو دورخستنەوە یەکێك بوو لەسیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی بەعسی سوریا لەدژی گەلی کورد، کەس بۆی نەبووە بەزمانی کوردی قسە بکات، حکومەتی سوریا بەرنامەی هەبووە بۆ پیادەکردنی ئەو سیاسەتانەی خۆی.

گەورەترین کێشەکە رووبەڕووی ئەم خوێندکارە کوردانەی سوریا بۆتەوە لەزانکۆدا، شارەزا نەبوونە لەزمانی کوردی چونکە ئەوان لەوڵاتی خۆیان بەعەرەبی خوێندنیان تەواو کردووە بۆیە بڕیارە ئەوان لەتاقیکردنەوەی فەسڵی یەکەمدا بەعەرەبی وەڵام بدەنەوەو بۆ فەسڵی دووەم بەکوردی.

داوای ئەوە لەرێکخراوە خوێندکارییەکان دەکەن، کەلەمەودوا بەرنامەیان هەبێ بۆ پێشوازی کردنی خوێندکاری دەرەوەی کوردستان دخولی فێربونی زمانی کوردیان بۆ بکەنەوە بەتایبەت شێوە زاری سۆرانی ، چونکە ئەوان بەکرمانجی هیچ کێشەکیان نیە.

ئەو خوێندکارانە تەنها بۆ تەواوکردنی بڕوانامەی بەکالۆریوس نەهاتون بەڵکو دوان لەوانە (**برایمو هاورێیەکی**) بەنیازن لەخوێندنی باڵای کۆلیژی کشتوکاڵ وەربگیرێن، چونکە ئەوان بەشی خاکو چاکردنی زەویو زاریان لەزانکۆی دیمەشق تەواوکردووە.

سەبارەت بەپەیوەندی نێوان خوێندکارانی کوڕو کچ لەزانکۆدا **مەسعود** (**میشۆ**) کەلەکۆلیژی ئەندازیاری بەشی بیناکاری وەرگیراوە پێشتر خۆی لەقۆناغی سێهەمی کۆلیژی ئەندازیاری میکانیك بووەو فەسڵ کراوە، وتی پەیوەندی و تێکەڵاوی خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان کەمترە لەچاو زانکۆکانی سوریا لێرە کوڕان لەکچان دەترسن، بەڵام لەسوریا وا نیە تێکەڵاوییەکە زۆرترە.

هەموو ئەو خوێندکارە سوریانە لەڕێگەی ئیمەڵو ئینتەرنێتەوە پەیوەندی بەخێزانو خانەوادەکانیانەوە دەکەن، دەڵێن سەرەتا زۆر زەحمەت بوو، بەڵام ئێستا ئاسایی بووەو لەگەڵ بارودۆخەکە راهاتوین، هەندێکیان رۆژانە یادگارەکانیان دەنوسنەوە، سەردانی هەولێرو دهۆكو هەڵەبجەشیان کردووە، ئەوان دەڵێن کارەساتی هەڵەبجە لای کوردی سوریا سەدای خۆی هەیە وەیەکێك لەو خوێندکارانە وتی یەکەم جار کەهاتمە هەرێمی کوردستان خوێندکارێکی هەڵەبجەم ناسی. ئەو ناوە خورپەیەکی بەدڵدا هێنامو ئەو کارەساتە جەرگ بڕەی بیرخستمەوە.

خوێندکارانی ئێرانیش بەشێکی تر لەو ژمارە خوێندکارەی هاتونەتە زانکۆکانی کوردستان.

لەزۆربەی بەشو کۆلیژەکانی زانکۆ وەرگیراون بەڵام ئەوان ئەو کێشانەی خوێندکارە سوریانەیان نیەو باشترن.

تەنها کێشەیەك کەهەیانە مەسەلەی دواکەوتنە لەوانەکانیان، چونکە هەندێکیان درەنگ وەرگیراونو ناویان هاتۆتەوە یاسین ئەحمەد لەشاری بانەوە هاتووەو لەکۆلیژی پزیشکی گشتی وەرگیراوە، دەڵێ زۆر دواکەوتوم لەوانەکانم، ناتوانم کۆنترۆڵیان بکەم، لەگەڵ هاورێیەکم حاڵی وەك من وایە دوای دواخستنی چەند تاقیکردنەوەیەکمان کردووە بەڵام هێشتا وەڵامیان نەداوینەتەوە، هاورێیەکی هاوپۆلی ناوی سەیوان خاتەمیە، لەتاران دادەنیشێ سوپاسی لوتفی زانکۆکانی کوردستانیان کرد، کە ئەوانیان وەرگرتووە..

سەیران گلەیی ئەوەی هەیە کە لەهاورێکانی لەبەشی ناوخۆیی جیاکراوەتەوەو حەز دەکات لەگەڵ هاورێ ئێرانیەکانی بێ، پێی وایە کلتورو فەهمی ئەو کەمێك جیاوازە لەگەڵ خوێندکاری کوردستان، لەوانەشە هەندێ کار کێشە دروست ببێت.

رەخنەی ئەوەشی هەیە کەخوێندکاران ئەوەندەی گرنگی بەجلوبەرگی ماکیاج دەدەن ئەوەندە بایەخ بەخوێندنەکەیان نادەن، پێی وایە لاساییکردنەوەی ئەوروپا بەجلوبەرگ نابێ بەڵکو بەفیکرو زانست دەبێ.

سەیران بۆیە حەز دەکات لەگەڵ هاورێکانی وڵاتی خۆی بێ چونکە پێنجشەممەو هەینی خوێندکارەکانی هاورێی جێی دەهێڵنو بەتەنها دەمێنێتەوە..

ئەوان دەتوانن بەتەلەفۆن قسە لەگەڵ خێزانەکانیان بکەنو لەکاتی گونجاویشدا سەردانیان بکەنەوە، بەڵام خوێندکارانی سوریا ناتواننو بۆ یەکجاری هاتونەتە کوردستان، تا بارودۆخی سوریا بەلایەکدا نەکەوێ ناتوانن بگەڕێنەوە، نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ لەهیچ شارێکی کوردستانی سوریا زانکۆ نیەو هەر چوار زانکۆکەی ئەو وڵاتە لەشارە عەرەبییەکاندایە.

ڕێکخراوەکانی ژنان و نوێنەرایەتی ژنان لەپەرلەماندا

ئا/ هێشو جەمال

پەروین جەلال:

لەگەڵ ئەوەدا نیم کەژمارەیەکی زۆری ئافرەت لەپەرلەماندا بێت هەر شوێن و کورسی بگرێت بۆ داکۆکی کردن نەبێت،

ئایا ژنان رێکخراوەکانی ژنان خۆیان چۆن سازداوە بۆ بەشداری کردن لە پەرلەماندا، ئایا هەر بەشێك دەبن لەسیاسەتی حیزبەکانیان یان بەشێك دەبن لە بزافی ژنانو داکۆکی لەمافەکانیان دەکەن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەمە بە پێویستمان زانی رای چەند هەڵسوڕاوێکی بزافی ژنان وەربگرین.

خاتوو (**تابان شێخ عەبدوڵلا گەرمیانی**) لەیەکێتی ژنان لێمان پرسی:

ئایا بەشی پێویست هەڵسوڕاوی ژنانمان هەیە کەبتوانن خزمەت بەمەسەلەی ژنی کورد بکەن لە پەرلەماندا؟

لەوەڵامدا وتی: لەو رووەوەی کەئەو رێژەیەی کەحیزبەکان دایانناوە بۆ نوێنەرایەتی ژن لەپەرلەماندا، ژنانێك هەن لەڕووی رابەرایەتی کردنی دەزگای ئیداری خاوەن بڕوانامەو کەسایەتی ناسراوی خاوەن بڕوانامەن کەپێم وایە ئەو ژنانە دەتوانن خزمەتی ژن بکەن بەتایبەتی ژنانی بواری یاسای و کۆمەڵناسی کەژن بۆ خۆی کێشەی یاسایی و کۆمەڵایەتی هەیە لەئەمڕۆی لەکۆمەڵدا.

خاتوو **پەروین جەلال** (کارگێری لقی یەکێتی ئافرەتان). لەوەڵامی پرسیارێکدا کە لێمان پرسی: پێت وایە بوونی ژنی بەڕێژەی زۆرو سستی زۆر بەخزمەت کێشەی ژنان دەکەن؟

پەروین خان رای وابوو: لەگەڵ ئەوەدا نیم کەژمارەیەکی زۆری ئافرەت لەپەرلەماندا بێت هەر شوێنو کورسی بگرێت بۆ داکۆکی کردن نەبێت، واتە شوێنەکەی خۆی پڕ بەپێستی خۆی پڕ نەکاتەوە من پێم باشە کەمترین ژمارە لەئافرەت بەشداری بکات بەڵام ئەو کەمە شوێنی زۆرینە بگرێتەوە دەنگی زۆرترین ئافرەت بگەیەنێ لەگەڵ کێشەکانی ئافرەتدا بێتو بتوانێت چارەسەر بۆ کێشەکانیان بدۆزێتەوە.

لەمیانەی پرسیارێکی تردا بۆ خاتوو **تابان** کە ئایا دانانی ژنان لەپەرلەماندا لەسەر بنەمای ناوچەیی بێت یان بنەمای چالاکیو توانای؟.

تابان وتی: بەجۆرێکیان لەسەر ئاستی ناوچەیی باشە. بەتایبەتی ناوچە دوورە دەستەکان. کە ئەو ژنە دەتوانی دەنگی ئەوان بێت لەپەرلەماندا. کەمن پێم وا نیە ژن نەبێت ئاشنای لەگەڵ گیروگرفتەکانی ژناندا نەبێت بەتایبەتی ئەگەر ژنی بتوانی خۆی کاندید بکات. ئەگەر دەنگی ژن نەبێت وەکو رەگەزەکەی خۆی. ئیتر بوونی ئەو لەپەرلەماندا دەبێت چ مانایەك ببەخشی. لەگەڵ ئەوەشدا تواناو لێهاتوی ژن رۆڵی سەرەکی دەبینێ بۆ شوێنێکی وەکو پەرلەمان کەئەو ژنە وەکو دەنگو رەنگی ناوچەیەك دەناسرێت کەتا چەند دەتوانی قسە لەسەر مافە سیاسیو کۆمەلایەتیو یاسایەکانی ژنانی ناوچەکەی بکات. وە من بۆ خۆم بڕوام وایە لەهەر جێگایەك ژنێکی بەتوانا نەبوو نوێنەرایەتی ژن بکات با پیاوێك بەناوی ژنانەوە نوێنەر بێتو قسە بکات، ئەی ئایا کەم پیاو هەیە لەچەند ژنێکی لاواز باشترو داکۆکی لەمافەکانی ژن دەکاتو بڕوایشی پێی هەیە وەئەگەر هەر نەبوو ئاساییە ژنی ناوچەیەکی تر ئەو رێژە پڕ بکەنەوە. چونکە نوێنەرایەتی ژن دەکات لەهەر جێگایەك بێت. بەمەرجی کاندیدی ژن خۆی بێت نەك لەسەر بنەمایی حزبیو پیاو تەزکیەی بکات لەئەوێدا.

خاتوو بێخاڵ ئەبوبەکر (ئەندامی سکرتارییەتی یەکگرتوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان) سەبارەت بەوەی کە ئایا رێکخراوەکەتان کاندیدی خۆی هەیە بۆ پەرلەمان؟ وە ئایا لەکاتی هەڵبژاردنیاندا رۆڵی لەڕێکخراوەکەتان کەم نابێتەوە، ئەگەر ژن لەناوەندی دەسەڵاتی یاسادانانددا بێت؟

خاتو بێخاڵ پێی وابوو: کەبێگومان رێکخراوەکەمان، لەسەر ئاستی عێراقو کوردستانو پارێزگا کاندیدی لێهاتووی خۆی پێشکەشکردووە.

بەڕای ئێمە، رێکخراوەکانی ژنانە پێویستە کەناڵێك بن بۆ ئامادەکردن و بەتواناکردنی ئەندامی لێهاتوو بۆ چوونە ناو گۆڕەپانی کاری سیاسیو ناوەندی بڕیار، لەبەرئەوە بەچالاکی ژنان لەپەرلەماندا هەرگیز رۆڵی رێکخراوەکان کەم نابێتەوە، بەڵکو زیاتر جێ دەستی خۆیان بەئامادەکردنی کەسانی بەتوانادا، دەنەخشێنن.

هەموویان پێیان وابوو:

ئەو ئافرەتانەی کەخۆیان هەڵدەبژێرن داکۆکی لەئافرەت بکەن، هەر گەیشتن نەبێت بەپۆستو تەنها کێشەکانیان بیر بچێتەوە، وەکو خۆی ئاگاداری لەمواعاناتی هەموو ئافرەتێ هەیە، لەفەرمانبەرێکی ئافرەت. تا ئافرەتێکی ماڵەوە بەکارکردەی داکۆکی لەکێشەکانیان بکات.

لەکۆتاییدا

ئەوە ماوەتەوە بڵێین، خۆزگە کاندیدەکانی ژنان لەپەرلەماندا، رۆڵی کاریگەریان هەبێت لەداکۆکیکردن لەکێشەکانی ژنانو دۆزینەوەی رێگە چارەو پەستان خستنە سەر پەرلەمان بۆ دەرکردنی یاساو بڕیاری تازە سەبارەت بەکێشەکانی ژنانو ئافرەتان باکاندیدەکانمان تەنها بۆ پڕکردەوەی کورسیە بەتاڵەکان نەچنە پەرلەمان یا بەقەد گفتو پەیمانەکانیان بن کەپێش هەڵبژاردن دەیدەن، خەباتی چەند ساڵەی ئافرەتی کوردیو رێکخراوەکان لەیاد نەکەن بۆ گەیشتنی ئافرەت بەر پۆستە بگرە درێژە بەخەباتەکە بدە.

گەڕەکی شەهیدانی سەرچنار

نەبوونی ئاووکارەبا، هاوڵاتیانی بێزار کردووە

بەدواداچوونی: محەمەد ڕەزا

لەبری ئەوەی بەم زستانە کە هەر لەسەرەتای پایزەوە برە بارانێکی زۆرباریو ئێستا حەوزی ئاوی سەرچنار وەك پێویست ئاوی زۆری تێدایە، هەموو ماڵێك بەیەکسانی لەڕێگەی ئەو بۆریانەوە کە بۆ ماڵەکانیان راکێشراوە ئاویان بگاتێ، یان وەك پێویست شار بەگشتی کارەبای پێویستی هەبێتو هەر ڤیدەرەو یان هەر گەڕەکە بەیەکسانی کارەبای لێ بکوژێننەوە یان کارەبای بدەنێ بەڵام بەپێچەوانەی ئەو یاساو ڕێسایانەوە، کەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەری کردووە بۆ هاوڵاتیان بەگشتی، ماوەیەکە زۆرێك لەو ماڵانەی شەهیدانی سەرچنارو بەتایبەتی ئەو گەڕەکەی پێی دەگوترێت گەڕەکی محاویلەکەی **حاجی عومەر** کەنزیك تەجنیدە کۆنەکەی سەرچنارە بێ کارەباو ئاوی پێویست ژیان دەگوزەرێنێو چەندین جار دەزگا پەیوەندیدارەکانیان ئاگادارکردۆتەوە بەڵام سودی نیە، ئیدی نازانرێت هۆکارەکەی چیە، هاوڵاتیانی ئەم گەڕەکەی شەهیدانی سەرچنار بێ بەشن لەئاووکارەبا، ڕۆژنامەی چاودێر بەچاکی زانی وەك کاری هەمیشەیی کێشەکانی ئەو هاوڵاتیانە بخاتەڕوو، بۆ ئەو مەبەستە بەدواداچوونێکمان ئەنجامداو سەرەتا چەند هاوڵاتیەکی ئەم گەڕەکەمان بەگشتی دواندو هەموو لەزاری خۆیانەوە نارەزاییان بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەردەبڕی. بفەرمون بۆ خوێندنەوەی ئەم بەدواداچوونە:

*هەر لەدەستپێکی بەدواداچونەکەماندا هاوڵاتیەکی یەگجار زۆر نارەزایی زۆریان دەربڕی سەبارەت بەوەی کەزۆر گەڕەکەکەیان بێ کارەبایەو زۆربەی ماڵەکان وەك پێویست ئاوی خواردنیان نیەو زۆربەیان سەرقاڵی دابینکردنی ئاون کە ئەمە خۆی لەخۆیدا کارێکی باش نیەو نیگەرانیەکی زۆری لای نیتشەجێ بوانی گەڕەکی شەهیدانی سەرچنار دروستکردووە، ئێمە لەو بارەیەوە زۆرمان بیستو خەڵکی زۆر نارازییان دەردەبڕی بەڵام لەریپۆرتاژێکی ئاوادا ناکرێت ئەو هەموو هاوڵاتیە ناوەکانیانو دەقی ئاخاوتنەکانیان تۆمار بکرێت لەسەر پانتای لاپەڕەی ئەم رۆژنامەیەو قسەی هەموانیان بەتێکرا بخەینەڕوو، بەڵام پوختەی نارەزایی چەند هاوڵاتیەك دەخەینەڕوو سەبارەت بەکێشەی گەڕەکەکەیان کەهەموویانی بێزار کردووەو سەرەتا لەو بارەیەوە (**رزگار مەلا عومەر**)ی فیتەر کەدانیشتوی گەڕەکی (محاویلەکەی حاجی عومەر)ە بۆمان دواو گوتی:

–کاکە تەماشاکەن ئێمە ئەوە یا پرسەمان هەیەو شەوو رۆژ دۆستو خزموبرادەرانمان دێنە لامان بۆ سەرەخۆشی لەلایەك کارەبا نیەو لەلایەکی تریشەوە ئاو ئەو چوار پێنج رۆژە نیە، ئایا بۆچی وامان لێ دەکەن کارەبای سەرچنارو ئاوی سەرچنار، گوایە ناتوانن ئەم کارەبایە بۆ ئەم خەڵکە چاك بکەنەوە، ئێستا چی زۆرە لەبەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی موەلیدەو تەلی عامودو هەموو پێداویستیەکی کارەبا، یان لەوە ئەچێت ئێمە بەشمان نەبێت بەژیانەوە، یان کێ لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو میراوەی ئەم گەڕەکەدا ئەکات کە بەئارەزووی ئیجتیهادی تایبەتی خۆی ئاو بەردەداتەوە بۆ ئەم خەڵکەو مێش میوانی نیە بەڕاستی هەرگیز حکومەت لەم کاتەدا بەتایبەتی ئێمە دڵنیاین پێی خۆش نیە ئاوا لەخەڵکی بکەنو پێم وایە حکومەت بەوە نازانێت کەگەڕەکێك لەناو شارێکی وەك سلێمانیدا پشت گوێ بخرێتو کەس لای لێ نەکاتەوە بۆیە داوا لەبەرپرسانو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین گوشار بخەنە سەر بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانیو ئاوی سلێمانی ئەو خەڵکە رزگار بکەن. لەم کێشەیەو زۆر سوپاس.

نەنە ئامین کانی سپیکەیی:

–بەخوا حکومەت نازانێت ئەمانە وامان لێ ئەکەن، باشە خوا بەرداری هەیە نیوەی خەڵکی ئامێرە کارەباییەکانی سوتاو توشی زیانی گەورە هاتون، ئەم کارەبایە بۆ وا دەکات بۆچی بەتەنیا ئێمە بێبەش بین لەڕووناکی کارەبا کەزۆربەمان خاوەن شەهیدو خەباتینو مافی خۆمانە سکاڵا بەرز برکەینەوە بۆ خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان، چونکە حکومەت ئەوەتا هەر خەریکی ئاوەدانکردنەوەی گوندو شوێنەکانە بەگشتی قەت پێی خۆش نیە لەشارێکداو لەهاوینەهەوارێکی وەك سەرچناردا ئەم خەڵکە ئاوا لێ بکەن، یان بەم زستانە ئەبێت ئاوا خەڵکی بێ ئاو بێت ١٠ رۆژ زیاترە بۆرییەك لای قۆریو پیاڵەکە شکاوە، ئەو ئاوە جوانە بەهەدەر دەڕوات لەکاتی ئاو بەردانەوەدا بۆ گەڕەکەکانی لای قۆریو پیاڵەکە ئایا دڵسۆزێك نیە دڵی بەئیشەکەی خۆی بسوتێتو چاکی بکاتەوە ئەی (صیانە) ئیشی چیە، بەخوا هەقە هەمویان فەسڵ بکەن چونکە ئەوانە دڵیان بەکەس ناسوتێتو دەیانەوێت موچەی بەلاش وەربگرن.

*جگە لەوەی زۆرێك لەخوێندکاران لەو گەڕەکەدا هەموو بەتێکڕا دەیانگوت شەوانە ناتوانین کۆشش بکەین بەهۆی نەبوونی کارەباوەو رۆژگاریش دەبێت بچین بۆ قوتابخانە، داوایان دەکرد بەرپرسانو دەزگا پەیوەندیدارەکان ئەم کێشەیەیان بۆ چارەسەر بکات، بۆئەوەی دوانەکەون لەکۆشش کردن، هەروەها (**محەمەدی مەلا ڕەزا**) بەهەمان شێوەی ئەو خەڵکە بەنارەزاییەوە قسەی بۆ کردینو دەیگوت:

–بەڕاستی خەڵکی ئەم گەڕەکە هەمووی مەغدورەو خەڵکی هەژارە تاکو ئێستاش لەزۆربەی خزمەتگوزاریەکان بێ بەشو سەرباری ئەوە بێ کارەباییو بێ ئاوی گەڕەکەکەی بێزار کردووە، دەبینیت هەر لەچوار دەوری خۆمانو لەخوار خۆمانەوە ئەو ماڵانەی کارەباکانیان باشەو محاویلەکانیان وەك ترافیك لایتی لێ نەهاتووە، بەچوار دەوری ماڵەکانیاندا چراخان دروست کراوەو بێ گوێدان بەسەرف کردنی کارەبا. ماڵ هەیە زیاتر لە ٥٠ گڵۆپی بەچوار دەوری ماڵەکەیدا لەهەمەڕەنگ داناوە هەق وایە لیژنە بۆ ئەو ماڵانە دەربچێتو بەتوندی سزای یاسایی بدرێنو غرامەی پێویستیشیان بۆ بکەن، بەڵام دیارە دەزگاکانی کارەبا بێ ئاگان لەهەردووکیان، لەوەی کەگەڕەکێك کارەباکەی وەك ترافیك لایت کاردەکات یان هەر نیەتی هەزاران ماڵیش چوار دەوری ماڵەکەی بەدەیان گڵۆپی تیا (نصب) کراوەو قوتی کارەبای هاوماڵو هاوزمانەکەی دەخواتو هێندە غرورە تەنانەت بۆ بلبلو مریشکەکانیش بەتایبەتی کارەبای بۆ راکێشاون.

*وەکو لەسەرەتادا باسمانکرد، ئەگەر دەیان کەسی دیکەش لەوبارەیەوە بدوێنین هەمان بیروبۆچونی ئەوانەی کەقسەیان کردووە یەکسان پێ دەگرێتەوەو گازەندەو گلەیی دەکەن لەو کێشەیەی ماوەیەکی دیاریکراوە بەرۆکی گەڕەکەکەیانی گرتووە، پاشان زۆر هەوڵماندا کاکی میراوی گەڕەکی ناوبراو ببینینو لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵدا بکەین کەبەئارەزووی میزاجی خۆی ئاو بۆ هاوڵاتیانی ئەو گەڕەکە بەرئەداتەوە، بەڵام نەماڵیمان دۆزیەوەو نەچاویشمان کەوت بەدیداری، بەڵام لەکاتێکدا کەدەبیستێت کێشەکە بەزەقی کەوتۆتە زاری هاوڵاتیانی گەڕەكو رۆژنامەش لەگۆڕێیە، بەهێمنیو لەسەرخۆ بەخۆیو کلیلی کردنەوەی قفڵی ئاوەکەیەوە رووەو چاڵی قفڵەکە دەچێتو چەند ژنێکی گەڕەکەکە بەدیدەکەنو لەوبارەیەوەسەرزەنشتی دەکەنو قسەی لەگەڵدا دەکەن، ژنێك کە نەیدەویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات پێی راگەیاندینو گوتی:– کاتێك لێم پرسی بۆچی ئەوە زیاتر لەسێ سەرە ئاوە ئاوی ئەم گەڕەکە بەرنادەیتەوەو خۆت شاردۆتەوە، لەوەلامدا کارمەندانی سەرچاوەی ئاوی سەرچناری تاوانبار دەکردو دەیگوت ئەو تەنکیانەی دانراون ئاویان تێدا نیە تاکو من بەری بدەمەوە، لەکاتێکدا ئەو قسانە تەنها پاساون بۆ کەمتەرخەمی خۆی لەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، بەڵام پێویستە ئەو میراوە وریا بکرێتەوە بۆئەوەی ئەرکەکانی سەرشانی بەجوانی جێبەجێ بکاتو کێشە بۆ هاوڵاتیانی ئەو گەڕەکانە دروست نەکات.

*سەبارەت بەتێکچونی کارەبای هەمان گەڕەکیش چەند پیاوێکی رۆشنبیرو ریش سپی گەڕەکەکە بەناوی هەموانیانەوە سەردانی فەرمانگەی (صیانە)ی سەرچناریان کردبوو لەوەلامیاندا بۆ خەڵکی گەڕەکەکە هاوڵاتی (**مستەفا محەمەد ئەحمەد**) قسەی کارمەندانی فەرمانگەی (صیانە)ی سەرچناری بەم شێوەیە بۆ گێڕاینەوەو پێی گوتین:

–ئێمە کاتێك سەردانی (صیانە)ی سەرچنارو فەرعی بەردەکەمان کرد، لەسەرەتادا هەریەك لەوانە ئەوی تری تاوانبار دەکرد، بەڵام فەرعی بەردەکە سوربوو لەسەرئەوەی کەهیچ تاوانێکی ئەوانی تیا نیەو (سیگرەی تشغیل) چییان پێ بڵێت ئەوان ئەو کارە جێبەجێ دەکەن، پاشان ئەو بەرپرسەی لەفەرعی بەردەکە بوو دەیگوت زۆرجار پەیوەندیمان پێوە دەکەن فلان قاتع ببڕن یان فلان قاتع کەبڕاوە لێی بدەنەوە، ئێمە تەنها ئەمری سەرو خۆمان جێبەجێی دەکەین، بەڵام دوای ئەوەی بۆمان دەرکەوت محاویلەی ئەم گەڕەکەی شەهیدانی سەرچنار لەئێستا بەمەشخەڵان ناسراوە، لەنزیك تەجنیدە کۆنەکەی سەرچنار، گۆڕدراوەو دراوە بەشوێنی ترو گوایە محاویلەیەکی کەم توانا بووەو (تەحەمول)ی ئەو زەختنە زۆرەی نەکردووە بۆیە گۆڕدراوە، بەڵام ئەو پاساوە هیچ راست نیەو ئەوەی کەپێشتر لە کاردا بووە هیچ کەمکورییەکی نەبووەو لەوەتەی لایانبردووە کارەباکە تێك چووە، بۆیە داواکارین لەحکومەت ئەم کێشەیەمان بۆ چارەسەر بکەنو کارەباو ئاوەکەمان وەك جارانی لێ بێتەوە.

سەرنج

ئەم گەشتە رۆژنامەوانیەی کەبەدرێژایی چەند رۆژێك تیایدا خۆمان ماندوکرد لەپێناو خستنەڕووی کێشەی ئەم گەڕەکەدا ئەوەی بۆ سەلماندین، لەلایەك فەرمانگەی ئاوی سەرچنار کەمتەرخەمە لەوەی کەلێپێچینەوە ناکات لەگەڵ هیچ کام لەمیراوەکانو هەریەکە بەئارەزووی خۆی کارەکانی ئەنجام ئەدات، و زۆر سستی ئەنوێنن کاتێك بۆریەکی ئاو دەشکێتو ئاوەکە بەهەدەر ئەڕوات، لەلایەکی تریشەوە فەرمانگەی (صیانە)ی سەرچناریش کەمتەرخەم بەوەی شوێنە چاکەکان خراپ ئەکات بۆ شوێنیترو رەچاوی مافی رووناکی هاوڵاتیان ناکات لەگەڕەکو ماڵەکانیاندا، پێویستە دەزگا پەیوەندیدارەکان لەسەر مافی هاوڵاتیان رێنمایی وردی هەندێك لەو فەرمانگە خزمەتگوزاریانە بکەن کە کەمتەرخەمی ئەنوێنن.

ساڵیادی دەستگیرکردنی سەدامی دیکتاتۆرو هۆکاری زیادبوونی کردەوە تیرۆریستیەکان

ئا/ ژینۆ عەبدوڵڵا

ساڵێك لەمەوبەرو لەڕۆژێکی مێژوویی گرنگدا، لەلایەن باڵیۆز پۆل بریمەرەوە سەرۆکی پێشووی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانەوە لەعێراق بەڕەسمی دەستگیرکردنی سەدامی دیکتاتۆر راگەیەنرا.

لەگەڵ راگەیاندنی دەستگیرکردنی سەدامی دیکتاتۆر لەکوێرە دێیەکی ناوچەی (دۆر)ی شاری تکریتی زێدی دیکتاتۆردا، زۆربەی چاودێرانی سەربازی پنتاگۆن تەئکیدیان لەسەر کاریگەری دەستگیرکردنە کە دەکرد لەسەر کەمبونەوەو بنەبڕکردنی کارو کردەوە تیۆرستیەکانی ناو عێراق بەڵام ئەو بۆچوونە تەواو پێچەوانە دەرچوو چونکە دەستگیرکردنی سەدام نەکاریگەری هەبوو لەسەر کەمکردنەوەی کارو کردەوە تیرۆرستیەکان بەڵکو رۆژ ڕووی لەزیادبوون کردو بەگوێرەی ئامارێکی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا کەڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز بڵاویکردۆتەوە لەپێش دەستگیرکردنی سەدامی دیکتاتۆردا ژمارەی ئەو سەربازانەی هێزەکانی ئەمریکا کە کوژراون لەکاتی پرۆسەی ئازادی عێراق تەنها ٧١٥ سەرباز بوون بەڵام لەدوای دەستگیرکردنەکەوە ئەو ژمارەیە گەیشتۆتە ١٣٠٠ سەرباز.

لەمیانەی ئەو چەند لێدوانەی (چاودێر) وەریگرتووە دەربارەی هۆکاری زیادبوونی کردەوە تێکدەرو تیرۆرستیەکان لەدوای دەستیگرکردنی دیکتاتۆریشەوە، ئەو راستیە بەرجەستە بووە کەبەهۆی ئەوەی عێراق بۆتە بەدەی یەکەمی تیرۆر لەجیهانداو زۆربەی ئەو وڵاتانەی دالدەی تیرۆریان دەدا هاوسێی عێراقنو بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێکانیان لەگەڵ ئیرادەی کۆشکی سپیدا خاکی عێراقیان هەڵبژاردووە.

رژێمەکەی بەعس خۆی پشتیوانیو یارمەتیو دالدەی باندو گروپو رێکخراوە ئیسلامیە ئوسولیەکان دەدات هەر بۆیە ئەو باندوگروپانە نایانەوێو رازینابن حکومەتێکی دیموکراتیو ئازاد لەعێراق پێکبهێنرێ، ئەمەش رایەکیتر بوو کە (چاودێر) لەمیانەی لێدوانەکاندا وەریگرتبوو.

بەهات حەسیب قەرەداغی مامۆستای بەشی رۆژنامەنووسی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی وای دەبینێ رژێمەکەی سەدام خۆی لەخۆیدا رژێمێکی تیرۆری نێودەوڵەتی بوو یارمەتی دارایی پێشکەش بەگروپە تیرۆریستیەکان دەکردو پشتیوانیو هاوکاری دەکردنو هەموو باندە تیرۆریستیەکانیش بەهەموو شێوەکانیانەوە بەهۆی ئەو یارمەتیو داراییەی رژێمەکەی بەعس پێشکەشی دەکرد ئەوان خۆیان بەقەرزاری سەدام دەزاننو ئێستاش ئەو یارمەتیانە بەردەوامبوون بۆ ئەو باندانە چونکە سەرانی رژێمەکەی بەعس خاوەنی ملیارەها دۆلارن کەبەشێوەیەکی ناشەرعی کۆیان کردۆتەوە لەبانقەکاندا.

مامۆستا بەهات هۆکارێکیتری زیادبوونی کارو کردەوە تیرۆرستیەکان دەگێڕێتەوە بۆئەوەی بەهۆی ئەوەی ئێستا ئەمریکا بۆتە سمبولی دژایەتیکردن لەجیهانداو هێزەکانی ئەمریکا هاتوونەتە ناوجەرگەی وڵاتانی دالدە دەرو بەرهەمهێنی تیرۆرەوە لەعێراقو ئەفغانستانو نزیکیشە لەسەرچاوەی تیرۆرەوە بۆئەوەی خۆیان بپارێزنو شەڕی خۆیانو ململانێکانیان لەخاکی عێراقدا لەگەڵ ئەمریکا یەکلادەکەنەوەو هەروەها هەڵوەشانەوەی وەزارەتی بەرگریو هەندێ دامەزراوە هۆکارێکیترە چونکە بۆشاییەکی ئەمنی دروست بوو سنورەکان واڵاکرانو چەکێکی زۆر کەوتە دەستی کۆنە بەعسیو باندە ئیسلامیەکانو قاچاخچیەکانی چەك کە ئەمشە ئەوەندەیتر کاریگەری هەبووە لەسەر زیادبوونی کارە تیرۆریستیەکان.

بەهات حەسیب نەزانینی مامەڵەکردنی هێزەکانی ئەمریکا لەگەڵ چینو توێژەکانی کۆمەڵانی عێراقداو دروست بوونی نارەزایی زۆریش لەلایەن عێراقیەکان لەسەر هەندێ مامەڵەی نەشیاوی هێزەکانی ئەمریکاو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەتیرۆریستان ئەو هەلە بقۆزنەوەو درێژە بەدژایەتیکردنی هێزەکانی ئەمریکا بکەن.

هاوکارینەکردنی وڵاتانی دراوسێی عێراق بەشێوەیەکی گشتی لەچەسپاندنی ئەمنو ئاسایشداو کۆنترۆڵ نەکردنی سنورەکانیان کەڕۆژانە دەیان تیرۆریست دزە دەکەنە خاکی عێراقەوە یەکێکە لەهۆکارەکانی زیادبوونی کردەوە تیرۆرستیەکان دوای دەستگیرکردنی دیکتاتۆریش، ئەمە وتەی **ئومێد عوسمان** (نوسەر)ەو ئەو هێما بۆ ئەوەش دەکات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەك پێویست هاوکاریو یارمەتی عێراق ناکات بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی ئەمنو نزیك بوونەوەی وادەی هەڵبژاردن پێکهێنانی وڵاتێکی ئازاد لەناوچەکەدا لەبەرژەوەندی تیرۆریستاندا نیەو هەربۆیە دەبینین پەلامارو هێرشەکان روو لەزیادبوونە.

ئومێد عوسمان ئاماژە بەنزیکبوونەوەی وادەی دادگایکردنی سەدامی دیکتاتۆر دەکاتو رونیکردەوە کەکۆنە بەعسیەکان دەیانەوێ بیسەلمێنن کەبەدەستگیرکردنی سەدامی تاوانبار کۆتایی نەهاتوون.

ڕێباز جەلال کەمامۆستایە لەقەرەداغ هاو رایە لەسەر ئەوەی کەوڵاتانی دراوسێ کاریگەری نێگەتیڤانەیان هەیە لەسەر زیادبوونی کردەوە تیرۆریستیەکان لەدوای دۆزینەوەی سەدامەوەو دەڵێ:–

حکومەتی دیمەشق کەلەسەر بنەمایەکی شۆفێنی دروست بووەو لەترسی ئەوەی گۆڕانکاری وڵاتەکەی خۆی نەگرێتەوە یارمەتی کۆنە بەعسیو ئیسلامیە ئوسولیەکان دەکاتو حکومەتی (تاران)یش بەهەمان شێوە بۆئەوەی خۆی رزگار بکات لەقەیرانە دەرەکیەکانی رووبەڕووی بۆتەوە دەست وەردەداتە کاروباری ناوخۆی عێراقەوەو بەدەیان سیخوڕی رەوانە کردوە بۆ تێکدانی بارودجۆخی ئەمنی شارەکان.

ڕێباز جەلال هەندێ حیزبو گروپی سیاسیش کەبەڕەسمی کاردەکەن لەعێراق بەیارمەتیدانی کۆنە بەعسیەکان تاوانبار دەکاتو پێیوایە لەبەر بەرژەوەندی شۆفێنی خۆیان راستەوخۆو ناڕاستوخۆ لەگەڵ هاتنەوە سەر کاری بەعسیەکانن بۆ کایەی سیاسی عێراق.

گەشە محەمەد فەرمانبەر وتی:– هەرچەندە دوورو نزیك کوردستان بەدورە لەکردەوەی تیرۆریستی بەڵام لەدوای دەستگیرکردنی سەدام هەمووان وامان زانی ئیتر ناوچەکانی بەغداو ناوەڕاستی رزگاریانبوو لەکاری تیرۆریستی کەچی بەپێچەوانەوە دەرچوو.

رازکەریم سەرەڕایی زیادبوونی کردەوە تیرۆریستیەکان بەڵام گەشبینە بەوەی کەتەنها دەستگیرکردنی سەدامو دەرکەوتنی لەشاشەکانی تەلەفزیۆنەوە بەو زەلیلیە خۆی لەخۆیا مایەی سەرکەوتنە.

یاد شەماڵ فەرمانبەر بەپلەی یەکەم وڵاتانی دراوسێو هەندێ پارتی سیاسی عەرەبی توندڕەو بەزیادبوونی کارو کردەوە تیرۆریستیەکان تاوانبار دەکاتو وای دەبینێ دەبێت لەدوای پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بەتوندی لەگەڵ ئەو وڵاتو لایەنەدا مامەڵە بکەن کەیارمەتی تیرۆریستان دەدەن.

بەهەرحاڵ راو بیروبۆچوونەکان هەرچۆنێك بێت بەڵام هەروەك کارشوناسانی سیاسی دەڵێن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چیدی تاسەر لەوڵاتانی دراوسێی عێراقی قبوڵ ناکات بەوشێوەیە دەست بخەنە ناو کاروباری ناوخۆو تێکدانی باری ئەمنو ئاسایشو ئەمڕۆ بێت یاخود سبەی عێراقیەکان رزگاریان دەبێت لەبەڵای تیرۆرو حکومەتێکی دیموکراتو ئازادیش لەناوچەکەدا پێکدەهێنن.

پەژارەی هاوولاتی

- ڕۆڵە، چاو لەگەورەکان مەکە! (شنروێ)
- سەرۆکی حکومەتو وەزیری ئەشغال .. بۆچی؟ (خەدیجە)
- کانیسپیکە.. خوێندنەوەیەك وەك خۆی.. (نیاز)
- هۆشیاری خۆپاراستن یان کەمتەرخەمیو چارەسەرکردن؟! (دارا)

شنروێ محمود

ئاشکرایە کەدەوترێت پەروەردەو فێرکردن، واتە پەروەردە ئەرکی سەرەکی بەرپرسانو مامۆستایانو سەپەرشتیارە پەروەردەییەکانە لەبەرامبەر قوتابیانو خوێندکاراندا، کەئەمە دەبێتە هەنگاوێك بۆ ئامادەکردن، بەر لەفێرکردن.

مامۆستا، ئەو کەسە نمونەییەیە کەخوێندکار جگەلەوەی وانەی لێوەردەگرێت، دەیکاتە پێشەوای خۆیو دەبێتە شوێن کەوتەو لاساییکەرەوەی زۆربەی هەڵسوکەوتو رەفتارەکانی. بۆیە دەبێت مامۆستا زۆر ووردبێت لەمامەڵەیدا، تەنانەت هەندێجار لەدەرەوەی خوێندنگاش. بەڵام هەموو مامۆستایەك بایەخ بەم لایەنە نادات و پێی وایە ئەمە رێ لەئازادییەکانی دەگرێت.

پۆشینی جلوبەرگی رەنگاورەنگو شاز لەگەڵ خشڵی گرانبەها لەلایەن مامۆستاوە لەبەردەم کۆمەڵێك خوێندکاردا کەناچارکراون بەیاسایی (زی الموحد)، پێویستی بەهەڵوێستەیەك هەیە لەلایەن سەرپەرشتیارە پەروەردەییەکانەوە، هاوکات لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەك لەلایەن توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

مۆبایل دیاردەیەکی ترە کەئێستا لەنێو خەڵکدا بڵاوە، ئاسایی ناوەندەکانی خوێندنیش، ئەوەی جێی سەرسامییە، مامۆستا لەگەل هاتنە ژوورەوەی بۆ پۆل لەزانکۆ یان پەیمانگا یان ئامادەیی.. بێت، داوای کوژاندنەوەی مۆبایلەکان دەکات، ئەگەر نا خوێندکار توشی لێپێچینەوە دەبێت. بەڵام ئاساییە خۆی لەگەرمەی وانەکەدا جەرەسی بۆ بێتو وەلامیش بداتەوە.

پێموایە ئاگادارکردنەوەیەك لەبەرێوەبەرێتی پەروەدەوە گەیشتە ناوەندەکانی خوێندن بۆ قەدەغەکردنی بردنە ژوورەوەی مۆبایل بۆ ناو پۆل. ئێستاش هەقوایە بپرسین ئەی ئەگەر لەلایەن مامۆستاوە ئەو بریارە جێبەجێنەکرێت؟!

جگەرە خواردنیش کەدیاردەیەکە بەهەموو جۆرێك زیانی زۆرە، بەلام هەندێ مامۆستا بەتایبەت پیاوەکان زۆر ئاساییە بەجگەرەوە دەچنە پۆلەوە یان بلێن لەپۆلدا جگەرە دەکێشن. دەشیانەوێت خوێندکار لێیان قبوڵ بکات گەر بلێن: کورم، جگەرە مەکێشە! ئەمانەو زۆر خوو و رەفتاری سەیر کەمامۆستایان پەیرەوی دەکەن.

هەر بریارێك لەبەرێوەبەرێتی پەروەردەوە دەرچێت وا پێویستە گەورەکان کە مامۆستایانن لەبواری پەروەردەو فێرکردندا، بەر لەهەمووان خۆیان پەیوەستی یاساو رێنماییەکان بن، ئەوسا داوای جێبەجێکردنی لەخوێندکاران بکەن.

پەیرەوکردنی (بۆ من حەلاڵەو بۆ تۆ حەرامە) زۆر دوورە لەرەفتاری پەروەردەکاران کەدەسەڵاتی خۆی لەپۆلدا بەهەل وەربگرێ لەپێناو ویستەکانیدا.

خەدیجە عەلی

بەرێزان.. ئەم نامەیەم ئاراستەی بەرێزتان دەکەم، وەك راستیەك کەلەبەرچاوی ئێوە کراوەو بەدەیانو سەدان کەسی وەك من ئەو گرفتەیان هەیە. لەبەرێوەبەرایەتیەکاندا کارکردن بەدڵسۆزی زۆر بەکەمی ماوەو زۆرێك لەکارەکان بەبەرتیلو خزمایەتی دەکرێت.

من کەفەرمانبەرم لەبەرێوەبەرایەتی ئەشغالی سلێمانیو نزیکەی ٢١ ساڵ خزمەتم هەیە، تا ئێستا ناونیشانم یاریدەدەری تێبینەری هونەرییەو سوودم لەم ناونیشان گۆرینو مووچەزیاد کردنە نەبینیوەو مووچەکەم (٣٠٠٠٠٠)دینارە، ئەمە لەکاتێکدا هاوەڵەکانم مووچەیان لە (٥٠٠٠٠٠) دینار زیاترە.

زیاد لە پێنج جار سکالام بەرزکردۆتەوە بۆ بەرێوەبەر، وەڵامەکەی بە نەکردن هاتۆتەوە پێیان ووتوم کەدارایی ئەو کارە ئەنجام نادات، چووم بۆ دارایی پێیان ووتم: ئەوە خەتای بەرێوەبەرایەتی ئەشغالە، بەم شێویە زیاتر لە شەش مانگ من بەم گرفتەوە هاتوچۆم پێکراو هەوڵەکانم بێسوود بوون.

تکا ئەکەم کەمافم بۆ بگێرنەوەو لێپرسینەوەش لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێت لەبەرامبەر ئەو کارەیاندا، چونکە بەراستی هیچ کەس حەز بەوە ناکات کەمافی زەوت بکرێتو داواکارم پاڵپشتم بن لەچارەسەری گرفتەکەمدا، سوپاستان دەکەم.

نیاز

هەرکەسێ رێی بکەوێتە کانیسپیکە.. یان سەردانی ماڵێکی ناسیاو یان هاورێکانی بکات.. بەتایبەتی لەکاتێکی وەك زستاندا، دەبێت جووتێك جزمەو گۆچانێکی بەدەستەوە بێت، ئەگەر نا لەناوەراستی شەقامو کۆڵانەکاندا لەناو قورولیتەدا دەچەقێت..!

* قوتابیو خوێندکارەکانی کانیسپیکە بەهۆی کەمیو نەبوونی کارەبای پێویست بەچرا راهاتوون.. شەوانە لەبەر تیشکی فانۆسو چرادا وانەکانیان دەخوێننەوەو کۆشش لەدەرسەکانیاندا دەکەن..!

* کێشەی کەمی ئاو یان نەبوونی وەك پێویست.. ژنەکانیان بەتەنەکە ئاو دەهێنن!

* نەبوونی نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی وایکردووە کەمنداڵو ژنو پیاوەکانیان خۆراگر بنو بەرگری پەیدا بکەنو دژی هەر نەخۆشیەکی لاوەکی بوەستنەوە، جگەلە سکچوون..!!

بەڵێ هەموو ئەو زانیاریانەی سەرەوە لەدەمی هاوڵاتییەکی دانیشتووی کانیسپیکەوە گوێبیستی بووم کەلەتەمەنی ٦٠ ساڵیدا رۆژانە لەشەقامی مەولەوی دەستو فلچەی بۆ نان پەیدا کردن پێڵاو وێاخ دەکات. هەرچەندە ئەو هاوڵاتییە ناوی تەواوی خۆی پێ وتم، بەڵام من تەنها بەئاماژە ناوی سیانی دەنووسم (ع.ك.ا). ئەو دەیگووت: شارەوانی زۆر گفتو بەڵێنی پێداوین، کەبەتەنکەر ئاومان بۆ بێنن، بەڵام وانەبوو! هەروا گوتیشی: داوا لەبەرێز مام جەلال دەکەم کەلە لایەنی پەیوەندیدار بەکێشەکانمان بکۆڵێتەوە.. چونکە خاو و خلیچکی لەئیشو کارەکانیان دەبینرێت..!

پواز

لەنێوان سکاڵاو ستایشدا..!

رەنگە بەهەڵەدا بچم ئەگەر بڵێم لەئەمرۆی ژیانو گوزەرانی خەڵکی کوردستان لەهەرێمی لەمەڕ خۆماندا خەڵکانێك هەبن لەپرۆژەو بریارەکانی حکومەتدا سودمەندیش بووبن، بەڵام خویان بەسکاڵاو گلەیی کردن گرتووە کە لەهەر کاتو شوێنێکدا ئەگەر قسەکەی لەجێی خۆیشی نەبێت، ئەوە دەیکاتو راستەوخۆ دەڵێت: دەزانن برادەران تائێستا حکومەتی هەرێم هیچی بۆ نەکردووم..!!

پێچەوانەی ئەم حاڵەتەش خەڵکانێك هەن رەنگە سودمەندیش نەبووبن کەچی لەبری سکاڵا ستایشی حکومەت دەکات.. بیرکردنەوەو روئیای ئەو جۆرە کەسایەتیانەی وان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بەرژەوەندی خۆیان لەبەرژەوەندی گشتیدا دەبینین نەك تایبەتی. سەیرە خەڵکانێك هەن هەرچیەکیان بۆ بکرێت هەر سکاڵاکارن.. بەڵام هێشتا خەڵکانێکیش بەگلەین لەحکومەت چونکە بەقەد ئەو زیانو نەهامەتییەی بەسەریان هاتووە، قەرەبوو و هاوکاری نەکراون، لەم نوسینەدا مەبەستمە لەنزیکەوە قسەی کەسوکاری ئەنفالەکان کەئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانیان کردووە وەك خۆی بەئەمانەتەوە بیگێرمەوە کەئەگەر لەشێوەی سکاڵاو رەخنەشدا بێت لەحکومەتەکەیان ئەوە گرنگی خۆی دەبێتو بەهەند وەردەگیرێت..

لەکۆتایی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیراندا کۆمەڵێك ژنی رەشپۆشم بینی، دیاربو لەگەڵ پۆلیسو پاسەوانانی دەروازەی ئەنجوومەنی وەزیراندا دەنگەدەنگیان بوو.. کاتێك لێیان نزیك بوومەوە بەپیرەژنێکی تەمەن ٦٥ ساڵەم ووت: بۆ هاتیت بۆ ئێرە.. چیت گەرەکە؟ لەوەڵامدا ووتی: من هاوسەرەکەمو دووبراو کورێکم ئەنفالە. خەڵکی شۆرشم لەقادر کەرەم دەژیم، داواکارم لەحکومەتی هەرێم کەموچەکەمان وەکو شەهیدانە مانگانە بۆ دابین بکەنو بۆشمان زیاد بکەن.. یەکێکی تر کەهێشتا تەمەنی گەنج بوو ووتی: من باوکمو سێ برام ئەنفالن داواکارین کەخانوومان بۆ دروست بکەنو لە چارەسەری گرفتەکانمان بەشداری بکەن.

هێدی گەلاڵی

دارا محەمەد جەمیل*

یەکێك لەسیما هەست پێکراوەکانی گەلانی پێشکەوتوو، ئاستی هۆشیاری خۆپاراستنو بایەخ پێدان بەتەندروستییە. بێگومان خۆپاراستن لەهۆشیارییەوەیە، بەڵام بەپێچەوانەشەوە خۆ نەپاراستن لەکەمتەرخەمیو گوێ نەدانەوەیە بەهۆکارەکانی نەخۆشی.

بۆئەوەی مرۆڤ بەردەوام بێت لەژیاندا، پێویستی بەهەواو ئاوو خواردن هەیە.. هەر لەبەرئەوەیە کەچەند خولەکێك بێ هەواو چەند رۆژێك بێ ئاوو چەند مانگێك بێ خواردن دەمرێت. کەواتە مسۆگەرکردنی خاوێنی ئاوو سەلامەتی خواردەمەنی بۆ کۆمەڵگا لەهەرە مەسەلە پڕ بایەخو گرنگەکانن، زۆربەی زۆری ئەو نەخۆشیانەی کەخەڵکی توشیان بوون دەگەرێتەوە بۆ هۆکاری پیسیو ناتەندروستی ئاوو خواردەمەنی، باجی ئەم نەخۆشیانەش لەسەر هەموو تاکێکی کۆمەڵگا دەکەوێتو بەردەوامی ئەم بارودخەش، کۆمەڵگایەکی ناتەندروستو کەم بەرهەمو تەمەن کورتو ناشارستانی لێ دێتە ئاکام.

لەسیمینارێکی کۆمەڵی زانایانو دکتۆرانی کورد لە لەندەن، باس لەوە کرا کەتێکرای تەمەنی پیاوو ژنی کورد لەنێوان (٥٠-٥٥) ساڵ دا، کەچی پیاوو ژنی ئەوروپی لەنێوان (٨٠-٨٥) ساڵدان! ئەگەرچی من هۆکاری زانستی ئەو جیاوازیەم نەدیوە، بەڵام گومان لەوەدا نیە کەنزمی ئاستی تەندروستی خواردەمەنیو خواردنەوە لەکوردستاندا یەکێکە لەهۆکارە سەرەکیەکان.

جێگەی داخە کەسیستەمی زاڵو پەیرەوکراو لەکوردستان دا سیستەمی چارەسەرکردنە نەك خۆپاراستن، نەك لێکۆڵینەوەو دابینکردنی کۆنترۆڵ لەهۆکارەکانی نەخۆشی، نەك چەسپاندنی یاساکانی کۆنترۆڵی سەلامەتی تەندروستی بێگومان هەوڵی دڵسۆزانە دراوە بۆ چاك کردنەوەو راست کردنەوەی ئەو سیستمە ئاوەژووە بەڵام جگە لەوەی هەوڵەکان نارێکخراوو نابەردەوام بووە، لەبەر نەبوونی تەنسیقی تەواوی کاریگەرانە لەنێوان وەزارەتو لایەنە پەیوەندی دارەکاندا.

مەبەستی سەرەکی ئەو وتارە ئەوەیە، ئایا دەکرێت سیستمی پەیرەوکراو لەکۆمەڵگای کوردستاندا لەچارەسەرکردنەوە بگۆڕدرێت بۆ خۆپاراستن؟!

ئایا مرۆڤ چاوەرێی ئەوە بکات کارەسات روبدات ئینجا فریا بکەوێت کەرەنگە کات درەنگ بێت، (سیستەمی چارەسەرکردن)، یا پێش وەخت هۆکارەکانی کارەسات تێبگاو کۆنترۆڵی کاریگەرو عەمەلی بۆ دابنێت بۆئەوەی روونەدەن (سیستەمی خۆپاراستن)..

ئایا ئەو قازانجو زیانانەی لەهەر کام لەو دوو سیستەمەدا تاكو کۆمەڵ بەری دەکەوێت کامانەن؟

هەر لێرەشەوە دەردەکەوێت کە ئەو دوو وێنەیەی کۆمەڵگای دەینەخشێنێت لەهەردوو باری سیستەمەکەدا کامیان شارستانیو کامیان ناشارستانین، ئیتر لیستێك لەم جۆرە پرسیارو ئەنجام گیریانە لەسەر هەردوو سیستەمی خۆپاراستنو چارەسەرکردن ریز دەبەستن.

مرۆڤ ئەوەیە کەدەیخوات (you are what you eat)، بەواتایەکیتر من و تۆ لەرۆژی لەدایك بوونمانەوە تا ئەو رۆژەی ئەمرین هەموو شانەکانی لەشمان لەو خواردەمەنیانە دروست دەبن کەرۆژانە خواردومانو دەیانخۆین. کەواتە دۆخی تەندروستیو نەخۆشی هەموومان بەو خواردەمەنیانەوە بەندن کەرۆژانە دەبن بەشانەکانی ماسولکەو ئێسقانو هەستو خوێنو موو و پێستمان.

جگە لەنەخۆشییە جیناتیکیەکان و هەندێك هۆکاری وەك بۆمبی کیمیاوی و ئەتۆمی، رەنگە زۆربەی زۆری ئەو نەخۆشیانەی مرۆڤ دووچاری دەبێت بەهۆی ئەو خواردنو خواردنەوەو ژینگەیەوە بێت کەمرۆڤ رۆژانە لێیانەوە وەریدەگرێت.

هۆکاری نەخۆشییەکانیش یان مایکرۆبین یان کیمیاوی. هۆکارە کیمیاییەکان، تێکرای ئەو مادە کیمیاییانە دەگرێتەوە کەبەکاردەهێنرێن بۆ لەناوبردنی مەگەزو مێرووی زیان بەخش لەقۆناغە جیاوازەکانی بەرهەم هێنانی خواردنداو هەروەها لەناو مەخزەنو عەمباری خواردنگەکاندا. ئەو کیمیایانەش تێکرای پێستیساید Pesticide و سپرای لەناوبردنی مێشو مەگەزو دەرمانی مشكو جرجو مارو مێروو. ئەم ژارە کیمیاییانە هەروەك چۆن ئەو گیانەوەرانە لەناو دەبەن، ئاوەهاش برەدۆسێکی خەستر یان زیاتر دەتوانن مرۆڤیش لەناوبەرنو بیکوژن. هەروەها مەودای پاکردنەوە بەهەموو شێوەکانیانەوە جۆرێکن لەژاری کیمیایی.

بەهەمان شێوە هەموو ئەو رەنگانەی دەکرێنە ناو خواردەمەنیەکانەوە ژەهرن، بەتایبەتی ئەگەر بەرادەیەکی زۆرو بەبەردەوامی بەکارهێنران ئاکامی زۆر مەترسیداریان لێ دەوەشێتەوە، لەوانە تێکدانی مێشكو لەکارخستنی جگەرو گورچیلە. لەبەرئەوە هەموو کەسێك پێویستە کۆنترۆڵی منداڵەکانی بکات لەوەی کە نەهێڵێت خواردنی رەنگاورەنگ بخۆن چونکە بێجگە لەوەی کەهەندێك لەو رەنگانە لە لیستی بەکارهێنانیان بۆ ناو خواردەمەنی قەدەغە کراون لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کۆنترۆڵێك نیە بۆ رادەی تێکردنی رەنگەکە یانی بەئارەزووی خۆیان چەندیان بوێت تێی دەکەن، هەندێك بازرگانی چاوچنۆك دەچن خواردنی کۆنو خراپی لەعەمباردا کەوتوو رەنگ دەکەن بۆئەوەی سەرنجی کریارانی پێ بگۆڕن. زۆرجار بستە وناوکی جیاوازی رەنگکراوم دیوەو تاقیم کردۆتەوە بۆم دەرکەوتووە کەجۆرێکی خراپ بوون.. نەخۆشیە مایکرۆبیەکان کەبەهۆی بەکتریاو ڤایرۆسو کەڕووە، لەرێگەی سەرچاوەی جیاوازەوە دەگەنە خواردنو خواردنەوەو ژەهراوی دەکەنو لەوێشەوە مرۆڤ تووش دەکەن، بێجگە لەبەکتریای ناهەوایی کەهەوای ناوێت بۆ ژیانو زۆربوونی، تێکرای بەکتریا ژاراویەکان بۆئەوەی ژیانو زۆربوونیان دابین بکەن پێویستیان بەشێ (ئاو) و خواردنی پرۆتینیو پلەی گەرمیو کات هەیە. سەرچاوەی سەرەکی ئەم میکرۆبانەش خواردنی کاڵو مێشو مەگەزو مشك و ئاژەڵو زبڵدانو خواردنی فڕێدراوە. لەهەمووشیان بەرپرستر مرۆڤەو لەمرۆڤیشدا ئەو دوو دەستەیە کەرۆژانە خواردنی کاڵی پێدروست دەکاتو شوێنی پیسی پێ پاك دەکاتەوەو بێگومان خواردنیشی پێ دەخوات، هۆشیاری مرۆڤ لێرەوە دەپێورێت کەتا چ ئەندازەیەك پابەندە بەو پرنسیپ راستیانەوە کەتەندروستی خۆی پێبپارێزێت، پێش ئەوەی تووشی نەخۆشی بێتو کات درەنگ بێت.

لەئەوروپادا یاساکانی کۆنترۆڵی سەلامەتی خواردەمەنی زۆر بەتوندیو کاریگەرانە چەسپاونو چاودێری دەکرێنو بەردەوام دەخرێنە روو بۆئەوەی رادەی کاریگەرێتیو عەمەلی بونیان بپێورێت. من لێرەدا نامەوێت یەکسەر کوردستان بدەم لەقالبی یاساکانی تەندروستیو سەلامەتی خواردەمەنی لەئەوروپاداو ئەز لەو راستیە گەیشتووم کەئێمە لەقۆناغێکی سەرەتای دروست بووندایین، بەڵام زۆرم لا مەبەستە کەبەسەرەتایەکی دروست دەست پێ بکەینو هەرچی زووە کارە پێویستو عەمەلیەکان، جێبەجێ بکەینو سیستەمی سەلامەتی بخەینە سەر سکەی راستی خۆی.

دەڵێم: کارە عەمەلیەکان، چونکە هەر ئەو دەسەڵاتەی کە لەکوردستاندایە وەك چۆن هەوڵ دەداو دەتوانێت کۆنترۆڵی تیرۆریزم بکات لەکوردستاندا، بەهەمان شێوەش دەبێتو دەشتوانێت کۆنترۆڵی تیرۆری خوادرنی ژەهراوی بکات. دەسەڵاتی ئاسایشو سەربازی لەکوردستاندا چەندەها تۆری کۆنترۆڵو سایکۆلۆجیست و خەڵکانی خاوەن پسپۆڕی دامەزراندوە لەنێوانو ناو شارەکاندا، کەچی بەراورد بەوە سیستەمێکی کۆنترۆڵی کاریگەر نیە بۆ ئەو هەموو خواردنو خواردنەوانەی کەرۆژانە لەهەر چوار سنورەوە دەهێنرێنە کوردستانو هەروەها ئەوانەی لەکوردستاندا دروست دەکرێن.

ئەو خواردنانەی دەهێنرێنە کوردستانەوە لەرێگەی بازرگانەکانی خواردەمەنیەوە پێویستە کۆنترۆڵی تەواو بکرێن پێش هاتنە ناوەوەیان. پێویستە مەرج بەندیەکانی تەواو روونو ئاشکرا لەنێوان بازرگانەکانی خواردەمەنیو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنووسراوی هەبێت هەروەك پێویستە وەزارەتی لێپرسراو لەم مەسەلەیە یاساو رێساو داواکاری روونو ئاشکرای هەبێت بۆ سەر هەموو خواردنگاو ئوتێلو کارگەو بارو چێشتخانەکان لەکوردستاندا.

من نازانم پێشنیار بۆ نوێکردنەوەی شاری سلێمانی چییەو نەخشەی داهاتووی شار چۆن دەبێت؟ بەڵام دڵنیام لەوەی تازووە هەندێك هەنگاوی عەمەلی بنرێت بۆئەوەی تەندروستی کۆمەڵگاکەمان لەزۆر نەخۆشی چاوەرێکراو بپارێزرێت لەوانە:

دەبێت بەپێی یاسایەك، هەموو چێشتخانەو کەبابخانەو ئوتێلو بارو خواردنگەکان، تەلی هێڵەك بگرن بەرووی هەموو ئەو شوێنانەی کەهەوای لێوە دێتە ژوورەوە، چ پەنجەرەکان چ دەرگاکان یان بەردەمی خواردنگەکان.

١-ئاوی ساردو گەرمو سابوون و دەست وشك کەرەوە (نەك خاولی) و روناکی تەواو تەهویە (هەوا گۆڕین) لەهەموو خواردنگەکان پێویستە هەبن.

٢-تەوالێتەکانو شوێنی دەست شۆردن پێویستە پۆشتەو لەئاستێکی پڕ لەپاكو تەمیزیو بایەخپێدان بن.

٣-هەموو کارمەندێك لەخواردنگەکاندا پێویستە پاكو تەمیز بێتو کڵاوی لەسەرو دەست کێش لەدەستو سەدریەی پاکی لەبەردا بێت.

٤-پێویستە چاودێرانی بەشی تەندروستی بەشێوەیەکی بەردەوامو رێكو پێك بەسەر خواردنگەکاندا بگەرێن بۆ چەسپاندنی داوا یاسایییەکان.

٥-پێویستە تێکرای کارمەندان لەخواردنگەکاندا خولی مەشقیان پێ وەربگیرێت لەسەر تەندروستیو سەلامەتی خواردەمەنی لەوەزارەتی تەندروستی یان زانکۆی سلێمانی بەشی زانستی خۆراك.

٦-لەهیچ خواردنگەو شوێنێکدا، هەموو ئەو خواردنانەی کەزۆر جێگەی (High Risk Foods) مەترسین لەژەهراویبون وەك گۆشتو پەنیرو.. هتد، نابێت بەبێ کۆنترۆڵی پلەی گەرمی دابنرێن بۆ فرۆشتن.

٧-پێویستە سزادانی یاسایی دەست بەجێ هەبێت بۆ چەسپاندنی ئەم یاسایانە.

حەز دەکەم ئەوەشتان بیر بخەمەوە: هەر خواردنێکی پێچراوەتان کری لەپاکەت یان قوتوودا، سەیری وەزعی ساغیو دراویو قوپاویو ژەنگاوی بکەن، ئنجا مێژووی بەسەرچوونی. کەچوونە هەچ خواردنگەیەك لەهەچ کوێ بێت، لەپێشدا سەرنجی مێشو مەگەزو مێرو بدەن لەسەر مێزەکانو ناو خواردنگەکە، پاشان بچنە تەوالێتەکەیەوەو بزانن لەچ ئاستێکدا پارێزراوە، ئینجا سەرنجی کارمەندەکانی بدەن لەپاكو تەمیزیو پابەند بوونیان بەیاساکانی خۆپاراستن و سەلامەتی خواردەمەنیەوە.

من لەسمینارێکدا بۆ وەزارەتی تەندروستی درێژەی کۆنترۆڵو میکانیزمی شێوەی کۆنترۆڵ کردنی سەلامەتی خواردەمەنیم لەکوردستانو عێراق دا خستەڕوو تەنانەت پێشنیاری مۆدیلێکم بۆ شاری سلێمانی کرد، بەرێز وەزیری تەندروستی رەزامەندی تەواوی دەربڕی بۆ ئەو پرۆژەیەو پەرۆشییەکی زۆرم پێوە بینی بۆ چەسپاندنی ئەو مەسەلانەی باسکران. ئەگەرچی من تەنها مەبەستێکم لەمەدا خزمەتی ئەو گەلو نیشتمانەیە کەخۆم ئەندامیمو هیچی بەرژەوەندیەکی تایبەتیم نیەو بەئەرکی نەتەوەیی خۆشمی دەزانم، کەچی تائێستا هەنگاوی جدیو دەربەستانەی وەها نەنراوە بۆئەوەی ئەو پرۆژەیە بکرێت بەکردەوە.

ئێستاش کات درەنگ نیە گەر دەست پێ بکەین، دەتوانین رەنگی یاسایەکی زۆر جوانو کاریگەر لەکوردستاندا برێژین کە لە داهاتویەکی نزیك دا نەوەکانمان ستایشمان بکەن نەك ئەویتر.. بۆ مێژوو ئەوە دەڵێم: ئێمەی کورد لەهەموو کات زیاتر لەژێر تیشکی چاودێریداین، لەبەرئەوە گەر ئێستا کۆنترۆڵی ئەم مەسەلەی ئەکەین رەنگە کات درەنگ بێت.

ئەو کەسەی ئەمرۆ بینایی ستراتیجی بۆ گەلی کورد دەیەوێت ناوکی شارستانی لەکوردستاندا بچێنێو بپارێزێو پەرەی پێبدات، پێویستە پشتگیری کاریگەرانە بکات لەچەسپاندنی سیستەمی کۆنترۆڵی سەلامەتی خواردەمەنی بۆئەوەی لەئاییندەیەکی نزیکدا هێڵەکانی پەیکەری سیستەمی سەلامەتی خواردەمەنی بچەسپێنن، پێویستە وەزارەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئیلتیزامی خۆبەخشانە بەم مەسەلەیە گرنگەوە بخەنەڕوو، بەو ئومێدەی مەرجەکانی ژیانی بێمەترسو تەندروستی خواردەمەنی بۆ هەموو ئەندامێکی کۆمەڵی کوردستان دابین بکەین.

* مامۆستای زانکۆی سلێمانی

گەراجی پاسەکانی سەرچنار یان زبڵدانی ئەسحابەسپی

ئایا لیستی هاوبەش ئەو جەللادەیە کەدیموکراسی دەکوژێ

رەفیق نەجمەدین

پاش ئەوەی سەرکردایەتی چەندین پارتو رێکخراو لەکوردستاندا پێکهێنانی لیستێکی هاوبەشیان راگەیاند، بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراقدا.. لەناوەندی رۆشنبیری لەکوردستاندا زاراوەی "کوشتنی دیموکراسی" و "خیانەت کردن لەهەڵبژاردن" و چەندین ناوو ناتۆرەیتر لێرەو لەوێ لەو لیستە هاوبەشە نران..

من لێرەدا باس لەبایەخو لایەنە گەشەکانی ئەو لیستە ناکەم کەوەك لیستی کوردستانی دەچێتە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە.. چونکە تەنها گوێ گرتن لەراوبۆچوونو هەڵوێستی نەیارانی گەلەکەمان لەناوچەکەدا سەبارەت بەو لیستە هاوبەشە لەوە تێدەگەین کەسەرکردایەتی سیاسی کورد کارێکی باشیان کردووە یان خراپ.

ئەگەر نەیارانی گەلەکەمان دەستخۆشی ئەو لیستەیان لێکردوین ئەوا گومانی ناوێ کارێکی خراپ کراوە.. خۆ ئەگەر پێکهێنانی ئەو لیستە تەنگەتاوی کردون دیسان گومانی ناوێ کەکارێکی باش کراوە.. چونکە ئەگەر خۆشمان هەڵسەنگاندن بۆ هەنگاوەکانمان نەکەین.. ئەوا نەیارانمان بەوردیو بەدیقەتەوە هەنگاوەکانمان شیدەکەنەوەو هەڵیان دەسەنگێنن. بۆیە لەئەوپەڕی هەژاری لێکدانەوەماندا دەکرێ گوێ بۆ کاردانەوەی نەیارەکانمان هەڵخەینو لەوێوە لەباشیو خراپی کارەکانمان بروانین.

سەبارەت بەو لیستە هاوبەشەش کەدەچێتە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە.. ئەوا لێرەدا تەنها لەبەر رۆشنایی سیستەمەکانی هەڵبژاردنو دەنگدانەوە لەوە ورد دەبینەوە کەئایا ئەم لیستە هاوبەشە خیانەتە لەهەڵبژاردن یان نە؟ بەواتایەکیتر پێکهێنانی ئەم لیستە هاوبەشە لەگەڵ ئەو سیستەمانەدا دێتەوە کەلەجیهاندا بۆ هەڵبژاردنو دەنگدان پەیرەوی دەکرێن یان نە؟

لێرەدا کارم بەسەر بایەخی ئەو لیستە هاوبەشەوە نییە لەڕووی کاریگەری لەسەر درێژکردنەوەو گەشەپێدانی ئاشتی لەکوردستانداو پەیوەندییەکانی بەسەرکەوتنی لیستە کوردستانییەکەی ترەوەو کاریگەری لەسەر پرۆسەی یەکخستنەوەی دوو ئیدارەکەو هتد..

سەرەتا دەبێ بپرسین لیستی هاوبەش چییە؟

لیستی هاوبەش واتە رێککەوتنی ئەو حزبو گروپە سیاسیانە لەسەر:

١)بەرنامەیەکی کاری سیاسی هەمەلایەنی هاوبەش، بەئاراستەی ئامانجێك یان زیاتر کەلانی کەم ئەو حیزبو گروپانە لەسەری ناکۆكو دژ نەبن.

٢)رێککەوتن لەسەر دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان.. بەجۆرێك کەهەر لایەنێك لەلایەنەکانی ناو لیستەکە.. قەناعەتی بەو هاوسەنگییە هەبێت کەبالانسی قورسایی خۆی لەناو جەماوەرو ئەو ژمارەدا رابگرێ کە لەلیستەکەدا بۆی سەلماوە.

لێرەدا خاڵی دووەم کارێکە پەیوەندی بەقەناعەتی ئەو گروپو حزبانەوە هەیە، لەڕووی قورساییو فراوانی پێگەی جەماوەریان لەکۆمەڵگادا، هەر حزبە بەرامبەر بەبەشی خۆی لەلایەکو بەشی ئەوانیتر لەلایەکی ترەوە.. ئەمە جگە لەوەی کەئەو قەناعەت بوونە بەخۆتوو بەئەوانی دی کاتێ کەئەوانی دیش ئەو قەناعەتەت بۆ دەسەلمێنن ئەوە کارێکە خۆی بۆ خۆی رێزگرتنە لەبەرامبەرەکەتو تەواو پێچەوانەی خود پەسەندیو خۆ بەهەموو شت زانینە.. ئەم قەناعەتە بۆ خۆی قەناعەت کردنە بەوەی کەسەرجەم راستییەکان بەتەنها لای من نین.. واتە هەر بەتەنها من تێکۆشەرو دڵسۆز نیم.. واتە هەر بەتەنها من نیم کەبۆ وەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان خەبات دەکەم.. واتە قەناعەتم بەدڵسۆزیو خەباتو تێکۆشانی ئەوانی تریش هەیەو رێزیان لێدەگرم.. کاتێ کەپارتییەك رێز لەخەباتو تێکۆشانی یەکگرتویەك دەگرێو یەکگرتویەك سەنگو قورسایی یەکێتییەکی لەبەرچاوەو بۆشی دەسەلمێنێ کەپێگەی جەماوەریو سیاسی چەند بەرامبەری خۆیەتی.. ئەم کارە بۆ خۆی مژدەی خەملاندنی سەرزەمینی دیموکراسییە.. باشە ئەگەر ئەمە قبوڵ کردنی بەرامبەر نەبێ چیترە؟

سڕینەوەی یەکترو شەڕی ناوخۆو قبوڵ نەکردنی بەرامبەر سەرزەمینی دیموکراسی خاپور دەکا یان یەکتر قبوڵ کردنو هاوبەش کردنی بۆ گەشتنە ئامانج؟

دیارە لەحاڵێکدا سەرجەم ئەم قسانەمان پووچەڵ دەبنەوە کەلایەنەکانی ناو ئەو لیستە رێگر بن لەبەردەم دروستکردنی لیستێکی تری بەرامبەر یان بە بەرنامەی کاری خۆیانەوە.. ئەگەر لایەنەکانی ناو ئەو لیستە هاوبەشە رێگەیان نەدا کەسیترو حزبی ترو گروپیترو لیستیتر بێنە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، ئەوا لەو حاڵەدا نەك هەر قسەکانی سەرەوەمان دەبنە بوختان و درۆ، بەڵکە لەحاڵێکی وادا شتێك نامێنێ کەناوی هەڵبژاردنی لێ بنێین.. خۆ ئەگەر رێگە لەهیچ کەسو گروپو لایەنو لیستێکیتر نەگیراوە کەبێتە پرۆسەکەوە، ئەوا لەکوێدا ئازادیو دیموکراسی مردەزا دەکرێ؟ ئەمە لەکاتێکا رێگەگرتنو تەشەردان لەهەر لیستێکی هاوبەش دەکاتە مردەزاکردنی ئازادیو دیموکراسی.

ئێستا باسیستەمەکانی هەڵبژاردنو دەنگدان بکەینە سەنگی مەحەكو بزانین ئەو هەڵبژاردنەی ئێمەو ئەو لیستە هاوبەشەی لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری دەکا لەکوێدا لەگەڵ ئەو سستمانەدا ناگونجێ؟ ئەگەر کار کەلەجوغزی ئەو سستمانەدا جێگەی نەبۆوە ئەوا دیارە کە هەڵبژاردنەکەمان بەو لیستە هاوبەشە هەر لەبێشکەدا کرد بەدەسرازەوەو مرد.

زۆر بەکورتی لەجیهاندا دوو جۆر هەڵبژاردن هەیە

١-هەڵبژاردنی راستەوخۆ.

٢-هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ.

١-راستەوخۆ: لێرەدا دەنگدەر راستەوخۆ نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێت.. واتە دەنگدەر دەچێتە شوێنی دەنگدانو خۆی، ناو، یان لیستی پەسەندکراوی خۆی دەستنیشان دەکاتو دەنگیان دەداتێ.

٢-ناڕاستەوخۆ: لێرەدا دەنگدەر نووێنەرێك بۆ خۆی دەستنیشان دەکا.. ئەو نوێەرە (کە زۆرجار دەبێتە نوێنەری دەیان کەس) دەچێتە شوێنی دەنگدانو لەجیاتی ئەوان دەنگ دەدات.

لێرەدا.. هەڵبژاردنەکەی کە لەپێشمانەوەیە، جۆری یەکەمە واتە هەڵبژاردنی راستەوخۆیە.. هیچ دژایەتیەك لەنێوان برگەی یەکەمو ئەو هەڵبژاردنەدا نییە کەبڕیارە لە ٢٠٠٥/١/٣١ ئەنجام بدرێت.

دیسان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان دوو جۆر شێواز هەیە

١-هەڵبژاردنی تاکە کەس

٢-هەڵبژاردنی لیست.

لەهەڵبژاردنی تاکە کەسدا دەوڵەت دەکرێت بەچەند بەشێکەوە.. (ناچەی تاڕادەیەك بچوك) بچوك لەژمارەی دانیشتواندا، بچوك لەڕووبەردا.. لەهەریەك لەو ناوچانەدا تەنها یەك پاڵێوراو هەڵدەبژێردرێتو دەبێتە نوێنەری ئەو ناوچەیە لەپەرلەماندا.

٢-هەڵبژاردن بەلیست:- لێرەدا دەوڵەت دەکرێت بەچەند ناوچەیەکی تاڕادەیەك گەورە (گەورە لەژمارەی دانیشتوان، گەورە لەبەرینیدا) هەربۆیەش زیاتر لەکەسێك نوێنەرایەتی هەر ناوچەیەك دەکات، واتە دەبێتە لیست.

لێرەدا دەنگدەر ئەو ژمارەیە هەڵدەبژێرێت کە بڕیارە ببن بەنوێنەری ئەو ناوچەیە.. جا ژمارەکە ٢ بێت یان زیاتر.

یاخود دەوڵەت دەکرێتە یەك ناوچەی هەڵبژاردن، لەبەرایشدا لیستەکان زۆرترو فراوانتر دەبن لەو حاڵەتەدا دەنگدەران لەسەرجەم وڵاتدا هەموو لیستەکانیان لەبەردەستدا دەبن بۆ دەنگدان لەسەریان "لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١/٣١دا عێراق یەك ناوچەی هەڵبژاردنە".

لەم حاڵەتەدا هەڵبژاردنەکانی کە لەپێشمانەوەن جگە لە "ئەنجومەنی پارێزگا" سستمی دووەمە واتە هەڵبژاردن بەلیستو یەك ناوچەی هەڵبژاردن.. واتە هیچ دژایەتیەك نییە لەنێوان برگەی دووەمو ئەو هەڵبژاردنانەی بڕیارە لە ٢٠٠٥/١/٣١ ئەنجام بدرێت.

دیسان لەسستمی لیستدا دوو جۆر پەیڕەوی کردن هەیە، یاخود دووجۆر لیست هەیە:

١-لیستی داخراو

٢-لیستی کراوە.

١-لیستی داخراو: لێرەدا دەنگدەر سەرجەم پاڵێوراوەکانی ناو هەر لیستێك هەڵدەبژێرێت.. واتە پابەندی لیستەکەیە بەهەموو ئەو پاڵێوراوانەی لەلیستەکەدان بەبێ گۆڕانکاری.. واتە دەنگدەر دەنگ بەیەك لیست لەلیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن دەدات.

٢-لیستی کراوە:- واتە لێرەدا لیستەکان تێکەڵ دەکرێن.. واتە دەنگدەر مافی هەیە لەناو پاڵێوراوەکانی سەرجەم لیستەکاندا بۆ خۆی لیستێك بەو ژمارەیەی کەدیاریکراوە بۆ هەر لیستێك، لیستێکی تایبەت بۆ خۆی دروست بکات.. واتە دەنگدەر پابەند نابێت بەلیستێکی دیاریکراوەوە.. هەر دەنگدەرێك بۆ خۆی بەئارەزووی خۆی لیستێك لەسەرجەم ناوەکان هەڵدەبژێرێتو دەنگیان دەداتێ.. دەشتوانێت بەتەنیا ناوەکانی یەك لیست بکاتە لیستی خۆی.

لەم حاڵەدا هەڵبژادرنەکانی کە لەپێشمانەوەن (جگە لەئەنجومەنی پارێزگا) شێوازی یەکەمە، واتە سیستمی لیستی داخراوە، لێرەدا هەڵبژاردنەکان لەگەڵ ئەم ستمەدا ناکۆك نینو تەبان.

بۆ پێکهێنانی لیست دوو ستم هەیە، یاخود دوو جۆر، دوو رێگا هەیە بۆ دروست کردنی لیست:

١-لیستی تایبەت

٢-لیستی هاوبەش.

لیستی تایبەت: واتە هەر حزبێك، هەر رێکخراوێك، هەر گروپێك.. بەجیاو بۆ خۆی لیستێکی تایبەت بەخۆی دروست دەکات بەژمارەیەکی دیاریکراو، واتە هەر لایەنەو لیستی خۆی هەیەو لەهەڵبژاردندا بەشداری پێ دەکات.

لیستی هاوبەش: لێرەدا کۆمەڵێك حزبو رێکخراوو گروپ.. واتە لەیەك لایەن زیاتر پێکەوە بەهاوبەشی لەسەر پێکهێنانی لیستێك رێکدەکەونو هەر لایەنەو بەشی خۆی لەو لیستەدا دەبێت.. واتە هەر لایەنێك لەو لایەنانە بەپێی رێکەوتنەکە دیاری کراوە، لەلیستە هاوبەشەکەدا بەشداری دەکات.. واتە کۆی ژمارەی نوێنەرانی لیستی هەموو لایەنەکان یەکسانە بەژمارەی لیستە هاوبەشەکە.

ئەو لیستە هاوبەشەی کەپێکهێنراوەو بڕیارە لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥/١/٣١دا بەشدار بێت (جگە لەئەنجومەنی پارێزگا) لەگەڵ جۆری دووەمدا تەبایەو هیچ دژایەتیو ناتەباییەك لەنێوانیاندا نییە.

پارتیو یەکێتی هەریەکەیان لیستی "١١١" کەسی ئامادە نەکردووە بەڵکە هەر یەکەیان بەپێی رێککەوتنەکە بەلیستی "٤١" کەسی لەلیستە (١١١) کەسیەکەدا بەشدرای دەکەن.. یەکگرتو بەلیستی ٩ کەسی و هتد.. سەرجەمی هەموو ئەو لیستانە دەکاتە لیستە هاوبەشەکە کە "١١١" نوێنەرە.

پاش ئەوەی کەئەم لیستە سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەوا نوێنەرەکانی دەچنە پەرلەمانەوە..

لێرەدا ئەگەر سیستمی هەژمارکردن "سیستمی زۆرینە" بوو کەئەویش دووجۆرە "زۆرینەی ئاسان" و "زۆرینەی رەها"..

زۆرینەی ئاسان واتە زۆرترین دەنگ بێ گوێدانە رێژەی دەنگەکان.

زۆرینەی رەها واتە زۆرترین دەنگ بەمەرجێ لەنیوەی ژمارەی دەنگدەران زیاتر بێت.. واتە ٥٠٪ + ١ ی دەنگی دەنگدەران.

ئەگەر سیستمی هەژمارکردن یەکێك لەم دوو سیستمە بوو واتە سیستمی زۆرینە بوو ئەوا ئەو لیستەی کەزۆرینەی دەنگەکان بەدەست دێنێ پەرلەمان دروست دەکاتو لیستەکانیتر هیچ نوێنەرێکیان لەپەرلەماندا نابێت.

خۆ ئەگەر سیستمی هەژمارکردنەکە رێژەیی بوو.. ئەوا بەرێژەی ئەو دەنگانەی کە لیستەکە هێناویەتی کورسی لەپەرلەماندا وەردەگرێ.. بۆ نمونە ئەگەر ئەم لیستە هاوبەشەی کەباسی دەکەین رێژەی ٢٠٪ی دەنگی دەنگدەرانی هێنا ئەوسا ئەو لیستە هاوبەشە بە "٢٢" نوێنەر بەشداری پەرلەمان دەکات لایەنەکانی ناو لیستە هاوبەشسەکەش بەپێی ئەو رێکەوتنەی کەبۆ پێکهێنانی لیستەکە کردوویانە لەپەرلەماندا نوێنەریان دەبێت واتە یەکێتی ٨، کورسی، پارتی ٨ کورسی، یەکگرتوو ٢ کورسی، لایەنەکانیتریش بەرێکەوتن ٢ کورسییەکەیتر پڕ دەکەنەوە.

لێرە ئەنجام گیری ئەوە دەکەین کە لەهەموو حاڵەتەکاندا ئەم لیستە هاوبەشە لەپرۆسەی هەڵبژاردندا لەگەڵ سیستمەکانی هەڵبژاردنو دەنگدانو هەژمارکردندا تەبایە.

لێرەوە خیانەت کردن لەهەڵبژاردن بەهۆی لیستی هاوبەشەوە واتایەکی مەنتیقی نییە.

بۆ هەمووومان وا باشترە لەبری تەشەردان لەلیستی هاوبەشو گاڵتەکردن بەو هەڵبژاردنەی ئەم لیستە بەشداری تیا دەکات، لەسەر ئەوە پێ دابگرین کە دەبێت بزانین بەرنامەی کاری ئەو لیستە چی بێت؟ ئامانجە هاوبەشەکانی لیستە هاوبەشەکە چین؟ کێن ئەو پاڵێوراوانەی لەو لیستەدا ریزکراون؟ ئەوانە هەریەکەیان چەندێك بەتەنگ کێشەی گەلەکەمانەوەیە؟ پاشخانی سیاسیو مەعریفیان چییە؟ ئەزموونەکانی دڵسۆزبوونیان بۆ کار چییە؟ سازش کارن یان نە؟ دەست پاکن یان دز؟ لەسەر مافەکانمان سورن یان نە؟ ئازان یان ترسەنۆکن؟ چەند زمان دەزانن؟ ئسلوبی قەناعەت پێکردنیان باڵایە یان نزمە؟

لەوە دەچێ کەس ترسی ئەوەی نەبێت کە نوێنەرەکانمان بەعەقڵیەتی دیوەخانو سەرتەنورەوە لەپەرلەماندا پاڵی لێ بدەنەوەو لەوشەی "نعم" زیاتر نەزانن وشەکە بە "نحم" دەربڕن.



بۆ رای گشتی
سەرجەم دەزگا راگەیاندنەکان
سەرجەم رێکخراوە پیشەیەکان
سەرجەم رێکخراوە خوێندکارییەکان

بێگومان دەرفەتی دیموکراسی بەشێوەیەك بوونی هەیە کەئازادیو رادەربڕین بەتەواوی مانا و جەوهەرییەکانیەوە دروستبێت، هەر تاکێك دەتوانێت تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی، هەر بۆیە بەوپەڕی هەست کردن بە بەرپرسیاریو بەئیرادەیەکی ئازادەوە دەنگی خۆمان بڵند ئەکەینو کارو چالاکی خۆمان بەردەوام ئەکەین لەپێناوی ئامانجو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگاکەماندا..

بۆیە لێرەوە دەمانەوێت لەرێگەی ئەم بەیانەوە دەنگی خۆمان بگەیەنین بەسەرجەم ناوەندە پیشەییو خوێندکارییەکان، بەهزرێکی نوێو ئیرادەیەکی ئازادەوە دەمانەوێ بێینە مەیدانی خەبات، دیارە ئەمەش بڕیارێکی کتوپڕ نیە، زیاتر تێڕوانینو وردبونەوەو لێکۆڵینەوەمان کردە خەباتی مەیدانیمان، لەئەنجامدا گەیشتینە ئەو بڕوایەی کەناتوانین لەچاوی "مانگنامەی کرانەوە" و رێکخراوەکەیەوە تەواوی ئامانجەکانمانو ئەو خەونانەی کەهەمانە بۆ دوا رۆژی نەتەوەکەمان بهێنینەدی، هۆکاری ئەم بڕیارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەهەندێك لەئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەم رێکخراوە لەئاستی ئەو سەربەخۆییەدا نەبون کەباسیان لێدەکرد، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەجیابونەوەی خۆمان لەم رێکخراوە بکەینە مەبەست بۆ دژایەتی هەر رێکخراوو حیزبێکی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان.

-لەهەمان کاتدا سەرجەم خوێندکاران وشیار دەکەینەوەو رای ئەگەیەنین داواکارین کەبێن لەپێناو سەربەخۆیی دا کار بکەین.. وە بەو خوێندکارانەش رائەگەیەنین کەچیتر مەهێڵن هیچ دەستەیەك لەتارمایی دا یاری بەبونتان بکات تائێستا ماونەتەوە ئێمە وەك باڵی دەڤەری هەولێرو چەندین خوێندکاری هوٚشیار کەپێشتر بەبەیانێك جیاوبنەوەی خۆیان راگەیاند لەسلێمانی، ئەمە دوای چەندین دانیشتنمان بڕیارمان گرت کەگروپێکی ئازادو سەربەخۆ بەناوی (گروپی خوساتی خوێندکاران و قوتابی) وەك یەکەمین هەنگاومان پێك بهێنین لەژێر دروشمی وەك (خۆشەویستی، لێبوردن، دادپەروەری) کاروچالاکی خۆمان بەردەوام بکەین، لەپێناوی بەدیهێنانی خواستی خوێندکارو گەڕانەوەی ئاسودەییو خۆشی بەختەوەری بۆ سەرجەم تاکەکانی نێو کۆمەڵگا لەکۆتایدا دەڵێین بۆ دەربڕینی هەر میلێك لەیەکەم هەنگاوەوە دەست پێ دەکرێت.

لەکۆتایدا

بژی ئیرادەی ئازاد

بەڕێوەبەرایەتی

گروپی خواستی خوێندکارو قوتابی

٢٠٠٤/١٢/١٤

هەولێر

سەرگوزەشتەی..

قارەمانانی لە بۆسەخستنی

- سالار عەزیز: چەندەها لاوی خوێن گەرم ئەهاتن ئامادەیی خۆیان پیشان ئەدا کەهەرچیان پێ بوترێ جێبەجێ بکەن. دەتوانرا ئەو ڕێژەوەی گیرایە بەر، ئەو حماسەت و ئامادەیی و گیانی لەخۆبردنە کەدروست بوو بوو، خامۆش نەکرایەتەوە.

- فاخر: بیرمان لەوە کردەوە بچین بۆئەم ئیشە، گەورەترین شت ئەوەیە سەرکەوتووبین لەکارەکەدا، باوەربکەن مردن هیچ بەلامانەوە گرنگ نەبوو، بەلامانەوە گرنگ بوو ئەو کارە بکەین و تۆڵەی شەهیدان بکەینەوە.

- عەبدوڵا: ئەو کاتە هەتا دێکان دەیانووت کۆمەڵە چییە، دوای لێدانی پارێزگاری سلێمانی ئیتر زانیان کۆمەڵە چییەو چی نییە، دواتر دەنگێکی ئێجگار زۆری دایەوە لەناو هەموو کوردستاندا.

فخرالدین عزیز صالح

چاودێر: کاکە فاخرو کاکە عەبدوڵڵا خۆشحاڵین بەبینینتان. نهێنییەکی مێژوویی گەورە ئەمرۆ لەرێگەی هەردووکتانەوە ئاشکرا ئەکەین. ئەم نهێنییە زۆر کەس بەشێوەی جۆراوجۆر ئەیگێڕنەوەو لە T.V دا قسەی لەسەر کراوە، لەرۆژنامەکاندا لەسەری نووسراوە. ئێوە دوو شایەت و دوو قارەمانی ناو ڕووداوەکەن. پێمان خۆشبوو لەیادی (٢٨) ساڵەی لێدانی پارێزگاری سلێمانیدا، کەلەتۆڵەی شەهید شەهاب و شەهید جەعفەرو شەهید ئەنوەر ئەنجامدرا چاوپێکەوتنێکتان لەگەڵدا بکەین بۆئەوەی وردەکاری ئەو قارەمانێتییە لەزمانی خۆتانەوە بۆ خەڵکی بگێڕنەوە. بزانرێ قارەمانە ڕاستەقینەکان لەمێژووی ئەم شۆرشە کێن، ئەوانەی کەزۆر ماندوو بوون و خۆیان هەڵناکێشن، ئەوانەی کە کەم ماندوو بوون و خۆیان هەڵئەکێشن، لەیەکتر جیابکرێنەوە. کاکە فاخر خەڵکی کەرکوکی و کاکە عەبدوڵڵا خەڵکی سلێمانیت، هەر یەکێک لەئێوە باوەڕم وایە لەدوای ئەم چاوپێکەوتنە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەتانناسن، زۆرتر باس ئەکرێن و ڕەنگە زۆرتر قسەتان لەگەڵ بکرێ. ئێوە خۆتان ئەزانن چالاکییەکە لەسەر داخوازی ڕێکخستنی ناوشار نامەیەک بۆ هێزی پێشمەرگە نێردرا. بۆ کاک سالار عەزیزو مەسئولەکانی ئەو کاتەی پێشمەرگە، ووتراوە لەو نامەیەدا ئامادەین چالاکیەکی گەورە لەسلێمانی ئەنجام بدەین لەتۆڵەی شەهید شەهاب و هاورێکانی، کۆمەڵێک بیروڕا هەبوو، هەم پێشمەرگەی ناوشار، هەم پێشمەرگەی دەرەوە ئەبوایە ئەو چالاکیە ئەنجام بدەن. کاغەزەکەی شار لەلایەن کاک سالارو برادەرانەوە بەبەرزی نرخێنرابوو، دەست بەجێ مەفرەزەیان ناردبوو کەهاوکاری ڕێکخستنی ناوشار بکەن بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییەو تۆڵەسەندنەوە لەدوژمن. یەکێ لەو کەسانەی نێردرا بوو، کاکە فاخرە لەگەڵ شەهید سۆران و چەند پێشمەرگەیەکی تر، دوایی بژاردن کردن تەنها فاخرو سۆران مانەوە لەسلێمانی. ئێستا ئەو هەموو سەرگوزشتانە ئەگێڕینەوە، یەکەم جار ڕووی قسەمان ئەکەینە کاکە فاخر، ئەڵێین کاکە فاخر تۆ لەساڵی چەند بوویت بەپێشمەرگەو لەلای کێ و لەچ دەستەیەک لەدەستە سەرەتاییەکانی شۆڕش پێشمەرگە بوویت؟

فاخر: من کە هاتمەوە لەئێران لە هاوینی ١٩٧٦ بووم بەپێشمەرگە لای کاک سالار عزیز لەناوچەی سەفرەو زەڕوون. بووین ئەوکاتە لای ئەوان مامەوە، ماوەیەک جەولەمان ئەکرد لەو دێهاتانە، سەرەتای شۆڕشی (ی.ن.ک) بوو لەو کاتەدا حکومەت زوڵم و زۆرێکی گەورەی ئەکرد لەمیللەتی کورد، ئەوەبوو ئەو هاورێ قارەمانانە کەشەهیدکران بڕیاردرا لە تۆڵەی ئەو شەهیدە سەرکردانەدا، دەستێک بوەشێنرێت لەتۆڵەی ئەواندا.

چاودێر: ماوەی چەند پێشمەرگە بوویت هەتا نێردرای کەبێی لەلێدانی محافز بەشداری بکەیت؟

فاخر: ئەقریبەن دوو مانگ بۆ سێ مانگ بوو.

چاودێر: باشە کاتێک کەئێوە بیستان کاک شەهاب و کاک جەعفەرو کاک ئەنوەر لەسێدارەدراون، ئەمە لەناو هێزی پێشمەرگەو جووتیارانی کوردستان و مەسئولین و کادرەکان، چ کاریگەرییەکی هەبوو؟

فاخر: کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبوو، لەبەرئەوەی ئەوان سەرکردەو قارەمان بوون، سەرکردەی شۆڕشەکە بوون لەناوشارو لەدەرەوەش، لەزیندانیشدا زۆر قارەمان بوون، ئەوە بۆخۆی گورزێکی زۆر گەورە بوو لەیەکێتی درا، لەریزەکانی شۆڕش درا، ئێمەش وامان بەباشزانی تۆڵەیان بکەینەوە.

چاودێر: کەبڕیاردرا تۆڵەی شەهید شەهاب و هاورێکانی بسەندرێتەوە کێ قسەی لەگەڵ کردی، تۆ خۆت دەست پێشخەریت کرد بچیتە مەفرەزەیەکەوە بۆ تۆڵە سەندنەوە، یاخود پێت سپێردرا، یان ئەمرت پێکرا بچیتە ناو ئەم مەفرەزەیە؟

فاخر: ئەوەی ڕاستی بێت، ئێمە ئەوکاتە چەند برادەرێکی پێشمەرگە زیاد لەیەکەوە نزیک بووین، شتێکی وافاتە ئاراوە کەبچین بۆ ناوشار ئەوانیش منیان دەست نیشان کرد، کاک فەتاح یەکێ بوو لەوانە برادەرێکی تر عومەری ئەورەحمانی هێلکەیان پێئەوت، خەلیفەو عومەری ئەمینی بوش، شەش کەس هاتبووین.

چاودێر: باشە کێ یەکەمجار بانگی کردن و پێی ووتن وەرن ئەم مەفرەزەیە پێکەبێن و بچن بۆ ناوشار کارەکە بکەن؟

فاخر: کاک سالار عزیز.

چاودێر: کۆبووەوە لەگەڵتان؟

فاخر: بەڵێ کۆبووەوە لەگەڵمان و ووتی پێم خۆشە ئەگەر ئێوە توانای ئەوەتان هەیە بچن بۆناشارو چالاکییەکی وابکەن، کەدەورێکی باڵاتان هەبێ لەناو کوردستاندا دەنگ بداتەوە، شتێکی وابکەن، ئێمەش هەموومان ئامادەبووین.

چاودێر: ئێوە لەکوێوە هاتن، ئەو دانیشتنە لەکوێ بوو، لەکوێوە کەوتنە ڕێ و چۆن گەیشتنە ناوشار؟

فاخر: عەسر بوو لەناوچەی چۆخماخ بووین، لەچۆخماخەوە کەوتینە ڕێ، هاتینە نزیکی قەیوان، لەنزیکی قەیوان پشوویەکمان دا هێشتا ئێوارە بوو ووتمان باتەختێک تاریک بێت تاکو رووبکەینە ناوشارو درەنگ بگەینە ناوشار، لەبەرئەوەی ناو شار چۆڵ بێت، دەوروبەری سەعات یەکی شەو بوو گەیشتینە ناوشاری سلێمانی.

چاودێر: چوونە کوێ؟

فاخر: یەکسەر هاتین چووینە ماڵی، وابزانم خوشکەکەی شەهید ئەنوەر بوو.

چاودێر: بۆ بەیانییەکەی لەناوشار کێ پەیوەندی کرد بەئێوەوە؟ چوون بۆ کوێ، چیتان کرد؟

فاخر: ئێمە زۆر مابینەوە لەناوشار، ١٠-١٥رۆژ مابینەوە، بەڵام من وەکو خۆم زۆر شارەزای ناو سلێمانی نەبووم بەتایبەتی ناوگەڕەکەکانی و خەڵکەکەشیم کەم ئەناسی، ئەو برادەرانەی لەگەڵمدا بوون ئەوان شارەزا بوون، چەند جارێک کاک مەلا بەختیار سەردانی کردین لەهەموو شوێنەکانداو بیروڕای لەگەڵماندا ئەگۆڕییەوە، دواتر ئەو برادەرانە لەبەردروست بوونی کێشەی ناخۆش لەناوماندا، جیابوونەوەو منو شەهید سۆران مابینەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکە.

چاودێر: باشە ئێوە، پێم وایێ لەجولەکان بوون جارێکیان لەماڵی کاک تەها بوون جێیێک هات بەدوایاندا بتانگوێزێتەوە لەوێ؟

فاخر: لەخەیاڵمدا نییە، بەڕاستی زۆرشت هەیە لەبیرم چۆتەوە، بەس ئەزانم چووینە گەڕەکی جولەکان، لەوێشەوە چووینە ماڵی مامۆستا ئەنوەرو جارێکیش بەپاسێکی هەژدە ئەفەری ڕۆیشتین، لەماڵی مامۆستا ئەنوەر شەوێک مابینەوە، کەناوە ڕەسمەکەی (مامۆستا ڕەفیق) بوو، وەفاتی کرد.

چاودێر: ئەوان ئەیانزانی ئێوە بۆچی ڕۆیشتوون؟

فاخر: ئەیانزانی پێشمەرگەین بەڵام نەیانئەزانی بۆچی چووین.

چاودێر: دوای ئەوە کێ هات بەدوایانداو ئێوەی لەوێوەبرد؟

فاخر: کاک مەلا بەختیار بوو.

چاودێر: دوای ئەوەی هاتنە ناوشار دوایی ڕێکخستنی ناوشار کەبۆی دەرکەوت کامتان ئیشەکانی پێئەکرێ و کامتان پێی ناکرێ، کێ مایەوە بۆئەوەی کارەکە بکات؟

فاخر: کاک مەلا بەختیار ئاگادارە کەمن و شەهید سۆران مابینەوە، بەس ئێمە سیانە کاک مەلا بەختیار دانیشتنێکی لەگەڵماندا کردو ووتی: بەم شێوەیە کارەکە ئەکەین و شوێنەکەی دیاریکرد. ئێمەش برد پیشانی داین، ئێمەش شوێنەکەمان پەسەند کرد.

چاودێر: کاک عەبدوڵڵا یەکێکە لەو کەسانەی کەلەپێشدا باسمانکرد، دەورێکی گەورەی هەبوو بۆئەو کارە، کەلەناوشار بوو چۆن زانی مەفرەزەیەک لەناوشارەو کێ پەیوەندی پێوەکردی بۆئەوەی تۆ بەسەیارەکە دەبێ خزمەتیان بکەی؟

عەبدوڵلا: من ئەوەڵ جار لەگەراجی گۆیژە ئیشم ئەکرد، کاک مەلا بەختیارو کاک دلێری سەید مەجید ئەهاتن زوو لەگەڵمدا سوار ئەبوون،

ئەوان کەهەموو پێکەوە دانیشتبووین، ووتیان کارەکە ئاوا ئەکرێ و لەتۆڵەی شەهید شەهاب و هاورێکانی و ئەبێ بیشبکەین و ئەبێ سەرکەوتووش بین و گرنیشمان و سەرکەوتوو بووین، من کەوا زۆر سوور بووم بەشداری کارەکە بکەم، دوای کارەکەش چوومە ماڵەوە بەباوکم ووت: ئەوە ئەچمە دەرەوە، باوکم ووتی ئەی رۆڵە براو خوشکەکانت چی لێئەکەیت کەئەگیرێن، ووتم میللەتەکەم پێویستی بەخوێنی ئێمەیە.

چاودێر: کاک فاخر دوای ئەوەی هەموو بیرورایەک لێکدرایەوە، پێشنیار هەبوو، ئیتر ساغبوونەوە لەسەر ئەوەی کەلەسەرجادەی مەولەوی، لەسەر ئەو مزگەوتەی بەرامبەر بانکی ڕافیدەین، تۆو شەهید سۆران، کەشەهید (ئەنوەری تۆفیق هەورامی قارەمان)ە، ئیتر ئامادەبوون کەئەو کارە جێبەجێبکەن، ئەو رۆژەی کەبەئێوە ووترا بەیانی ئەچن بۆ جێبەجێکردنی کارەکە، خۆت و شەهید سۆران لەبەینی خۆتاندا بیرتان لەچی ئەکردەوە؟

فاخر: بیرمان لەوە کردەوە بچین بۆئەم ئیشە، گەورەترین شت ئەوەیە سەرکەوتووبین لەکارەکەدا، باوەربکەن مردن هیچ بەلامانەوە گرنگ نەبوو، بەلامانەوە گرنگ بوو ئەو کارە بکەین و تۆڵەی شەهیدان بکەینەوە.

چاودێر: ئەو شەوە تایبەتی خەوتان لێکەوت، خەوتان لێنەکەوت، پەیوەندیتان بەکەسوکارتانەوە کرد، شەهید سۆران کەسی بینی، تۆ کەست بینی، بەئاسوودەیی خەوتن، یان هەر لەخەیاڵی کارەکەدا بوون؟

فاخر: بەڕاستی هەر لەخەیاڵی کارەکەدا بووین، من کەسوکاری خۆمم نەبینی، بەڵام شەهید سۆرانی ڕەحمەتی کەسوکاری خۆی بینی، شەو خەومان لێنەکەوت ئاماوەیەکی زۆر بیرمان لێئەکردەوە، چی بکەین.

چاودێر: ئێوە ئەتانزانی ئەمە کارێکی گەورەیە ٨:٣٠بەیانی لەپارێزگاری سلێمانی و لەناو چەقی سلێمانی لێی بدەی، لەسەردا چەند مردنتان بۆخۆتان دانابوو؟

فاخر: لەسەدا سەد، بەڵام کارەکەمان بەلاوە گرنگ بوو نەک مردن.

چاودێر: ئەو بەیانییەی کەوتنە ڕێ هاتن بۆ شەرەکەی کێ هات بۆلاتان و شتەکانی بەووردی بۆ باسکردن؟

فاخر: کاک مەلا بەختیار هات بۆ لامان، شتەکانی بۆ باسکردین و هەموو شتێکی تێگەیاندین. ئیتر بەرچاومان بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکە ڕۆشن بوو.

چاودێر: ماوەی چەندی خایاند ئێوە لەسەربانەکە بوون؟

فاخر: بەڕاستی زۆر مابینەوە، دواکەوت و ترساشین.

چاودێر: ئەو دواکەوتنە چ حاڵەتێکی لای ئێوە دروستکرد؟

فاخر: ترساین کەئیخباری کرابێن، بۆیە لەکاتی خۆیدا نەیەت بۆ دەوام.

چاودێر: باشە ئەتانتوانی پاشەکشە بکەن لەخۆتانەوە بەبێ بڕیار؟

فاخر: نەخێر، چاوەڕێی ئەمری کاک بەختیارمان ئەکردو هەر سەرەتاتێکیمان بوو چاوەڕێ بووین ئیشارەتمان بۆ بکات و ئامادەبین.

چاودێر: گوایە بیست و دوو دەقیقەی خایاندووە، ئێوە ٨:١٥چوونەتە سەربان، بەڵام ئەو ٨:٣٧ گەیشتووە، عەبدوڵلا تۆ سابەقی سەیارەکە بوویت، پێشمەرگە لەسەیارە دابەزیوە، سەرکەوتۆتە سەر مزگەوت، تۆ چاوەڕێ ئەکەیت لەکاتی خۆیدا کە ٨:٣٠دەقیقە تەقەبکرێت و پاشەکشە بکەن، بێن سواربن و برۆن، بیست و پێنج دەقیقە دواکەوتن لای تۆ چ پرسیارێکی دروستکرد؟

عەبدوڵلا: پرسیاری زۆر لای من دروست بوو، ترسی ئەوەم هەبوو ئاشکرا بوویتین یان کارەکە نەکرێت، بەڵام من چاوەڕێی ئەوەم ئەکرد ئەمریکم بۆبێت ئەگەر پاشەکشە بکەم، من ئەبوایە چاوەڕێی ئەو برادەرانە بم کەبێنە خوارەوە، کەئەوان هاتنە لام ئینجا ئینسیحاب بکەم، هەتا یەکێکیان دانابوو وەکو حیمایەی من، دایان نابوو کەچی ئەو دەمانچەکەی فرێداو ڕای کردو منیشی بەجێهێشت.

چاودێر: ئەو کەسەی بۆ حیمایەی تۆ دانرابوو، بۆ ئەوەش دانرابوو ئەگەر پۆلیسێک شتێک لەوێوە هات مەترسی بخاتە سەر ڕێگای کشانەوە، ئەو بەدەمانچەیەکەوە لەوێ حیمایەی ڕێگەی کشانەوە بکات، تۆ ئەت دی؟

عەبدوڵلا: ئەوەی کەدایان نابوو حیمایەی من بکات نەم دی، چونکە لەماڵیکدا بوو، ئەبوایە لەدەرەوە چاوەڕێی منی بکردایە، یان چاودێری منی بکردایە، یا خۆم ئەڕۆم لەترسانا ئەیەڵێ برۆم، یاخود حیمایەمان بکات کەئەگەر شتێ ڕوویدات، تەقە بکات، بۆ ئەوەی دەرباز بین.

چاودێر: لەو ماوەیەی کەلەوێ بوویت زۆری خایاند، بیست و پێنج دەقیقەیەک کەسێ کەتۆ بناسێ و سەیارەکەت بناسێ کەس ئێمەی لەوێوە

عەبدوڵلا: پرسیاری زۆر لای من دروست بوو، ترسی ئەوەم هەبوو ئاشکرا بوویتین یان کارەکە نەکرێت، بەڵام من چاوەڕێی ئەوەم ئەکرد ئەمریکم بۆبێت ئەگەر پاشەکشە بکەم، من ئەبوایە چاوەڕێی ئەو برادەرانە بم کەبێنە خوارەوە، کەئەوان هاتنە لام ئینجا ئینسیحاب بکەم، هەتا یەکێکیان دانابوو وەکو حیمایەی من، دایان نابوو کەچی ئەو دەمانچەکەی فرێداو ڕای کردو منیشی بەجێهێشت.

ئەوکاتە وەزعی کوردستانیان ئێ ئەگەیاندو پێشیان ووتم شتێکی وایە تۆ ئامادەیت بەشداری بکەیت لەو چالاکییە، منیش ئامادەیی خۆمم دەبڕی و زۆریشم پێخۆش بوو.

چاودێر: هەتا کارەکە جێبەجێکرا، تۆ کەست بینی لەپێشمەرگەکانی ناوشار؟

عەبدوڵلا: نەخێر.

چاودێر: کەی پێیان ووتی ئەو بەیانییەی نەخشەکە جێبەجێ ئەکرێ ئامادەبە؟

عەبدوڵلا: پێش ئەوە پێیان ووتبووم، چونکە پێش ئەوە کۆبوونەوەیەکمان کرد لەکانیسکان لەماڵێکدا کاک فوئادە ڕەشیشی تیادا بوو، کاک فوئاد یەکێ بوو لەوانەی ئاشکرادەبووەوەو بەمنی ووت: تۆ ئەو کارە ئەکەی کەسوکارت ئەگیرێ و ئەکوژرێن، بەڵام من هەر قبوڵم کرد، ووتم من ڕازیم بەهەموو شتێک بەمەرجێ کارەکە سەربگرێ.

چاودێر: بەمنی تۆ لەلای خۆتەوە هەموو شتەکانت لێکدابووەوە، ئەتزانی ڕژێمی عێراق هەموو شتێک ئەکات بەرامبەرت، بەڵام هەڵومەرجی میللەتەکەت وایلێکردبووی کەچاو لەهەموو شتێک بپۆشی بۆئەوەی کەبتوانی تۆڵەی شەهید شەهاب و هاورێکانی بکرێتەوە؟

عەبدوڵلا: بەڵێ، من پێیان ووتم کەشتێکی ئاوا هەیە، کاک بەختیارو کاک دلێری سەید مەجید

چاودێر: خۆت دەزانی بڕیار وابوو بچنە سەربانی مزگەوتەکەو لەوێوە تەقە بکەن شەوەکەی چیتان داواکرد بۆئەوەی بچنە ناو مزگەوتەکەو لەوێوە بۆ سەربانی مزگەوتەکە؟

فاخر: ئەو شەوە داوای پلاپسمان کرد، لەگەڵ زەمیلەیەک، بەپلاپسەکە شەهید سۆران دەرگاکەی شکاند و کلاشینکۆفەکانمان خستە ناو جانتایەک.

چاودێر: بەیانی کەلەماڵ کەوتنە ڕێ، سەعات چەند کەوتنە ڕێ و چۆن گەیشتنە شوێنی کارەکە؟

فاخر: کاک ئاسۆ هات بەشوێنماندا، سواری سەیارەکە بووین، هێنانی بۆ بەردەم مزگەوتەکە، لەوێ دابەزین، کاک بەختیار پێشوازی لێکردین و هیوای داین بۆ کارەکە، کەکاک بەختیارمان بینی دڵمان زۆرخۆش بوو. دواتر شەهید سۆران بەقادرمەکاندا سەرکەوت و منیش بەدوایدا، شەهید سۆران شارەزای شوێنەکە بوو.

چاودێر: کەچوونە سەربانی مزگەوتەکە چۆن سەیری سەربان و شوێنەکەتان کرد؟

فاخر: کەچووینە سەربانەکە، یەکسەر دانیشتین و لوولەی تفەنگەکانمان کردە سەرجادەکە، هەندێکیش بەرێدا ئەڕۆی سەیری ئێمەیان ئەکرد، کاک بەختیاریش بەرامبەرمان وەستابوو، کەئیشارەتمان بۆ بکات لەکاتی هاتنی پارێزگاردا ئەقەیان لێبکەین.

کەجێگەی گومانت بێت و بترسی؟

عەبدوڵلا: نەخێر کەس تێنەپەڕی و کەسم نەبینی، بەڵام وەکو باس ئەکەن ئەڵێن یەکێک (ناوەرێ ناوی بێنم) ئیخباری منو کەس و کاریشم و سەیارەکەشی کردووە.

چاودێر: یەکتریتان ئەناسی؟

عەبدوڵلا: بەڵێ ئەمناسی، بەبۆنەی ئەوەی کاتی خۆی باوکم لای عەلی سوور بووە، گۆشتی لێکڕیوون، بەبۆنەی ئەوەوە هەمووومان ئەناسی؟

چاودێر: کاکە فاخر دلەراوکێیەکی زۆر لەسەربان، چاوت لێیەتی پارێزگار کەی بێت و کەی نەیەت، دواکەوت، لەو کاتەی ئیشارەتت بۆ کرا کەئامادەبیت، تۆو شەهید سۆران لەو لەحزەیە چیتان بەیەکتر ووت؟

فاخر: ئێمە ووتمان ئەگەر هات وای لێئەکەین کەدەرنەچێ، بەهیچ ناوەجێ، ئەو کاتە بەس تەنیا سەرمان دیاربوو، لەکاک بەختیارەوە، کەئیشارەتی بۆ کردی، کتوپڕ بۆی کشاین بۆ سەربانەکەو لولەی تفەنگەکانمان کردە خوارەوە، کەگەشتە بەردەمان دەستڕێژمان لێکردو وەکو ڕێژنەی باران سەیارەکەمان دابێژا.

چاودێر: چەک چیتان پێبوو؟

فاخر: هەردووکمان مزەلیمان پێبوو، مزەلیەکەی ئەو حەفتاو پێنجی لەسەر بوو، هی من مەخزەنی

سالار عەزیزو یادەوەری بڕیار



دوای ئەوەی کەکاک شەهاب و هاورێکانی لەسێدارە دران، برادەرانی ناوشار نامەیەکیان بۆ کاک ئارام و من ناردبوو داوایان کردبوو لەتۆڵەی ئەم شەهیدانەدا چالاکیەکی گەورە ئەنجام بدەین. هەندێ کەسیان بۆ ئەو کارە بۆبنێرین، خۆشمان بەحەقی خۆمان ئەزانی لەتۆڵەی ئەواندا چالاکیەکی جەرگ بڕبێت بۆ ڕژێم و دەنگو سەدای باشی هەبێت. ئەوکاتە بەرێکەوت کاک عەلی هەسکەریش لەدێی گەورە دێی ناوچەی دۆڵی جافایەتی بوو، بەرنامەکەمان لەگەڵ باس کردو ئەویش زۆری پێ خۆش بوو، کەئەو کارە بکرێت. ئێمە پێنج کەسمان دەست نیشان کرد کە پێشمەرگەی کۆمەڵە بوون، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەو ناردنەوەیان بۆ لای ڕێکخستنی ناو شار لەوانە (شەهید سۆران، لەتیفی وەستا حەسەن (مستق)، فاخر، عومەری ئەورەحمانی هێلکە، عومەری غەریبی ئەمینی بوك) پاش قسەکردن و دانیشتن لەگەڵیان، پێشمەرگەکانمان بەرێکرد، پێمان وتن ئێوە ئەچن بۆ کارێك لەوانەیە لەسەر ژیانی خۆشتان بکەوێت، ئەمان هەموو ئامادەییەکی خۆیان پیشان دا ئەگەر مەرگی خۆشیانی تیا بێت. ئەوکاتانە لەناو گەنجەکانداو لەناو پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا، گیانی خۆبەختکردن بۆ کاری اغتیالات لەهەر شوێنێک ئەگەر ئەمریان پێ بکرایە ابو کارێکی خۆکوژیش بنێرانایە، ئەوکاتە بیروباوەڕو گیانی شۆڕشگێرانە زۆر گەورە بوو، هەربۆیە ئەو برادەرانە گەیشتبونە. ناو شار برادەرانی ڕێکخستن دوو کەسیان لێ هەڵبژاردبوون بۆ ئەو نەخشەیەی کەدایان ڕشتبوو ئەقە لەپارێزگاری سلێمانی بکەن دوو کەسەکەش (شەهید سۆران و فاخر) بوون.

دیارە نەخشەی ڕێکخستنی شار زۆر ڕێکوپێک و سەرکەوتوو بوو، کەلێك برادەری تریش بەشدارببوون لەنەخشە دانانەکەیا، بەتایبەت کاک مەلا بەختیار وە ئاگاداری هەموو کارەکان بوو. بەڕاستی ئەو دوو کەسە زۆر بەئازایەتی و قارەمانێتی و بەوپەڕی خۆنەویستییەوە، لەجادەی مەولەوی لەکاتی دیاریکراودا دەستی تۆڵەیان وەشاند. ئەوەبوو خۆشبەختانە بەسەلامەتی گەڕانەوە لامان، پێشتر دەنگو باسی ئەو چالاکیە گەورەیەمان بیست، زۆر زۆر پێخۆشحاڵ بووین و لەهەموو شوێنێکداو لەهەموو دێیەك باسمان دەکرد، کەئەوە کۆمەڵە بوو ئەو کارە گەورەیەی کردووە، کۆمەڵە ئەتوانێ کاری لەوە گەورەترو لەوە باشتر ئەنجام بدات لەهەر شوێنێك کەویستی. بەڕاستی کارەکە تێزو ئەوزمێکی گەورەیدا بەبیروڕاو توانای نەك هەر ریزەکانی پێشمەرگە، بەڵکو ڕێکخستنەکانیشدا. سەلماندی کە (کۆمەڵە) ڕێکخستنێکی پتەوی تونددوتۆڵەو ئاوێنەی خەبات و تێکۆشانی شەڕی پێشمەرگانەشەو هەر ئەوەش بووە مایەی کە هەم ریزەکانی ڕێکخستن هەم لەناو هێزی پێشمەرگەدا گیانی ئامادەبوون بۆ گیان فیدایی و بۆ هەر کارێکی چەند مەترسیداریش بێت لەسەر ژیانی کە ئەو کەسە ئامادە بێ جێبەجێ بکات. چەندەها لاوی خوێن گەرم ئەهاتن ئامادەیی خۆیان پیشان ئەدا کەهەرچیان پێ بوترێ جێبەجێ بکەن. دەتوانرا ئەو ڕێژەوەی گیرایە بەر، ئەو حەماسەت و ئامادەیی و گیانی لەخۆبردنە کەدروست بوو بوو، خامۆش نەکرایەتەوەو لەو بوارەیا ئاشاربرێتەوە کەدوا بەدوای ئەوە ئیشی گەورەتریش کرا، تەنانەت لەناو بەغداش. ئەشتوانرا بکرێتە نەریتێکی گەورەی بەکۆمەڵ، بەبێ ئەوەی ئەوەندە سڵ لەمەترسی تیاچوونی ئەندامان، یان بەمانایەکی کە: ئەیهێنا لەدۆخێکی ئاوادا بەرامبەر ڕژێمێکی خوێناوی ئێمەش بەخشندە بین بۆ بەخشینی خوێنی زیاتر لەو بوارەدا. بەتایبەتی ئەوەشمان بکردایەتە نەریتێکی گەورە وەکو نەریتی ئەو هەموو ئازایەتی و خۆڕاگرییەی کەدوابەدوای شەهیدبوونی کاك شەهاب و جەعفەرو ئەنوەرو ئەوان بووە ڕێبازی ئەوانەی کە لەلایەن ڕژێمەوە ئەگیران و ئەبرانە بەردەم ئازارو ئەشکەنجەو دواجار وەك قارەمان، یان سەربەرز ئەبوون یان سەرروەر دەردەچوون.

١٩٧٦/١٢/٢١

پارێزگاری سلێمانی

سیی بوو.
چاودێر: کەمحافز هاتە بەردەمتان، ئێوە ئەمرتان پێکرابوو کەنابێ یەك کەسیش بریندار بێت، تەنها سەیارەکە بپێکن، وایە؟
فاخر: بەڵێ وایە. گیانی خەڵکمان زۆر مەبەست بوو کەسیش بریندار نەکرێ چەند جارێکیش لەگەڵ كاك بەختیار بووین دەیگوت کەس شەهید مەکەن، خەڵك دەبێت بپارێزین، ئیتر کەگەشتە بەردەمی ئێمە، دوو ماتۆڕ لەپێشەوە ئەڕۆیشت، بەئەسپایی خۆمان حاڕزکردو چاومان بریە جادەکە کەگەیشتە بەردەممان دەستڕێژمان لێکرد، کەمن لەمەخزەنەکەی خۆم دەستم هەڵگرت شەهید سۆرانی ڕەحمەتیش راوەستا، بڕیارەکەمان وادابوو کە من مەخزەنێك بتەقێنم، کەمن هەستام ئەویش هەستاو هاتینە خوارەوە.

عەبدوڵلا: لەگاپێڵۆن كاك ئاراممان بینی، كاك ئارام کابرایەکی زۆر سادەو ساکار، کەسێك بووە لەگەڵ پێشمەرگە خۆی جیانەکردۆتەوە، سیاسییەکی زۆر گرنگ بوو، ئەگەر دینارێکی پێبووبێت لەگەڵ پێشمەرگەکان بەشی کردووە، یەکێ بوو لەوانەش کەدایمە پارەی پێنەبوو...

چاودێر: ئێوە چاوتان لێبوو سەری سەیارەکە کەفیشەکەکانی بەرئەکەوت؟ چۆن بوو ئەو دیمەنە؟
فاخر: بەڵێ، ئەو وەختەی هاتە بەردەستمان لەگەڵ تەقەکردندا یەکسەر سەیارەکە راوەستا، گوللەکان بەر سەقفەکە کەوت، باش باش چاومان لێی بوو.
چاودێر: ئەگێڕنەوە ئەڵێن وەکو دڵۆپە باران بەسەر سەیارەکە گوللە دابارییەو مارسیدسێکی ڕەش بوو؟
فاخر: بڕواناکەم بەرجامەکانی کەوتبێ، هەموو گوللەکان بەر سەقفەکە کەوت لەسەرەوە بۆ خوارەوە.
چاودێر: چاوتان لەخەڵك بوو ئەو کاتەی تەقەتان ئەکرد؟
فاخر: ئەو وەختە ئێمە تەقەمان لێکرد، خەڵك دوورکەوتنەوە بەڕاکردن لەو ناوە. پۆلیسی ماتۆڕەکانیش ڕایانکرد، نەوەستان.
چاودێر: كاك عەبدوڵلا، تەقەیەو لەسەریان دەستی پێکرد، لەو لەحزەیە تۆ چیت کرد؟
عەبدوڵلا: من یەکسەر چوومە ناو سەیارەکەو سەیارەکەم ئیش پێکردو خۆم حازر کردو هەردوو دەرگای دواوەم کردەوە بۆئەوەی ئەمان بێن و بڕۆین.
چاودێر: بڕیارەکە وابوو کەتۆ گوێت لەتەقە ئەبێت خۆت ئامادەکەی، هیچ دوودڵیەك یان شڵەژانێك دروست بوو لای تۆ؟
عەبدوڵلا: هیچ لای من دروست نەبوو، من دڵم بەوە خۆش بوو کەعەمەلییەکە سەری گرتووە پێشمەرگەکان دێن و بەسەلامەتی دەرئەچین، جگەرەی مۆریم پێبوو لەخۆشیا گیرانی (محمدی مامڵێ)مان لێ ئەداو بەجادەکەدا ئەڕۆیشتین و لەسەر جادەی خانەقارە سەرکەوتین بۆ ئەو جێگەیەی كاك بەختیار بۆی دیاریکردبووین.
چاودێر: ئەی خەڵکی کۆڵانەکەو گەڕەکەو ئەوانە، چیان کرد لەکاتی بیستنی تەقەکەدا؟
عەبدوڵلا: خەڵکەکە لەو کاتەدا زۆر شڵەژابوو، عاجباتیشیان لێ ئەهات کە دوو چەکدار خۆیان کرد بەتەکسیەکەدا، هەموو سەیری سەیارەکەیان ئەکرد بەس ئەیانئەزانی چەپەسابوون.
چاودێر: لەکوێوە بۆی دەرچوون؟
عەبدوڵلا: ئێمە لەکۆڵانەکەی بەرامبەر مزگەوتەکە بەرەو خوارەوە ئەهاتینەوە بۆ چوارباخ، لەچوارباخەوە بۆ فولکەی خانەقا، لەفولکەی خانەقاوە بۆ فولکەی سەرکارێز، لەفولکەی سەرکارێزەوە بۆ فولکەی ئیستای ئاسۆی دەلال، لەوێوە سەرکەوتم بۆ ئیبراهیم پاشا لای گۆزەکان، لەوێ كاك بەختیار ماڵێکی بۆ دیاریکردبووین چووینە ئەو ماڵە، هەتا ماڵەکە لەماڵ نەبوون، خۆم ماڵەکەم کردەوە، چوومە ئەو دیوەوە، ئەمانم داناو من چووم سەیارەکەم بردەوە بۆ گەراج.
چاودێر: کاکە فاخر ئەوە ئەقە تەواو بوو هاتنە خوارەوە، کەهاتنە خوارەوە چەندتان پێخۆش بوو کە کاکە عەبدوڵلا بەجوامێرییەوە چاوەڕێتان ئەکات؟
فاخر: کەهاتینە خوارەوە بەو حەماسەوەو سەیارەکەش حازر بوو، وەکو چۆن یەکێ بچێ بۆسەیرانێك بەو شێوەیە هیچ ترسێکمان نەبوو.
چاودێر: کە هاتنە ناو سەیارەکە لەگەڵ عەبدوڵلاو شەهید سۆران باسی چیتان کرد؟
فاخر: ووتمان کارێکی باشمان کردووەو دەستێکی باشمان وەشاندو ووتمان بەخوا بڕواناکەین مابین، هەموومان بەپێکەنین و خۆشیەوە کەوتینەڕێ.
چاودێر: کەشتنە ماڵەکەو بەرێکەوت لەوێ نەبوون و دەرگا نەکرایەوە، ئێوە نەشڵەژان؟
فاخر: ئەوەی ڕاستی بێت کەئێمە هاتینە بەردەم دەرگاکە من ماڵەکەم نەئەناسی، شارەزاش نەبووم، نەشمزانی ئەوێمان بۆ دانراوە کەبچینە ئەوێ، بەڵام کەگەیشتینە ئەوێ لەدەرگامان دا دەرگـــا داخــرا بوو، كاك عەبدوڵلا بەدەرگاکەدا سەرکەوتر چووە ئەودیوەوەو دەرگای کردەوەو ووتی وەرنە ژوورەوە، ئێمەش بەشوێن ئەودا چووینە ژوورەوەو دەرگامان داخست.
چاودێر: باشە ماڵ لەوێ نییە چیتان کرد لەوێ، لەکوێ دانیشتن؟
فاخر: لەحەوشەکە دانیشتین.
چاودێر: دوای چەند ماڵەکە هاتنەوە؟
فاخر: تەقریبەن عەسریبوو هاتنەوە.
چاودێر: هیچ ترسێکتان هەبوو، ئێوە لەماڵ خەڵکێ دانیشتوون تەفەنگتان پێیەو شار شڵەژاوە؟
فاخر: بەراستی ئێمە مردنمان خستبووە ئەولاوە، هیچ ترسێکمان نەبوو تەنها ووتمان ئەگەر هەر شتێ بێ ئەگەر ئیخباریش کرابێ چەکمان پێیە، هەتا توانامان هەبوو مقاوەمە ئەکەین.
چاودێر: ئەی کەماڵەکە هاتنەوە؟
فاخر: کەماڵەکە هاتنەوە چاویان پێمان کەوت بەلایانەوە زۆر سەیربوو، کە چۆن لەماڵەوەین، لەپێشدا ژنەکە هاتەوە، دوای ئەوە پیاوەکە هاتەوە، ناوی كاك سەردار بوو.
چاودێر: چەند شەو لەوێ مانەوە؟
فاخر: سێ شەو ماینەوە.
چاودێر: شەو کێ هات بۆ لاتان؟
فاخر: كاك بەختیار هات بۆلامان، ووتی دەستتان خۆشبێ، ئیشەکەتان زۆر پیاوانەیە، مەبەستمان پێکاوە، لەگەڵ هاتنەکەشیدا هەندێ فیشەکو قومبەلەو پاقلاوەو میوەی بۆ هێنابین.
چاودێر: كاك عەبدوڵلا تۆ، پێشتر شوێنەکەت پێنیشاندرابوو؟
عەبدوڵلا: بەڵێ من كاك بەختیار خۆی هات لەگەڵمدا شوێنەکەی پیشاندام ڕۆژێك پێش عەمەلییەکە، ووتی کە کارەکانتان جێبەجێ کرد برادەران ئەهێنیتەوە ئەم ماڵە.
چاودێر: کەپێشمەرگەکانت دانا سەیارەکەت برد بۆ کوێ؟
عەبدوڵلا: سەیارەکەم برد بۆ گەراجی گۆیژە، لەگەراجی گۆیژە کۆڵانێکی لێیەباخچەیەکی لێبوو، لەوێدا لەبەردەرگی سەرا، لەوێ گەراجێکی لێبوو سەیارەکەم دانا، دواتر سەیر ئەکەم ئەمنەکان هاتبوون ئاقیبی من ئەکەن، ئیتر منیش چوومە ماڵەوە ئەو زەمیلەیەی کەمەلا بەختیار پلاسیو شتەکانی تیابوو، لەماڵەوە دامنابوو، چووم بۆی، دوایی دایکو باوکم ووتیان بۆ کوێ ئەچی، ووتم ئەچمە دەرەوە، ووتیان بۆ کوێ بۆ دەرەوە، ووتم شتێکی وام کردووەو ناتوانم لەم شارە ئیدارە بکەم و ئەبێ بڕۆم.
چاودێر: دوایی بڕۆیم چی کرد بەکەس و کارت، خۆت چەند شەوێك لەسلێمانی لەکوێ مایتەوە؟
عەبدوڵلا: من ئەو ڕۆژەی برادەرانم لەو ماڵە دانا، ئێوارەیەکی درەنگ هاتمەوە لایان ئەو شەوە لایان مامەوە، ئەو شەوە كاك ئەبەزو ئەوان هاتبوونە ناو شارو تەقەیان کردبوو لەو گەڕەکە، دوو شەو لەماڵی ئەو كاك سەردارە مایەوە دواتر بۆ ڕۆژی دوایی كاك بەختیار هات ئێمەی گواستەوە بۆ ماڵێکی تر.
چاودێر: لەکوێوە ئیتر ئێوە سلێمانیتان بەجێهێشت و بەرەو ناو هێزی پێشمەرگە ڕۆیشتن.
فاخر: یەکەمجار ڕۆیشتین چووینە ناو معەسکەری ساردا و بەجادەکەیا ڕۆیشتین بەرەو ناوەڕاستی معەسکەرەکە ئەڕۆیشت، ڕێگەکە شارەزا نەبووین، کەتەماشانەکەین زیلێك بەرەو ڕوومان ئەهات، چـــەمێکی بچووکی تیابوو لەو ناوە خۆمان تیادا

فاخر: کەگەشتە بەردەمی ئێمە، دوو ماتۆڕ لەپێشەوە ئەڕۆیشت، بەئەسپایی خۆمان حازرکردو چاومان بریە جادەکە کەگەیشتمە بەردەممان دەستڕێژمان لێکرد، کەمن لەمەخزەنەکەی خۆم دەستم هەڵگرت شەهید سۆرانی ڕەحمەتیش راوەستا، بڕیارەکەمان وادابوو کەمن مەخزەنێك بتەقێنم، کەمن هەستام ئەویش لەگەڵ مندا هەستاو هاتینە خوارەوە..

مات کرد، تا زیلەکە ڕەت بوو، کات زۆر درەنگ بوو بوو، ووتمان ڕۆژمان بەسەردێ جارێکی تر گەڕاینەوە سلێمانی.
چاودێر: دوایی چۆن چوونەوە بۆ ناو پێشمەرگە؟
فاخر: دوایی هەر لەو ڕێگەیەوە دەرچووین بەڵام لەخوارترەوە، لەوێوە ڕۆیشتین بەڵام مەفرەزەی پێشمەرگەکانمان نەدۆزییەوە، لەوێوە بەرەو قەیوان ڕۆیشتین.
چاودێر: لەکوێ یەکەم جار پێشمەرگەتان بینی؟
فاخر: لەچنگیان پێشمەرگەمان بینی.
چاودێر: مەسئولی پێشمەرگەکان کێ بوو؟
فاخر: كاك سالار بوو، جەولەیەکیان کردبوو بۆ ناوچەی هەورامان و ئەوانە، کەئێمەش چووین ئێمەیان بینیوە، کارەکەیان بیستبوو، هاتن ئەملاولایان ماچ کردین و ووتی شتێکی پیاوانەتان کردووە ئێمە زۆرمان پێخۆشبوو کە هەواڵەکەمان زانیوە.
چاودێر: مەسئول پێشمەرگەکان هەموویان ئەیانزانی کەئێوە ئەو کارەتان کردووە؟
فاخر: بەراستی ئەو مەفرەزەیە بەتایبەتی هەموویان ئەیانزانی، لەبەرئەوەی کاتێ دەرچووین لای ئەوانە دەرچووبووین، ئاگاداربوون کەئێمە ڕۆیشتین بەرەو ناوشار.
چاودێر: ئەو کاتە هەواڵەکە زۆر بڵاوببوەوە لەناو جوتیاران و خەڵك، ئەتانبیست باسی کارەکە بکرێت؟
فاخر: ئێمە ئەچووینە هەر دێیەك ئەو وەختە هەر سێکمان پێکەوە هێشتا پێشمەرگەکانمان نەبینیبوو، لەهەموو شوێنێك هەر باس باسی ئەوەبوو لەمحافزی سلێمانی دراوە، ئێمەش وامان پیشان نەئەدا کەئاگامان لەو کارە هەیە، بەڵام خۆمان پێمان خۆشبوو.
چاودێر: پرسیاریان لەئێوە ئەکرد جوتیارەکان و خەڵك کەئەم کارە کێ کردوویەتی و چۆنکراوە؟
فاخر: ئەو خەڵکانەی کەپرسیاریان ئەکرد، پرسیارەکانیان زۆر ئاراستەی ئێمە ئەکرد، وایان ئەزانی ئێمەش پێشمەرگەین لەدەرەوەو ئەیان ئەزانی تازە لەشارەوە هاتوویین و خەبەری ناوشار بزانین، ئەوان ئەیانزانی کەپێشمەرگەی یەکێتی ئەو کارەی کردووە، بەڵام نەیانئەزانی کەئێمەین.
چاودێر: باشە ئەوکاتە چەند باڵێك هەبوو لەناو یەکێتی ئێوە پێشمەرگەی کۆمەڵە بوون، پێشمەرگەکانی کۆمەڵە شانازییان پێوە نەئەکردو بڵێن ئەمە کۆمەڵە کردوویەتی؟
فاخر: بەڵێ وایە، خەڵك زیاتر باسی کۆمەڵەی ئەکرد، ئەوەی لەناوشاردا کە دەوری هەبوو کۆمەڵە بوو ئێمەش خۆمان زۆر بەبەختیار دەزانی کەپێشمەرگەی کۆمەڵەین.
چاودێر: خەڵاتکران لەسەر ئەو مەسەلەیە؟
فاخر: خەڵاتی ڕەمزی ئەکراین بەڵام دەست خۆشی و ئافەرین ئەکراین، شانازیمان پێوە ئەکرا.
چاودێر: ئافەرینی ئەو کاتەو پێکەنینی ئەو کاتەی پێشمەرگەو مەسئولەکان گەورەترین خەڵات نەبوو؟
فاخر: بەراستی گەورەترین خەڵات بوو، ئەو وەختە بەراستی کەباوەشیان پیاماندا ئەکردو ئەیان ووت پاخوا بەخێربێن و دەستخۆشیان لێئەکردین، هەموو شتێك بوو بۆ ئێمە.
چاودێر: ئێوە خۆتان بیرتان لەخەڵات ئەکردەوە جێگەلەوەی ئیحترام بگیرێن؟
فاخر: نەخێر ئەوکاتە چاوەڕێی هیچ پاداشتێکێك نەبووین، ئەمانووت پێشمەرگەی کوردستانین، چاوەڕێی هیچ شتێك نەبووین.
چاودێر: شکتان ئەبرد مەسئولەکان شتێکیان هەبەو لەپاداشتی ئەو کارە ناتاندەنێ؟
فاخر: نەخێر، مەسئولەکانیش وەك ئێمە وابوون.
چاودێر: دوای ئەوە شەهید ئارامتان بینی؟ بەماوەی چەند بینیتان؟
فاخر: ماوەکەی دڵنیانیم، بەڵام یەکەمجار لەگەورە دێ بینیم.
چاودێر: ئەو وەختە باسی چی بۆ کردی؟
فاخر: ئەو وەختە زۆرێك لەبەمسئولەکان حەزیان نەئەکرد شتێ بڵێن نەوەکو دڵمان عاجز بێ.
چاودێر: كاك ئارام یەکەمجار چۆن هاتە بەر چاوت؟
فاخر: كاك ئارام بەراستی سەرکردەیەك بوو، ئەو شەهیدەنەمرە بەراستی باس ناکرێ، مرۆڤێکی زۆر تێگەیشتوو، زۆر ڕێکوپێك، لەگەڵ هەموو کەسێکدا ئەگونجا، لەکاتی قسەکردندا زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو، قسەکانیشی زۆر خۆشبوو، هەر قسەی بکردایەو بەهەر کەسێکی بووتایە قەناعەتی پێئەکردو بەقسەی ئەکرد.
چاودێر: بەعنی متمانەتان هەبوو بە كاك ئارام، کەجارێ ناوی گەورە نەبوو، لەشۆڕشی ئەیلولدا ناوی نەبوو، قەدو باڵایەکی گەورەی نەبوو، کەئەتان بینی وەکو مەسئولێکی گەورەی خۆتان ئەهاتە بەر چاوتان؟
فاخر: كاك ئارام هیچ وەختێك لەناو شۆڕشدا خۆی بەمەسئول نەدەزانی، بەڵام ڕێزێکی تایبەتی هەبوو لەناو شۆڕشدا، هەرچەندە دەورێکی باڵای هەبوو لەناو سیاسەتدا، بەڵام وەکو ئەوەی خۆی فەرزبکات بەسەر خەڵکدا قەت شتی وای نەئەکردو لەگەڵ پێشمەرگە قەت خۆی جیانەئەکردەوە، هەر ئەمرێکیشی بکردایە جێبەجێ ئەکرا.
چاودێر: خۆشەویست بوو لەناو پێشمەرگە؟
فاخر: بەڵێ، من لەشەهید بوونەکەیدا زۆر چاك ئاگاداربووم، ئەو ڕۆژەی شەهیدکرا من نزیکی ئەو شوێنەبووم.
چاودێر: لەناو جووتیاران خۆشەویست بوو؟
فاخر: كاك ئارام باس ناکرێ، كاك ئارام ئینسانێك بوو وای کردبوو جێگەی لەناو دڵی هەموو خەڵکدا بوو، خەڵك زۆری خۆشئەویست.
چاودێر: عەبدوڵلا تۆ پێشمەرگەش نەبوویت و کارەکەت کردبوو، دوای کارەکە بووی بەپێشمەرگە، کەپێشمەرگەت بینی چۆنت بینین؟
عەبدوڵلا: کەمن پێشمەرگەم بینی هەمووی چلکنو پلکنو ریش هاتوو.
چاودێر: دەنگدانەوەی ئەو کارەی کە کردبووت، خەڵك ئەیزانی کەتۆ سایەقی سەیارەکە بوویت؟ پێشمەرگەکانت دەربازکرد، ئەمەت بۆ کێ باسکرد یەکەمجار، بۆ مەسئول بۆ پێشمەرگە بۆ ڕەفیقی خۆت؟.
عەبدوڵلا: من بۆ کەسم باس نەکرد، بەڵام لەسلێمانی خەڵك منیان ئاشکرا کردو کەس وکارم هەر ئەو ڕۆژە مەسرەکەی گیران.
چاودێر: ئەو ماوەیەی کەبوویتە پێشمەرگە لای کێ بوویت بەپێشمەرگە؟
عەبدوڵلا: من یەکەم جار چوومە دەرەوە لای كاك مولازم عومەر بووم، ماوەیەکی زۆر لەوێ مامەوە دواتر لەگەڵ كاك ئارامی ڕەحمەتیدا بووم.
چاودێر: مولازم عومەر چۆن باسی لێدانی پارێزگاری کرد، باسی کارەکانی کرد، پرسیاری لەو بارەیەوە چۆن لەتۆ کرد؟
عەبدوڵلا: هـــەموو شتەکانی زۆر بەشانازییەوە وەرئەگرت، ئێمەشی زۆر بەخەڵکێکی گەورە هەڵئەسەنگاند، كاك ئارامیش هەروەها.
چاودێر: هەستت کرد مەسەلەی لەدوای لێدانی پارێزگاری سلێمانی لەناو پێشمەرگەو لەناو خەڵکدا کۆمەڵە خۆشەویستتر بوو، ڕێزی زیاتر بوو، خەڵك زۆرتر بەتەنگیەوە دێت مەسئولەکانی چۆن بوون لەدوای ئەو کارە؟
عەبدوڵلا: ئەو کاتە هەتا دێکان دەیانووت کۆمەڵە چییە، دوای لێدانی پارێزگاری سلێمانی ئیتر زانیان کۆمەڵە چییەو چی نییە، دواتر دەنگێکی ئێجگار زۆری دایەوە لەناو هەموو کوردستاندا، ئەو خەڵکەی کە گومانێکیان لەسەر کۆمەڵە هەبوو، ئەو ترسەشیان ڕەویەوە زانیان کەکۆمەڵە چەند خەڵکی قارەمان و بەجەرگی تیادایە، چۆنیش کاری لەدەست دێت.
چاودێر: دوای ئەوە خەڵك زۆرتر ئەهاتە ڕیزی کۆمەڵەوەو ئەبوو بەپێشمەرگە؟
عەبدوڵلا: دوای ئەوە بەڵێ پەیتا پەیتا خەڵك ئەهات بەتایبەتی سلێمانی زۆر گەنجی سلێمانی هاتووەو پەیوەندی کردووە بەپێشمەرگەوەو ئەمەنیشیان کەمبوو.
چاودێر: كاك ئارامت لەکوێ بینی و یەکەم جار چۆن بینیت؟
عەبدوڵلا: لەگاپێڵۆن كاك ئاراممان بینی، كاك ئارام کابرایەکی زۆر سادەو ساکار، کەسێك بووە لەگەڵ پێشمەرگە خۆی جیانەکردۆتەوە، سیاسییەکی زۆر گرنگ بوو، ئەگەر دینارێکی پێبووبێت لەگەڵ پێشمەرگەکان بەشی کردووە، یەکێ بوو لەوانەش کەدایمە پارەی پێنەبوو.
چاودێر: یەکەمین کۆبوونەوە کە كاك ئارام کردبێتی بەهێزی پێشمەرگەو تۆ گوێت لێبووبێت لەکوێ بوو؟
عەبدوڵلا: لەپارەزان بوو، لەپارەزان کۆبوونەوەی کرد بەهەموومان کەکاك سالارو مولازم عومەرو هەموو لەوێ حازر بوون، هەتا ئەو کاتە جەریدەیەك هاتبوو کە من حوکم درابووم بەئیعدام، كاك ئارام پیشانیدام ووتی ئەوە جەریدەکە ناوی تۆی تیادا هاتووە، سایەق تەکسی غیابیەن محکوم بالاعدام.
چاودێر: لەو کۆبوونەوەیە چیت لەبیرە کەكاك ئارام باسی ئەکرد؟
عەبدوڵلا: باسی کۆمەڵەی ئەکردو باسی ووڵاتی ئەریتریاو ئەو ووڵاتانەی ئەکرد کەچۆن سەرکەوتوون و چیان کردووەو ئێمەش ئەبێ ئەمە بکەین و ئەوە بکەین. کە كاك ئارام قسەی ئەکرد حەزت ئەئەکرد یەك ووشەی ئێپەڕێ و لەبەری نەکەین. سادە، بەڵام قسەی گرنگی ئەکرد، بەزمانی خەڵك قسەی ئەکرد.
چاودێر: لەناوچەکاندا باسی لێدانی پارێزگار چۆن ئەکرا، لەو هەموو دێهاتەو لەو هەموو مەنتیقانە لەناو ئەم هەموو عەشرەتە، چۆن باسی ئەم کارەیان دەرکرد؟
عەبدوڵلا: خەڵکەکە بەعام زۆر لای چاك بوو، کەئەهاتنەوە لەسلێمانی باسی ئەوەیان ئەکرد سلێمانی زۆر شڵەژاوەو ناوشار هەمووی گیراوە هەتا ووتبوویان پێشمەرگەکان خۆیان کردووە بەناوژێراب و ژێرابی ئەو مەنتیقەیەیان هەڵکەندبوو دوەی لای گەراجی سەعید تەها کۆپیو ئەوانە.
چاودێر: وەکو بزانی ژێرابەکەیان بۆ پێشمەرگە هەڵکەندبوو یاخود ئەو کەسەی لەوێ دانرابوو دەمانچەکەی فڕێدابووە ناو ژێرابەکەو ڕای کردبوو ئیخباری کرابوو دەمانچەکەیان دۆزیبووەوە؟
عەبدوڵلا: ئەو ئیخبارییە بۆ دەمانچەکە بوو، کەلەو ماڵەدا فڕێدرابوو، ئەو برادەرەی بەحساب ئیحیمایەی من بکات کە ڕاتەکەم، کەسەیر ئەکەم پێش من ڕای کردبوو، نەشم بینی.
چاودێر: ئێوە کەگەیشتنە ناو پێشمەرگەو دەنگو باسی شار ئەهات دوایی زانیتان محافز نەکوژراوەو بریندار کراوە خەفەتتان خوارد بەنەکوشتنەکەی؟
فاخر: ئەوەی ڕاستی بێت ووتمان ئێمە دەستی خۆمان وەشاندووە، بەلای ئێمەوە گرنگ بوو ئیشەکەمان ئەنجامدا.
چاودێر: ئەتوانی تۆزێك باسی شەهید سۆرانمان بۆ بکەیت، شەهید سۆران چۆن بوو پێش عەمەلییەکە چۆن بوون، لەکاتی عەمەلییەکەو دوای عەمەلییەکە چۆن بوو، ئازایەتی چۆن بوو؟
فاخر: شەهید سۆرانی ڕەحمەتی لاوێکی زۆر ئازاو بەجەرگ بوو، پێشمەرگەیەکی زۆر بەتوانا بوو، خاوەنی بیروباوەڕێکی راستەقینەی کۆمەڵەو یەکێتی بوو، کەئێمە یەکمان ئاسی و لەناو ریزەکانی شۆڕشدا زۆرجار پێکەوە دائەنیشتین کەوا ببینە مەفرەزەیەکی تایبەت چالاکی بکەین لەناو شاردا، بەڵام بەداخەوە بەماوەیەکی کەم پاش چالاکییەکەو کەگەڕاینەوە شەهیدکرا.
چاودێر: شەهید سۆران وەکو خۆت ئەزانی دەورێکی هەبوو بۆ سەرخستنی کارەکە، لەدوای سەرخستنی کارەکە، ئایە لەخۆی بایی بووبوو، یاخود پیاوێکی زۆر لەخۆبردوو بوو ساکار بوو؟
فاخر: بەهیچ شێوەیەك شەهید سۆران گۆڕانکاری ئەهات بەسەر بیروباوەڕیدا، ئینسانێکی زۆر سادەو ساکاربوو.

بۆ ل(١٥)

قارەمانی ئەفسانەیی
شەهید سۆران هەورامی

مەلا بەختیار

زۆرجار، مێژوو، تەنانەت مێژوونووسانیش، ئەدرێکی گەورە لەقارەمانە ڕاستەقینەکانی ڕووداوە گەورەکان دەکەن. ڕووداوە بچوکەکانیش، کەزۆرجار گرنگن، لەو لاوە بوەستێ کەخەڵکێکی زۆر دەبنە خاوەنی و خاوەنە ڕاستەقینەکانیشی قوت دەدرێن.. لەناو ڕووداوەکانی شۆڕشی نوێداو لەسەرەتای شۆڕشدا، کە "کەس نەبوو کەس، هەرەس بوو هەرەس" لێدانی پارێزگاری سلێمانی گەورەترینی چالاکی ناوشاری هەڵومەرجی خۆی بوو، بەڵام لەژێرەی ئەو کتێبانەی لەسەر مێژووی شۆڕشەکە نووسراون، ئەو کارە هەر باس نەکراوە. قارەمانترین کەسی ئەو ڕووداوە شەهید (سۆران- ئەنوەری تۆفیق هەورامی)یە.

شەهید سۆران، یەکێك بوو لەقارەمانترین پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێی کوردستان. لەشۆڕشی ئەیلولیش دا پێشمەرگە بووە. پێشمەرگەی شۆڕشی فەلەستینیش هەروا. هەرکە شۆڕشی نوێ دەستی پێکرد، سۆران دەست بەجێ ڕۆیشتە دەرەوە. من بەرێم کرد. چەند جارێك هاتەوە ناو شار، هەر دەمبینی. جارێکیان بریندارکرا (شێخ فەتاحی شێخ سدیق) خۆی و کەسوکاریشی زۆر یارمەتیان دا، هەتا چاك بویەوە. گرنگترین کاری سۆران، لێدانی پارێزگاری سلێمانی بوو. لەم کارەدا، دەبوو (٦) پ.م دەرەوەو (٥) هەڤاڵی ناوەوە، سەرجەم بەشداریان بکردایە. ئەوانەی دەرەوە (٤) یان پاشەکشەیان کرد. ئەوانەی ناوەوەش (٢) یان بۆیان نەچووە سەر. شەهید سۆران و فاخر، سووربوون لەسەر کارەکە. ڕێکخستن هەرچییەکی گوت، بێ سێ و دوو ئەنجامیان دەدا. سەرەنجام ڕۆژی لێدانی پارێزگار، باشم لەبیرە، سۆران هاتە ناو مزگەوتەکە، ڕەنگو ڕوخساری نەگۆڕابوو.

سەراپای قارەمانێتی دایگرتبوو. هەرکە خۆی و فاخرم بینی و ئەوانیش منیان بینی، بەبێ ئەوەی هیچمان قسە بکەین، هەرسێکمان دڵنیا بووین لەسەرکەوتنی کارەکە. دوایش کە دەستەکە وەشێندراو یەکمان بینی، هەموومان هەمان هەستمان دەربڕییەوە.

کاتێك سۆران و فاخر.. سەرکەوتنە سەربانی مزگەوتەکە، باشم چاو تێبڕیبوون.

ئەوانیش سەیری منیان دەکرد کە لەسەر شەقامی مەولەوی و بەرامبەریان وەستا بووم، هەتا ئیشارەتیان بۆ بکەم کەپارێزگار لەگەیشتندایە کەدەم بینین، سەرپەرێزیان دەکرد.

بەڵام ترسم هەست پێ نەدەکرد لەسەر ڕوخسیاران. تەنانەت کەدەستدرێژیشیان لەپارێزگار کرد، دیمەنێکی سەیر بوو، ئەرێ ئەو ئازایەتییە چییە کەلەشوێنی ئاوای مان و ئەماندا، مرۆڤ دەتوانێ بەرجەستەی بکا.

لەوە دەچێ، ساتە کاتی وا هەبن لەناخی مرۆڤدا، ڕۆح و جەستەو هەست و هەڵوێست، بچنە سەرڕووی ڕۆژگارو هەموو بیرکردنەوەیەکی خۆیی. ئەگینا سۆران و فاخر، ئاوایان لەو ڕۆژگارەدا دەکرد..

بەراستی سۆران.. جوامێر، قارەمان، دوژمنبەزێن، ڕاستگۆ، گوێرایەڵ، پاك و دڵسۆزی کوردو کوردستان بوو، بەراستی سومبلی ئەم سەرکەوتنانەیە. منیش فرمێسکی یادەوەرییەکانم دەکەمە وەفاو دەبیرژێنمە سەر ڕۆحی پاك و کێڵی بڵندی.

پەیوەندی رووناکبیرو دەسەڵات

ئارام جوانرۆیی

جارێکیان لەچاوپێکەوتنێکدا مەریوان سەبارەت بەپەیوەندی رووناکبیرو دەسەڵات ووتی: (.. بەڵام دەسەڵاتە گوێناگرێت، سەد خۆزگە دەسەڵات گوێی دەگرت، من پڕ بەدڵ حەز دەکەم پەیوەندییەکی لەو جۆرە دروست بێت). کەواتە دەتوانین هەر لەم خۆزگەیەوە گەرچی باسێکی قوڵی تێۆریشی لەپشتەوەیە بگەینە ئەوەی کەراستەو دەکرێت لەنێوان دەسەڵاتو رووناکبیریدا پەیوەندی هەبێتو هەروەها بۆچوونێکی دیکەش لەم خۆزگە خواستنەی مەریوانەوە هەڵهێنجینو بەم شێوەیەی کەلەم وڵاتەی لەمەر ئێمە لەنێوان رووناکبیریو سیاسەتدا پەیوەندییەك لەئارادا نییە.

گرامشیو لەدوای ئەویش هەندێك لەبیرمەندانی فرانکفۆرتو راڤەکارانی دواتری فکری گرامشی هاتنەسەر ئەو باوەرەی کەلەجیهانی ئێستادا لەنێوان رووناکبیریو سیاسەتو گەمەکانی دیکەدا سنوورێکی روونو دیار نەماوەتەوەو بەگشتی سەرجەم بوونیادەکانی کۆمەڵگا لەلایەن دەسەڵاتەوە کەلای گرامشی بەسەرمایەداری هاوچەرخ ناوزەد دەکرێت، پاوان دەکرێنو لەدۆخێکدا کەسەردەمی سەرمایەداری (متأخر)ە حاڵەتێك لەدەسەڵات ئامادەیی هەیە کەتایبەتە بەسەردەمی مۆدێرنە، واتە دەسەڵاتێك بەشێوەیەکی هەژموونی کاردەکات. ئەم دەسەڵاتە کەلەجیاتی دەسەڵاتی سەردەمی پێش مۆدێرن وەفادارییو ئینتیمای جەماوەری لەرێگەی زەبرو زەنگەوە بۆخۆی دەستەبەر دەکرد، لەرێگەی ئایدۆلۆژیاوە هەیمەنە بۆخۆی دروست دەکاتو شەرعیەتی خۆی بەئایدۆلۆژیای سەرمایەداری دابین دەکات، هەیمەنە ئەو حاڵەتەی جیهانی سەرمایەداری مۆدێرنەیە کەناهۆشیارانەو لەرێگەی دەرخستنی پێویستی درۆینەی جەماوەرو لەجیاتی ویستو خواستی راستەقینەی جەماوەر لەهەموو پانتاییەکاندا ئامادە دەبێتو خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. واتە لەحاڵەتی هەیمەنەدا سەرجەم گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەرێگەی بەرژەوەندییەوە سوودمەند دەبنو بەم شێوەیە رێگە بەهەموو هێزێکی یۆتۆپیاییو خاوەن ئایدیال دەدرێتو، بەم چوشنە سیستم لەهەموو پانتاییەکاندا بەرهەم دێتەوە. دەوڵەتی خۆشگوزەرانی هاوچەرخ نمونەو نوێنەری ئایدۆلۆژیای سەرمایەدارییە. بەڵام داخۆ بەم چەشنە دەتوانین بگەینە ئەو رایەی کەئیدی هیچ رێگایەك بۆ دەرچوون لەهەیمەنەتی زاتی سەرمایەداری نەماوەتەوە، داخۆ ئیدی هەمووان بەجۆرێك لەجۆرەکان کارگێری سیستمین؟ ئەم پرسیارە بەسەرەتای بیری رەخنەگرانە دادەنرێت. ئەگەر گرامشی سیستمی سۆسیالیستیو بەیەکگەیشتنی پراکتیکیو بیری بەچارەسەر دەزانیو پێی وابوو کەبزووتنەوەی سەندیکاییو بەهێزکردنی ئەنجوومەنی کرێکاری دەتوانێت ئەو رێی دەربازبوونە بێت، بەڵام دواجار بینیمان لەخۆرئاوا ئەم تیۆرانە نەیانتوانی لەهەیمەنەی دەسەڵات بترازێنو شۆرش بووە ئایدیالێکی خەیاڵیو تەنانەت وەهمیش. پاش گرامشی بیرمەندانی رێبازی فرانکفۆرتو یەکەم کەسیش هۆرکهایمەر بیریان لەتیۆرێکی دیکە کردەوە بۆ رووبەروو بوونەوە سیستەم کەئەویش تیۆری رەخنەگرانە بوو. تیۆری رەخنەگرانە لای هۆرکهایمەر نەك تیۆری سیستماتیك بەڵکو گرێچنی ژیانی رۆژانەیەو بەرای هۆرکهایمەریش رەخنەگرتن ئەرکی رۆژانەی هەموو کەسێکەو لەم حاڵەتەشدا هەمووان دەبنە کارگێری شۆرش. شۆرشێك بۆ عەقڵانی کردنی جیهان. کەواتە دەکرێت دیسان لەسەر دەستی عەقڵی رەخنەگر ئاسۆیەك بۆ یۆتۆپیاو جیهانو ژیانێکی باشتر وێنا بکرێت. رەخنەیەك کەلەم حاڵەتەدا ئاراستەی خۆی بەرەورووی بونیادەکانی سیستم دەکاتەوە. رووناکبیران لەم حاڵەتەدا ئەو چینەن کەلەدەرەوەی سیستمی زاڵ دەژینو هەوڵ بۆ بەعەقڵانی کردنی جیهان دەدەن، هەوڵێك کەتێکەڵە بەرەشبینیو سەربەست لەئایدۆلۆژیا زاڵەکانی نوێی مێژووی مرۆڤایەتی. بەڵام دیسان بەپێی خوێندنەوەکانی گرامشی رەنگە هیچ پانتاییەك لەدەرەوەی سیستەمدا بۆ بەرەنگاری نەمابێتەوە، چونکە سیستم بەپێی سروشتو خەسڵەتی خۆی حەزی لە گەورەبوونو زەبەلاح بوونەو پیێویستی بەوە هەیە کەهیچ پانتاییەك لەدەرەوەی جیهانی خۆیدا نەهێڵێتەوە، چونکە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی (هەیمەنو ئایدۆلۆژیا خودی سیستم یا دەسەڵاتە. بەڵام مادام مرۆڤێك هەیە کەلەدەرەوەی خەیاڵەکانی سیستمدا بیردەکاتەوە، کەواتە دەشێت دیسان پانتاییەك بۆ بەرگری وێنا بکەین ئەو پانتاییەش عەقڵانیەتی رەخنەگرانەیە، رەخنە لەهەموو چرکەیەکداو لەهەموو پێگەیەکەوە، رەخنەیەك بۆ بچووکردنەوەی سیستمو پارچەپارچەکردنی سیستم. لەم دۆخەی ئێستای ئێمەدا دەسەڵات سەرجەم ژیانی مەدەنیو ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتی پاوانکردووە، لەئێستەماندا پانتاییەك نەماوە کەبەختیار عەلی ووتەنی: (دەسەڵات گەمەی ئاوێنەو سێبەری خۆی تیادا نەکات)، دەسەڵاتە بۆتە ئەو زمانە جیهانگیرەی کەسەرجەم ژیانمانی تەنیووە، داخۆ لێرەدا دەتوانین بەخەمۆکیو بێکردەییو رەشبینییەك بگەینو بڵێین مادام سیستەم هەموو ژیانمانی تەنیوە، کەواتە بارازیبینو وازی لێبهێنین. ئەمە تێزێکە کەناراستەوخۆ زۆربەی فەرمانبەرانی ژێر سایەی دەسەڵاتی ئێستەی پێ قایلبوونو چاوەرێی رووداوێکی ئایینیو خودایی دەکەنو کەبێتو گۆرانکاری دروست بکات، گۆرانکارییەك کەهیچ زەمانەتێك بۆ بەدیهاتنی نییە. ئەمە گووتاری زاڵی فەرمانبەرانی ئەم دەسەڵاتەیە کە تاهەنوکەش هیچ شتێکی نەگۆریوەو هیچ ئایدیالێکی واقیعیشی لەخۆنەگرتووە.

رواننێکی دیکەی ئەم گوتارە ئەمەیە کەداوا لەهەمووان دەکات لەدەرەوەی سیستەم بمێننەوەو بەبێ لەبەرچاوگرتنی واقیعی کۆمەڵگا داوای ژیان لەئاسمان دەکات، کەدەڵێم ئاسمان مەبەستم ئەوەیە کەلەئێستەدا دەسەڵات دیفاکتۆیەو ناتوانین لێی دەربازبین. بەڵام ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش تائێستا نەیتوانیوە گۆرانێك دروست بکاتو بەزۆری لەشێوەی گووتارێکی ژێرزەمینیدا ماوەتەوە، گوتارێك کەئیرادەو توانای بەرهەمهێنانو پێشنیارکردنی سیستەمێکی دیکەو تەنانەت سیستماتیککردنی عەقڵیشی تیادا ئامادە نییە. بەکورتی مەبەستم ئەوەیە کەبەگەشبینیەوە بڵێم: مادام کەدەسەڵات هەموو جێگەیەکی گرتۆتەوە کەواتە با تێکەڵی بینو چونکە ئەمە رەتکردنەوەی تواناکانی عەقڵو خەونەکانی مرۆڤەو مەبەستیشم ئەوە نییە کەبڵێم بازیانی ئاسمان هەڵبژێرین چونکە لەدوا حاڵەتدا هەموومان بەواقیعەوە گرێدراوینو ئەگەر گۆرانێکیش رووبدات دەبێت لەپانتایی واقیعدا رووبداتو بەرهەمی ئیشکردنیش بێت لەناو خودی واقیعدا، چونکە هەموومان بەچەشنێك بەشێکین لەواقیع. دیارە ئەوەش راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کەرادەی تێکەڵبوونمان لەگەڵ سیستمدا وەك یەك رادە نییەو جیاوازە. بەڵام ئەم وەڵامەش دەکرێ خۆی لەخۆیدا هیوابراومان بکاتو چەشنێك بێت لەئینکاری توانای کاریگەری نواندن، هاوکات ئەم پرسیارانەش پێشنیارکردنی دامەزراندنی ئایدۆلۆژیاو سیستمێکی ئایدیۆلۆژییەکی دیکە نییە.وەڵامو پێشنیارەکەی من پەیرەوکردنە لەپرۆسەی عەقڵێکی رەخنەگرانە، عەقڵ بەمانای سیستماتیککردنی بیرکردنەوەو گۆرینی رەخنە بۆ ناو ژیانی رۆژانەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بەژیانەوە. ژیانێکی باشتر لەودیو ژیانی هەنووکەمانەوە، ئەویش بەکارکردن لەناو خودی ئەم ژیانەدا. بەدەربرینێکی دی پێشنیارە بۆ سەر لەنوێ وەگەرخستنی عەقڵو هەوڵدان بۆ کردنەوەی پانتاییەك لەنێو خودی دەسەڵاتدا، بەم جۆرە دەکرێت لەسیستەمدا ئامادەبینو بەرەخنەگرتنو ئیشکردن بەئاراستەی عەقڵی رەخنەگرانەو وێناکردنی واقیعێکی باشتر ئیش بۆ گۆرینی سیستم بکەین. لێرەوە رەخنە دەبێتە ئەرکی سەرجەم ئەندامەکانی کۆمەڵگاو تەنها یەك لایەنو ناوەندو گروپ کارگێری بەرهەمهێنانی جیهانی نوێ نابن، بەڵکو سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا بەتاکەکانی نێو سیستمو تاکەکانی دەرەوەی سیستمیشەوە دەبنە کارگێرانی یۆتۆپیاو گۆران. گۆرانێك کەلەنێو واقیعەوە هەڵدەقوڵێو بەرەو رووی واقیع دەکرێتەوە، لەم حاڵەتەشدا بەڵگەو بەهانەیەك بۆ بێکردەیی نامێنێتەوە، ئەم عەقڵە رەخنەگرە دەتوانێت فۆرمی رێکخراو یان تاکەکەس وەرگرێتو لەهەموو حاڵەتێکدا هەوڵ بۆ بچوکردنەوەی دەسەڵات بداتو لەرێگەی ئامادەیی خۆیەوە بەشێوەیەکی مەدەنیو گوتار ئامێز، دەسەڵات بەرەو بچوکبوونەوەو دیموکراتیزە بوون ببات، چونکە دەسەڵات ئەمری واقیعە هەربۆیە دەبێت کار لەسەر ئەمری واقیع بکرێت. بەڵام کاتێك ئاماژەش بۆ دیفاکتۆبوونی دەسەڵات دەکەین ئەمە بەو مانایە نییە کەدەسەڵات پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤە، بەڵکو ئاماژەیە بەوەی کەدەسەڵات لەکاتێکدا کەتاکو گروپی رەخنەگر ئامادە نەبن کەخاوەنی یۆتۆپیانو رەخنەکەشیان ئاراستەی واقیع دەکەن، لەو حاڵەتەدا دەسەڵات تادوا رادە خۆی زەبەلاح دەکات. کەواتە تاکی رەخنەگر ئەرکی ئەم کارگێرییەی یۆتۆپیای لەئەستۆدایە بۆئەوەی پانتایی گەمەکان ئازادترو تا دوا رادەش پانتایی گفتوگۆو وێنەی یۆتۆپیا بەرفراوانتر بکات.

هەندێك لەبیرمەندانی فرانکفۆرتو راڤەکارانی دواتری فکری گرامشی هاتنەسەر ئەو باوەرەی کەلەجیهانی ئێستادا لەنێوان رۆشنبیریو سیاسەتو گەمەکانی دیکەدا سنوورێکی روونو دیار نەماوەتەوەو بەگشتی سەرجەم بوونیادەکانی کۆمەڵگا لەلایەن دەسەڵاتەوە کەلای گرامشی بەسەرمایەداری هاوچەرخ ناوزەد دەکرێت، پاوان دەکرێنو لەدۆخێکدا کەسەردەمی سەرمایەداری (متأخر)ە حاڵەتێك لەدەسەڵات ئامادەیی هەیە کەتایبەتە بەسەردەمی مۆدێرنە واتە دەسەڵاتێك بەشێوەیەکی هەژموونی کاردەکات

بەرای هۆرکهایمەر رەخنەگرتن ئەرکی رۆژانەی هەموو کەسێکەو لەم حاڵەتەشدا هەمووان دەبنە کارگێری شۆرش. شۆرشێك بۆ عەقڵانی کردنی جیهان

دەربارەی تازەو کۆن

نوسینی/ کریشنا مۆرتی ـ وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە/ چنور محەمەد

کاتێ گوێ لەتۆ دەگرم هەموو قسەکانت روونو تازە دەردەکەون وا هەست دەکەم کۆن جەختێکی نائارام بێت بۆ دەبەنگیەکان ، خۆی چ کێشە هەیە لەمەدا؟ کرشنا مۆرتی: بەڕاستی چ شتێك بەشداری لەژیانمان دەکات؟ بەرەنگاری بەردەوامو وەڵام دانەوە، ئەمە بوونی ژیانە وا نیە؟ بەرەنگارییەکی بەردەوامو وەڵامدانەوە، بەرەنگاری هەمیشە تازەیەو وەڵامدانەوەش کۆنە. من دوێنێ تۆم بینیو تۆش ئەمڕۆ هاتی بۆلای من. تۆ جیاوازی کۆنی خۆت چاك دەکەیتو دەگۆڕێیت! واتە تۆ تازەیت! بەڵام من وێنەیەکم بۆ تۆ وەکو دوێنێی تۆ! لەبەرئەوە من نقومم لەتازەیەك کە لەناو کۆندایە.

من جارێکیتر تۆ نابینمەوە بەڵام من وێنەیەکی دوێنێی تۆم هەیە، لەبەرئەوە وەڵام دانەوە بۆ بەرەنگاریەکانم هەمیشە حاڵەتێکە، لێرەداو لەم ساتەدا تۆ نابیتە براهمانێك، مەسیحێك — چینێکی بەرز یا هەرچیەکی تر بێت تۆ هەموو شتێکت لەیاد دەچێت. تۆ تەنیا گوێ دەگریتو نقوم بوویتو هەوڵدەدەیت داهێنان بکەیت، کاتێك تۆ ژیانی رۆژانەت دووبارە دەکەیتەوە ئەوا خۆت دەکەیت بەکۆن، دەگەڕێیتەوە سەر ئیشەکەتو دەگەڕێیتەوە بۆ لای چینەکەت سیستەمەکەو لای خێزانەکەت بەمانایەکیتر نوێ هەمیشە نقوومە لەکۆن، دابو نەریتی کۆن ئایدیاو ترادیسیۆنی یادەوەری ئەمە هەرگیز تازە نیە. تۆ هەمیشە بەتازە دەگەیت لەگەڵ کۆندا بەرەنگاری کردن تازەیە، بەڵام تۆ بەم تازەییە دەکەیت لەگەڵ کۆندا. کێشەکەش ئەمەیە چۆن لەبیرکردنەوەی کۆن ئازاد دەبین. بۆئەوەی هەموو ساتێك تازە بیت. کاتێك تۆ گوڵێك، دەموچاوێك، ئاسمان، دارێك، زەردەخەنەیەك دەبینی، چۆن ئەمانە جارێکیتر بەتازەیی ئەیان بینیتەوە؟ ئەی بۆچی ئێمە ئەمانە بەتازەیی نابینینەوە؟ بۆچی کۆن نقوومە لەتازەییو چاککردن، بۆچی تازە بوونەوە نامێنێت کاتێ دەگەیتە ماڵەوە؟ وەڵامی کۆن لەلایەن ئەو کەسانەوە دەکرێن کەبیر دەکەنەوە ئایا ئەوانەی بیر دەکەنەوە هەمیشە کۆنن؟ چونکە بیرکردنەوەی تۆ لەڕابردوودا دەردەکەوێت، کاتێکیش بەتازە دەگەیت کەئەو کەسەی بیر دەکاتەوە بەئەزموونی دوێنێ گەیشتبێ. لەبەرئەوە دیسانەوە گەڕایتەوە هەمان کێشە بەڵام بەشێوەیەکی جیاوازتر:— چۆن لەعەقڵێك ئازاد دەبیت کەوەکو بیرکەرەوەیەك وایە؟ چۆن یادەورەی ئەسڕیتەوە، یادەوەری راستەقینە نا بەڵکو یادەوەری سایکۆلۆژی کە کەڵەکەبووی ئەزمونە؟ بەڵێ ئازاد بوون لەئەزمونی زیادە، پێشوازیەك نابێت بۆ تازە. بیرکردنەوەیەکی ئازاد، لەپرۆسەی بیرکردنەوە ئازاد دەبێت لەبەرئەوە بەشەوقەوە دەگات بەنوێ، وا نیە؟ چونکە هەموو باوەڕەکانمانو ترادیسۆنەکانمانو رێبازە فێرکاریەکانمان، پرۆسەی لاسایی کردنەوەنو کۆپی کردنو لەبەرکردنن. کە لەسەر یادەوەریەکی خەزن کراو بونیاد نراوە. یادەوەریەك کە بە بەردەوامی وەڵامی تازە دەداتەوە، وەڵامێکە بۆ یادەوەری بۆئەوەی بۆ بیرکردنەوە بانگهێشتی بکاتو ئەو بیرکردنەوەیەی دەگات بەنوێ، لەبەرئەوە چۆن دەتوانین تازەبین؟ تەنیا لەو کاتەدا دەبێت کەهیچ یادەوەریەکی زیادە نەبێت و نوێ بێت، ئەمەش لەوکاتەدا دەبێت کە ئەزموونەکان کامڵ نەبێت، سەرئەنجامو کۆتایی نەبێت لەوساتەی ئەزموونی تێگەیشتن کامڵ نەبێت ئەزموونەکانی کامڵ دەبێت — زیادەیەك نا بێت — ئەوەش جوانی ژیانە. خۆشەویستی زیادەو ئەزموون نیە، بەڵکو حاڵەتێکی بوونە. خۆشەویستی تازەیەکی ئەبەدییە لەبەرئەوە کێشەکانمان ئەوەیە کە:—

ئایا کەسێك دەتوانێت بە بەردەوامی بگات بەنوێ؟ بەدڵنیاییەوە دەتوانێت بۆ کردنی ئەمەش تاك دەبێت شۆڕش بکات لەبیرکردنەوەی هەستیارەکانی و تەنیا لەوکاتەدا ئازاد دەبێت کەهەموو رووداوی بیرکردنەوەکانی لەدەرەوەی ساتێك بێت بۆ ساتێکیتر، لەکاتێکدا هەموو وەڵامەکان سەرشاد بن لەتێگەشتن نەك تەنیا وەکو هۆکارێك تەماشا بکرێتو فڕێ بدرێنە لاوە، ساتێك لەکەڵەکەبوون یادەوەری ئازاد دەبێت کەهەموو بیرکردنەوەو هەستەکان کامڵ بێت، بیرکردنەوەکانیش کۆتاییان پێ نەیەت. بەمانایەکیتر کاتێك بیرکردنەوەو شعور لەدەرەوەی سەرەنجامو بیرکردنەوەی کۆتادابێت، بیرکردنەوەی ئایندەش لەنێوانیاندا مەودایەك هەبێت ئەو مەودایەش بێ دەنگیە کەتازەبوونەوەو داهێنانی نوێ بەشداری تێدا دەکات ئەمانە نەتیۆرو نەپراکتیکە. ئەگەر بەوردی بیر لەهەر بیرکردنەوەو هەستێك بکەینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەئەوە پراکتیکی سادەیە لەژیانی رۆژانەماندا، دواتر تۆ تازە دەبیتەوە، تازەیەك کەبەرگەی ئەبەدیەت دەگریت. بۆئەوەی تازە بیت دەبێت داهێنەر بیت بۆئەوەی داهێنەر بیت، ئەبێ بەختیار بیت مرۆڤی بەختیاریش گوێ ناداتە هەژاریو دەوڵەمەندی بەلایەوە گرنگ خەڵکی چ چینو وڵاتێکە.

ئەو مرۆڤە سەرۆكو خوداوەندو کەنیسەو پەرەستگا نیە هەر لەبەرئەوەشە نە شەڕدەکاتو نەدوژمنیشی هەیە. بەدڵنیاییەوە ئەمە گەورەترین رێگەی پراکتیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان لەدونیای ئەمڕۆی کەیاس دا (ئاژاوە)؟ لەبەرئەوەی ئێمە داهێنەرین ئەم وتەیە بەکاردەهێنم ئەویش ئەوەیە ئێمە زۆر ئەنتی— کۆمەڵایەتین لەهەموو ئاستە جیاوازەکانی وشیاریماندا بۆ پراکیتك کردنو کاریگەریمان بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەبێت، پەیوەندی کۆمەڵایەتیمان بەهەموو شتێکەوە بێت. دەبێت بەختیار بین، ئەگەر کۆتایی نەبێت بەختیاریش نابێ بەختیاریش نابێت ئەگەر بەردەوامی نەبێت لەپرۆسەی بووندا بەختیاری لەکۆتایدایە، ئەمەش دەبێتە هۆی تازەییو لەدایك بوونو تازەبوونەوەو بەختیاریو تازەکردنەوە. تازە نقوومە لەناو کۆنداو کۆنیش تێکشکێنەری نوێیە. بەم پێیە ئەمە دەبێتە باکگراوندێكو بەم رێگەیەش ئەقڵ و ئەو کەسەشی کەبیر دەکاتەوە لەلایەن بیرکردنەوەکانی دەبێتە حاڵەتێك بۆئەوەی ئازاد بێت لەباکگراوند لەکاریگەری حاڵەت، لەیادەوەری، پێویستە ئازاد بیت لەبەردەوامیەت، بەردەوامی هەبێت بیرکردنەوەو هەست بەم شێوەیە کۆتاییان پێ نایەت بەتەواوی. لەوکاتەدا بیرکردنەوەو هەست کامڵ دەبێت کەکۆتایی بەبیرکردنەوەی هاتبێ ئەمەش وا دەکات کۆتایی بەهەموو بیرکردنەوەو هەستکردنێك دێت. خۆشەویستی نەریتو یادەوەریی نیە، بەڵکو خۆشەویستی هەمیشە تازەیە. تەنیا لەوکاتەدا دەتوانرێت بەتازە بێت کە عەقڵ تازە بێت ئەگەر عەقڵ تازە نەبێت، ئەوا دەبێتە یادەوەریەکی زیادە. یادەوەری راستەقینەو یادەوەری سایکۆلۆژی. من قسە لەسەر یادەوەری راستەقینی ناکەم بەڵکو قسە لەسەر یادەوەری سایکۆلۆژی دەکەم، ئەزمونیش بۆ ئەمە بەس نیەو هەر ئەمەش وادەکات ئەمانە ببنە زیادەیەك کەکۆنەو دوێنێشە. ئەو شتانەش دەبنە رابردوو رابردوش هەمیشە نقومە لەنوێ، نوێش تێکدەشکێو ئەمە لەوکاتەدا دەبێت کەعەقڵ ئازاد بووبێت لەکۆندا بەم شێوەیەش عەقڵ دەگات بەهەموو سەرلەنوێ تازەبوونەوە ئەمەش شادومانیە.

سەرچاوە:

krishnamurti
the first and last freedom
foreword by Aldous Huxley p: 246

ڕۆشنتر لە خامۆشی

عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی

-١-

نۆبل ناودارترین و بەنرخترین خەڵاتی جیهانییەو بەهەرکەسێك بدرێت ناوبانگی بۆ پەیدا دەکات، کتێبی چاپدەکرێتەوە، داوەت دەکرێت نووسینەکانی بۆ سەر زمانی میللەتانی جیهان وەردەگێڕێن.. بەڵام نووسەری وا هەیە لەناو خودی نۆبلییەکاندا ناوی سەدایەکی ئەوتۆی نییە.. بۆ نموونە لەوەتەی مارکیز خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە، لای ئێمە ناوی هەندێکیان هێشتا لەسەر زمان نەچەسپیوەو شتێکی وەهایشیان نەکراوە بەعەرەبیو فارسیو کوردی. عەرەب بەو هەموو گوڕو تینەی کە لەوەرگێڕانیاندا هەیە بەڵام لەساڵی (١٩٩٨)دا زۆر گەڕان، تا بزانن نووسەری (نوبلیی) ئەو ساڵە چەند کتێبی کراوە بەزمانی عەرەبیو چەند نووسینی لەکتێبخانەی عەرەبیدا هەیە.

پاش پشکنین بینیان تەنها یەك کتێبی لەحەفتاکاندا کراوە بەعەرەبی. کەچی مارکیز بەجۆرێکیتر کەوتەوە، لەناو نۆبڵییەکاندا وەك شایەك دێتە پێش چاو. تا ئێستایش ئەوەندەی باسی مارکیز دەکرێتو ئەوەندەی کتێبی ئەو دەکرێت بەزمانی ترو ئەوەندەی تیشك دەخرێتە سەر ئەدەبەکەی و ئەوەندەی بەنموونە دەهێنرێتەوەو لەکۆڕو کۆبوونەوەدا باسدەکرێت، ئەوەندە باسی ئەوانی تریان ناکرێت، بگرە هی وایان هەیە لەچاو ئەمدا بێناوە.

ئەگەر بشێت بڵێین (دیاردەی مارکیزی) ئەوە دەپرسین هۆی ئەو دیاردەیە چییەو لەکوێوە هاتووە؟ بشێ بگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیی مۆرکی ئەدەبی میللەتەکەی یا بۆ خودی هێزی واقیعیەتی سیحری کەئەدەبی مارکیزی پێدەناسرێتەوەو نووسەران بۆ دوورکەوتنەوە لەوشکە واقیعیەتو وشکە واقیعی) هۆگری بوو؟ یاخود وەرگێڕانیش لەم میانەدا دەستێکی هەیە؟ یا هەر بەخت و بێبەختییە؟ ئەمەیش بۆ خۆی کارێکی شیاو نییە لەئەدەبدا.

-٢-

بێدەنگکراو کپکراو لەئەدەبو ژیانی کۆمەڵایەتیماندا زۆرە.. هەندێك کپکراوی ژیانی کۆمەڵایەتیمان لەگۆرانیدا سەربەستی خۆی بینیوە. بۆ نموونە لە گۆرانیدا دەڵێین (مەمکت سێوە بەدارەوە/ خوا داوێتی مەیشاوە) شتگەلی لەم بەزمو نەزمە مێژوویەك لەداخران و داخراوو کپکراویان لەگەڵدایە.. بەڵام بۆیان لەوە لەپانتایی دەنگدا بکرێتەوەو بێنەگۆ.

لەوشەگەلی وەهادا (مەمکت سێوە بەدارەوە/ خوا داوێتی مەیشارەوە) بەلێکچواندن و دانانی ئەو وێنەیە بەجۆرێك لەبەخشینی خودایی، پرۆسەی کپکردنی مێژوویەکی دوورو درێژ دەخرێتە لاوە.

ئەم جۆرە تەئویلە میللییە چەشنێکە لەگەڕان بەدوای ڕەوایی و ڕەواییدان بەکپکراو و بێدەنگکراو.

هەموو کپکراوێك ماوەو زەمەن و پانتایی تایبەتی خۆی دەوێ تا دەرکەوێت و هەوای ئازاد هەڵمژێت.

فۆلکلۆرو گۆرانی، لەهەندێك ڕووەوەوە، پانتایی بوون بۆ وەی کپکراو ئازادی وەرگرێتو بێتەگۆ وەك لەو دێڕە گۆرانییەی سەرەوەدا بینیمان کەدەیەوێت شەرعیەت بەحەرامێکی کپکراو ببەخشێت ئەویش بەم شێوەیە:

مەمکت سێوە بەدارەوە یەکسانە بەنموونەیەکی حەرامو کپکراو، واتا بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵایەتی مەمك وەك ئەندامێکی جەستە کپکراوە، لەژیانی کۆمەڵایەتیو ئەدەبیماندا، بەڵام ڕستەی (خوا داوێتی مەیشارەوە) کپکردن لەسەر جەستە حەرامەکە هەڵدەگرێت و ڕەوایی بەبینین و سەیرکردن و دەسپیاهێنانیا دەبەخشێتو گۆرانیبێژ یا گوتەبێژ بە بەکارهێنانی وشەی (خودا) دەیەوێت ویستی ئیلاهی بکات بەپاڵپشت بۆ مومارەسەکردنی حەرامو سەرکوتکراو.

لەئەدەبی نوێدا نموونەی کپکراو دەخوێنینەوە، ڕۆمانەکانی "حنان الشیخ" لەئەدەبی عەرەبیدا نموونەی پرشنگدارن. لای خۆیشمان چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن پڕن لەئاماژەو نیشانەی کپکراو. کپکراوی نێوەندە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم سەرپۆشەکانیان بەشێوەیەکی هونەری دەدڕێتو دەیانخاتە لاوە.

-٣-

گۆڤاری (شعر)ی لوبنانی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو بۆ فراوانکردنی مەوداکانی نوێبوونەوە. هەموو ئەوانەی تیایدا دەیانووسی یا سەرپەرشتی دەرکردنیان دەکرد پڕبوون لەبیرو کەرەستەی نوێگەری (ئەدۆنیس، یوسف الخال، انسی الحاج، شەوقی ئەبو شەقرا..) بگرە ئەوان زوو فریای خەرمانی نوێکردنەوەی پێشەوایان (الرواد) کەوتن - ئەگەرچی هەندێکیان لەمێژووی نووسیندا لەگەڵ ئەواندا بوون- بەڵام ئەمان خەمی تریان هەبوو. ئەیانویست لەو خەرمانەی پێشەوایان دەرچن و نوێگەری بەلایەکی ترا ببەن.

شیعری پەخشان لەخەسڵەتەکانی ڕەوتی دووەمی نوێگەری عەرەبی بوو، پاڵپشتیان زۆر بوو، یەکێکیان تێزەکانی سۆزان بڕنار بوو بۆ شیعری پەخشان. بەڵام مەخابن نەك خوێنەرو نێوەندی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە، بگرە پێشەنگی وەك (نازك الملائکە) کە لەباوخوازی یاخی بوو و بانگەشەی بۆ نوێگەری دەکرد، بوو بەکۆسپ لەڕێگای نوێگەریدا بەتایبەتی لەوەدا کەشیعری پەخشانی ڕەتدەکردەوە.

شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کەشو سروتی گونجاو نەبوون بۆ نەشونماکردنی شیعری پەخشان. بەئاسایی وەرگرتنی ئەم جۆرە شیعرە پازدە بیستساڵێکی دەویست. لەنیوەی سەدەی ڕابردوو بەدواوە شیعری (تەفعیلە) کزبوو، ئێستا کەم کەس ئاوڕ لەکێشی دەرەوە دەدەنەوە، زۆر کەم. لای خۆیشمان دوو سێ دەیەی وێست تا شیعری پەخشان خۆی بسەپێنێتو خوێنەرو نێوەندی ڕۆشنبیری پێی ئاشنا بن.

سەیرکەن هەموو گۆڕانکاریو وەرچەرخانێك چەند دەیەی دەوێت؟!

ژن لەدیدو تێڕوانینی نوسەری فەرەنسی سیمون دی بوڤواردا

ئا/ سەلام عەبدولکەریم

ژن بەحوکمی ئەو ئامادەگییە بیولوجییەی کە لەسەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەیەتیو دیسان بەحوکمی بوونی کێشە هاوبەشەکانی، جێگەی لێدوان و قسەکردن بووە، لەکۆنەوە تائێستاو دەشێ تا ئەم چرکەساتەش وای ناوزەد بکەین کەشۆڕشو خەباتی ژنان بەردەوامەو کۆتایی پێ نەهاتووە لەپێناوی بەدەست هێنانی مافەکانیدا، ڕەنگە هەندێ ماف هەبێت، کەمافی بنەڕەتین و وجودی کۆمەڵایەتی ژنی لەسەر دادەمەزرێت، هێشتا بەدەست نەهاتبێت، کەبریتیە لەگرفتی مرۆڤ بوونی ژن، پێش ئەوەی کۆمەڵگە هیچ ناودێرکردنێکیتر لەم ڕەگەزە بنێت.

سیمون دی بوڤوار وەکو گەورە ژنێکی نوسەرو مامۆستای فەرەنسی بەشێکی زۆری جیهانبینیو نوسراوەکانی لەمەڕ کێشەی ژنان و بەتایبەت ئەو کتێبە گرنگەی بەناوی (ڕەگەزەکەیتر) دەربارەی کێشەو گرفتی ئینسانی بوونی ژن دواوەو زۆر شتی گرنگی شیکردۆتەوە.

دیارە بوڤوار خۆی لەخێزانێکی ڕۆشنبیردا پەروەردە کراوە، بۆیە توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر مرۆڤ بوونی خۆی وەکو ژنێك بسەلمێنێتو بەرگریش لەهاوڕەگەزەکانی تری بکات، جگە لەوەی کەخۆی لە (یادەوەری منالێتیدا) بۆمان دەگێڕێتەوە، هیچ جۆرە غیرەو ڕقو گرێی دەروونی نەبووەو لەمنداڵیشەوە هیچ دیاردەیەکی یاخیبون یاخود نیشانەی کەبتی دەروونی تێدا نەبووەو قوربانی هیچ گرێیەکی دەروونیش نەبووە لەژیانداو لەڕووی زانستیشەوە هەڵگری بڕوانامەی لیسانسە لەبواری فەلسەفەدا لەزانکۆی (سۆربۆن)ی پاریس.

دەکرێ ئەوە بڵێین کەبوڤوار بیری لەشوکردن نەکردۆتەوە لەگەڵ دایکایەتیدا، بەڵکو هەموو هەوڵێکی خەمخواردن بووە بەڕۆشنبیرکردنی عەقڵی ژنانەوەو کاری کردووە لەسەر گەشەکردنی ڕۆحی سەربەخۆییو متمانە بەخۆبوون لەناخی ژنانداو بوڤوار بۆماوەی سیانزە ساڵ سەرقاڵی وانەوتنەوەی فەلسەفە بووە لەخوێندنگە ناوەندییەکانی کچانداو تاوەکو لەساڵی ١٩٤٣ وازی لێهێناو ڕووی کردە بواری ڕۆژنامەگەریو سیاسیەت.

بوڤوار جگە لەوەی خاوەنی چەندین پەڕاوی تر لەبوارەکانیتر، ئەوا کتێبێکی زۆر گەورەی هەیە بەناوی (ڕەگەزەکەیتر) کە لەدوو بەشی گەورە پێکدێتو ساڵی ١٩٤٩ نوسیویەتیو تیایدا کێشەی ژنی چارەسەر کردووە.

بوڤوارو پێویستی زاڵبوون بەسەر ئەفسانەی مێینەی نەمردا

بوڤوار لەکتێبەکەیدا (ڕەگەزەکەیتر) کۆششتێکی زۆری کردووە بۆ زاڵبوون و سەرکەوتن بەسەر ئەو ئەفسانەیەدا کەژن پیرۆز دەکات لەڕوانگەی پیاوانەوەو شوێنگەیەکی خوارترو بچوکتری لەوان پێدەبەخشێت، هەروەك بڕوای وایە وشەی (چاو) لەزمانی فەرەنسیدا هاو واتای وشەی (مرۆڤ)ە، لەکاتێکدا پیاو وا دەڕوانێتە خۆی کەپێوەرە بۆ هەموو شتێك بەڵام ژن لەڕوانینی پیاودا بریتیە لە (هەبوونێکیتر) و (شتێکی نادیار)، کەهیچ ڕێگەیەك نیە بۆ ئاشکراکردنی نهێنیەکانی.

کاتێك تەورات وتویەتی: خودا یەکەمجار ئادەمی دروست کردووەو پاشان لەپەراسووی پیاویش (حەوا) ی دروست کردووە، ئەوا ئیتر پیاو وا گومان بەخۆی دەبات کەئەو ئافرەتی دروست کردووە، بۆیە بەڕاستی پیاو دروست کەری ئەفسانەی (مێینەی نەمر)ە، ئیتر گرنگ نییە ژن لەدیدی پیاودا (سیحر بێت یاخود نهێنی، گەمژە بێت یاخود پێشەوا، شەیتان بێت یاخود پادشا،.. تاد) لەهەموو ئەمانەدا لای پیاو هەمان وێنای (هەبوونێکیتر)ە، کەهیچ ڕێگەیەك نیە بۆ تێگەیشتن لێی.

ئەفسانەی (مێینەی نەمر) ئەو شتە پڕوپووچەیە کەپیاوان دایان هێناوە، هەروەك بوڤوار وادەبینێ، ئەمەش بۆئەوەیە کەهەموو ترسو تاوان و خەون و نەفامیو دڵەڕاوکێیەکی خۆیان ببارێن بەسەر ژندا، بەڵام بوڤوار ئەوە دەڵێ: کەپیاوان ئەوەیان لەبیرچووە کەڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ ژن و لەوانەوە لەدایك بوون و دەبن.

بوڤوار ئەوەش دەڵێت: کە هیچ دروست کراوێکی مرۆیی نییە کەژنی ببێت، واتە لێیەوە ژن لەدایك ببێت، بەڵکو بریتیە لەوەی کەلەژێر کاریگەری هەندێ بارودۆخی تایبەتدا ئەو بونەوەرە دەگۆڕێت بۆ ژن. واتە لێرەوە بوڤوار بەدوای ماناکانی مرۆڤ بوونی ژندا دەگەڕێت، و بڕوای وایە پێش وەخت ئەو ڕەگەزەی لەدایك دەبێت، وەکو مرۆڤێك لەدایك دەبێتو دواتر ڕەوشی کۆمەڵگە سروشتی ژنانەی پێدەبەخشێو هەر لەم دەسپێکەوە کێشەی ژن دەسپێدەکات کە لەقاڵبو مانا مرۆییەکەی دادەبڕدرێتو ناوی ژنی بەسەردا دەسەپێنرێت، چونکە بوڤوار بڕوای وایە ئەگەر هەر لەسەرەتاوە شوناسی (مرۆڤ) بوون بۆ ژن هەبێت، ئیتر ژن نەدەکەوتە بەر ئەو جیاکارییە کۆمەڵایەتیەی کەڕەگەزەکانی دابەشکردووەو دواجار بەعەقڵێکی پیاو سالارانەوە ژنی کردووە بەهاوڵاتی پلە دوو دیسان بوڤوار لەسەر ئەمە دەڕواتو بڕوای وایە کە ئەم وجودە مرۆییە (مەبەستی ژنە) سەرەتا بە (نێر) یاخود (مێ) لەدایك نابێت، بەڵکو بە (مرۆڤ) لەدایك دەبێتو بوونی دروست کراوی مرۆیی بریتی نیە لەنێربوون و مێ بوونی، بەڵکو بریتیە لەپلەی سەربەخۆبوون کە بۆ خۆی بەدەستی دەهێنێ، بەڵام ئەگەر وامان دانا کەناوی بنێین (ژن) ئەوە خەیاڵێکەو ڕاستی نیە، یاخود ناومان لێنا (دروستکراوێکی سەیر) و کۆمەڵگە سیفەتی مێبونی مرۆیی پێبەخشی لەگەڵ پێکهاتنی تایبەتو پەروەردەی دیاریکراو، هەروەها چەند هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراویشمان بۆ دەست نیشان کردو لەهەموو قۆناغەکانی ژنمان لەمنداڵیو هەرزەکاری تاوەکو دایکایەتیو تەمەنی بێ هیوابوون، واڕوانی کە بەدەست هێنانی چارەنوسی ژن گرێدراوە بەپەروەردەوە هەر لەسەرەتاوە ئەوا کارێکمان کردووە کەپێگەی ژنمان لەخواری پیاو داناوەو واش دەکەوێتەوە کەژن نزمترە لەپیاو.

بوڤوار بڕوای وایە کەمانای مێبون لەمێشکی ژندا بەماناکانی لاوازو کەموکورتی نێگەتیڤ لێکدەدرێتەوە، بەتایبەت کە کۆمەڵگە ژن پابەند دەکات بەوازهێنان لەهەموو چالاکیەکی پۆزەتیڤو وای لێدەکات تەنها (بابەت)ێك بێت بەڕوانینی پیاو، دیسان چارەنوسیشی گرێ بدات بەچارەنوسی پیاوەوەو بەوەش تەواو بیخاتە ژێر کۆنترۆڵو دیسپلینی پیاوەوە.

ژن بونەوەرێکی مرۆیی کارایە، نەك تەنها بونەوەرێکی نێوماڵی هیچ و بێ بایەخ بێت

لەم لایەنەشەوە بوڤوار وادەبینێ کەپیاو دەیەوێت ژن مەحکوم و ژێر دەست بێت نەك دەسەڵاتدار بەبیانووی ئەوەی کەژن هەمیشە داوا کراوە نەك داواکار، مەعشوقە نەك عاشق، پاشان کۆمەڵگەیەك دێت کە کۆمەڵگەی پیاوانەو ئەوەش بەسەر ژندا پراکتیك دەکات کەڕووەو ناوەوە بڕواتو هەڵنەستێ بەئەنجامدانی هیچ و چالاکیەکی پۆزەتیڤ لەدەرەوەی ماڵ. ژیانی ژن پێکهاتووە لەزنجیرەیەك چاوەڕوانی: چاوەڕوانی خۆشەویستی، چاوەڕوانی شوکردن، چاوەڕوانی لەدایك بوونی منداڵ، چاوەڕێی پیاوە کەهۆکارێك بێت بۆ ژیانیو پاساویش بێت بۆ مانەوەی، ئایا وا نابینین کەسەرجەم چالاکی ژنمان لەوەدا کورت کردۆتەوە کەهەوڵدان بێت لەپێناوی بەدەست هێنانی هاوسەردا، پاشان کارکردن بێت لەدوای ئەوە لەسەرمانەوەی؟ ئایا تێبینی ئەوەمان نەکردووە کەهەموو خەمخواردنێکی ژن بریتیە لە خوا حافیزییکردن لەمێردەکەی لەبەیانیدا، بۆئەوەی ڕۆژگاری بەچاوەڕوانی بەسەربەرێت، بەبێ ئەوەی لەژیانیدا، تازەگەریو گۆڕان یایخود موفاجەئات بەدی بکرێت؟ ئایا بەم شێوازەو بەم ئەزمونە وامان لەژن نەکردووە کە (شوکردن)ی هۆکارێك بێت بۆ لەنێوچوونی کەسایەتی ژن و بگۆڕێت بۆ بونەوەرێکی نێوماڵی هیچ کەنرخو بەهای نەبێت؟.

بوڤوار هانی ژنانی دەدات کەتۆزی نێوماڵەکان لەخۆیان بتەکێنن و بچنە جیهانی دەرەوە کەهەموو شتێکی لەسەربەخۆییو چالاکیو بەرهەم هێنانی بەردەوام تێدایە. بۆیە بوڤوار بەوشێوەیە بۆ ژن دەدوێت کەپێویستە لەسەریان کە ئەوان تێبگەن (مرۆڤ)ن، پێش ئەوەی (مێینە) بن، هەروەك بریتین لەو بونەوەرەی کە دەبێت لەجیهانی دەرەوەی ماڵیشدا بژین، ڕاستە شوکردن بەردەوام بریتیە لەو دوا ڕۆژی کەزۆرێك لەکچان چاوەڕێی دەکەن، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی ئەم ڕەوشەو بۆئەوەی ژن نەبێتە کۆیلەو دووکەرتەی پیاو، ڕەخساندنی ئازادی ئابوریو فیکرییە، بۆئەوەی وا لەژن بکات کەیەکسانە لەگەڵ پیاودا، ئەگەر ژن هەستی بەوە کرد کەپەیوەندییەکی پتەوی بەکۆمەڵگەو بزاڤە فیکریو ڕۆشنبیریەکانەوە هەیە، بێگومان هەستیش بەوە دەکات کەپێویستە لەقوڵایی ژیانی دەرەوە بژیو هەستی وەك (بونەوەرێکی مرۆیی) لا دروست دەبێتو هەڵوێستی لەوانیتریش دیاری دەکات.

لێرەدا بوڤوار بیروڕای وایە کەدژایەتیەك لەنێوان پەیامی ژن بەوەی کەمرۆڤێکە لەگەڵ ئەوەی کەژن و دایکێکە هەیە، بەڵام ئەم دژایەتیە لەدایك بووی واقیعێکی بیۆلۆجیو پێکهاتنێکی سروشتی نیە، بەڵکو بریتیە لە لەدایك بووی واقعێکی دروست کراوە کەدەیەوێت ژن بونەوەرێکی ناوەندی بێت، ئەمەش ئەو هۆکارەیە کەوایکردووە ژن لەکۆمەڵگا پاشەکشە بکات. وەکو ئەوەی وجودێکی مرۆڤی هەبێت، بەڵکو زیاتر وجودێکی بابەتی هەیەو هەموو بەهایەکی لەفەرمانی پیاوەوە دەبێت. پیاو دەیەوێت لەڕێگەی (هاوسەرگیریی)یەوە تەنها پاساوی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو ژیانی ژن بکات، بەڵام بێگومان خەباتی ژن و کێبڕکێی سروشتی بەرەو سەربەخۆییو ئازادی و کارایی، بریتیە لەگرەنتی سەرکەوتن بەسەر هەموو تەحەکوم کردنێکی دروست کراودا.

بەرهەمهێنانی منداڵی کاری هەریەکە لەژن و پیاوە پێکەوە

بوڤوار دەربارەی ئەم سەردێڕو بابەتەش، بڕوای وایە کە تێرو تەواوبوونی گەشەکردنی جەستەییو دەروونی ژن دەستەبەر نابێت، تەنها لەڕێگەی دایکایەتییەوە نەبێت، بەڵام لەمەدا دەرکەوتنی منداڵ وەکو تاکە پاساوێك بۆ بوونی ژن دانراوە، بەڵام ئەم بیرمەندە گەورەیە وا دادەنێت کەوەچە بوون یاخود بەرهەم هێنانی منداڵ بریتیە لەتاکە کێشەی گەورە کەچارەنوسی پێوە بەندە، چونکە بوڤوار وادەبینێ کەبەرهەمهێنانی وەچەو منداڵ کارێکە پێویستە پیاویش گرنگی پێبدات، هەروەك چۆن ژن گرنگی پێدەدات، ئیتر ئەو بونەوەرە مرۆییە نێر بێت یاخود مێ. دەزانێ کەوەچە بوون کارێکی داهێنەرانەیەو مرۆڤ دەروونی بەرز دەبێتەوە، بەڵام پێویستە لەسەر هەریەکە لەژن و پیاو بزانن کەمافی زانینی بەرهەم هێنانی منداڵ ئیلتزامێکی ترسناکەو هەموو جۆرە بەرپرسیارێتیەك دەخاتە ئەستۆیانەوە. بوڤوار لێرەوە وادەبینێ کەئەم حاڵەتەی منداڵبوون وا لەژن دەکات کەخزمەتگوزارێکی نەوعی بێتو پیاو هەموو خۆشیەکی خۆی لەسەر حسابی ژن دابنێت. بوڤوار وا گومان دەبات کەدایکایەتی تەنها بریتیە لەئیمکانیەتێکی تەنها لەئیمکانیەتەکانیتر. کەرەنگە بتوانرێ لەڕێگەیەوە چارەنوسی ژن بەدەست بهێنرێت، لەکاتێکدا بوڤوار خۆی نەشوی کردووەو نەدایکایەتیشی بینیوە - ئامادەکار - .

دواجار ئەمە بەشێك بوو لەدیدوتێڕوانینی سیمون دی بوڤوار بۆ مەسەلەکانی ژن و تاڕادەیەك باشی پێکاوەو لەهەندێ حاڵەتدا پێویستە وردتر بۆ بیروڕاکانی بوڤوار بڕوانین، بەتایبەت بیروڕاکانی دەربارەی (سکپڕبوون و دایکایەتی) چونکە ئەگەرچی بوڤوار چەندین کتێبی بەرهەم هێناوە، بەڵام تاکە یەك منالیشی بەرهەم نەهێناوە، ئەمەش مانای ڕەفزکردنی بۆچونەکانی لەو بوارەدا نیە، ئەوەندە نەبێت کەدەکرێ باشتر بڕوانینە بیروڕاکانی. دەکرێ ئەوەش بڵێین هەوڵی بوڤوار وەکو ژنێك لەژیانیدا هەوڵدان بووە بۆ سەلماندنی مرۆڤ بوونی ژن کەکۆمەڵگە دوور لەهەموو بنەماو پێوەرێکی ئاینیو ئینسانی ئەم ماف و خەسڵەتەی ون کردووەو لێی سەندۆتەوەو داویەتی بەپیاو، بۆئەوەی بەخواستی خۆی ڕەفتاری پێوە بکاتو لەماڵەکاندا توندیان بکات، بەمەش ژیان لەکۆششی ڕەگەزێك بێ بەش دەکات کەپێویستی پێیەتی، هەروەك هاتنە دەرەوەی ژن بۆ جیهانی دەرەوەش بۆ خۆی گرفتی تری زیادکرد، بەڵام ئەوە لەجێگەی خۆیدا.

ژێدەر:

بڕوانە: گۆڤاری (العربی)ی چاپی کوەیتی، بابەتی (المرأة في نظر الكاتبة الشهيرة الفرنسية) سیمون دی بوڤوار، ژمارە (١٧٣)، نیسانی ١٩٧٣، ل (٩٥-٩٩).

فەلسەفەو مێژووی تەعریب بەدوادا چوونێکی ڕەخنەیی بۆ ووتاری (سیماکانی تەعریب لەسەردەمی خەلافەتی ئەمەوی)

سەردار ئیسماعیل

لەدوو ژمارەی رابردووی رۆژنامەی ئازیزی چاودێردا، بابەتێك لەژێر ناوی (سیماکانی تەعریب لەسەردەمی خەلافەتی ئەمەوی)دا، کەلەنوسینی مامۆستایەکی زانکۆی دیمەشق بوو، وەرگێردراو بڵاوکرایەوە. ئەم بابەتە هەرچەندە تاکە بابەتو دواین سەرچاوەی بیری شۆڤێنی عەرەبیو دەرخەری مێژوویی دیاردەی تەعریب نییە، بەڵام هاوکات کەرەسەیەکی باشە بۆ تێگەیشتن لەهەندێ لایەنی فەلسەفەی تەعریبو نزیکبوونەوە لەحەقیقەتی ئەو گوتارەی لەپشت ئەم باوەڕەوە دەوەستێت، لەسەرەتای لێکۆڵینەوەکەوە، تاکۆتایی نوسەر لەهەوڵدا بووە بەپێی سەرچاوە بنچینەییەکانی مێژووی ئیسلامی عەرەبی، ئەوە بسەلمێنێ کەئەمەوییەکان خاوەن پرۆژەیەکی ستراتیژی گەورە بوون، کەئەویش تەعریبە. لەم چوارچێوەیەدا لەهەوڵی بەردەوام دا بوون بۆ بەعەرەبکردنی دیوانەکان (واتە وەزارەتەکان)و دەرکردنی ئەو فەرمانبەرانەی عەرەب نەبوونو دانانی عەرەب لەجێگایان، هەروەها زاڵکردنی سیاسەتێکی چەسپاو بووە، ئەوەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە خوودی ئەو باوەرە نەبووە، بەڵکو میکانیزمو فۆرمەکانی بووە. هەر بۆ نمونە یەکەمین خێڵی عەرەبی کەهێنراوەتە ناوچەی موسڵ کەئەو سەردەمە عەرەبی تیادا نەبووە، لەسەردەمی (عومەری کوری خەتاب) دا بووە، بگرە یەکەمین دەرکەوتنی عەرەبچێتی رەنگە هەر بۆ سەردەمی ئەو بگەرێتەوە، بەتایبەت لەجەنگی هەڵگەراوەکاندا. کەلەسەردەمی (ئەبوبەکر)دا، ئەوانەی جەنگی هەڵگەراوەکانیان دەکردو سەروەتو سامانیان بۆیان حەلاڵ بوو، مەرجی عەرەب بوونیان تیانەبوو. بەڵام کە (عومەر) هات، بریاری دا هەر کەسێك تەنها لەبەرئەوەی عەرەبە دەتوانێت بەشداری بکات لەم جەنگانەداو دواجاریش دەستکەوتەکانی پێ حەلاڵە. هەرچەندە لەرووکەشدا ئەمەبریارێکی سیاسیو تەکتیکە، بەڵام لەراستیدا قەناعەتو بروایەکی پتەوی لەپشتەوە بوو. بەڵگەیەکی تری ئەم کارە ئەوەیە ئەو کاتەی (عومەر) وەسیەتی کردو بەر لەمردنی شورایەکی شەش کەسی هەڵبژارد بۆئەوەی لەدوای خۆی یەکیان ببێ بەخەلیفە، (صهیب الرومی) یشی لەگەڵ دانان تا ئیمامەتی نوێژیان بۆ بکاو، گووتی (لەبەرئەوەی عەرەب نییە، مافی خەلافەتی نییە). واتە چونکە (صهیب) بە رەگەز عەرەب نییەو دەچێتەوە سەر قەومی تر، بۆیە ئاساییە بچێتە ناو شەش کەسەکەو نوێژیان بۆ بکا، لەبەرئەوەی هەرگیز ئەو بۆی نییە بیر لەخەلافەت بکاتەوە، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆئەوەی (عومەر) نەك ئەمەویەکان دامەزرێنەری بیری عەرەبی بوونی خەلیفەو دەسەڵاتە.

هەر عومەریشە کەوتوویەتی ئێمە (واتە عەرەب) بێ دەسەڵاتترین نەتەوەبووین، خوا بەهۆی ئیسلامەوە کردنییە دەسەڵاتدار، بۆیە زەلیل دەبین ئەگەر داوای عزەت بکەین بێ دەستگرتن بەئیسلام).

ئەمانەو دەیان هەڵسوکەوتو ووتەی تر گەواهی ئەو راستیە دەدەن کەتەعریب بدعەیەکی ئەمەوی نییە، بەڵکو مێژووەکەی کۆنترە، ئەوەش پێچەوانە نییە لەگەڵ ئەو راستیەی کەسەردەمی خەلافەتی ئەمەوی، سەردەمی تیۆریزەکردنو بەرنامەرێژیو چەسپاندنی ئەو دیاردەیەیە.

هەر لەخودی سەردەمی ئەمەویەکانیشدا نوسەر دەیان راستی تری تاڵو نامرۆڤانەی فەرامۆشکردووە، کەهەر هەمووی لەژێر پەردەی تەعریبو بەناوی ئیسلامەوە ئەنجامدراون، لەوانە ناونانی موسڵمانی غەیرە عەرەب بەمەوالیو دانانی باج لەسەریان، سوکایەتی پێکردنیانو ئەنجامدانی دەیان کوشتارگای گەورە بۆیان، بەتاڵان بردنی سەروەتو سامانی ناوچە غەیرە عەرەبیەکان، تیۆریزەکردنی تەعریب لەئاستی تیۆری لەلایەن چوار مەزهەبەکە بەتایبەت مەزهەبی (شافعی). لەبەرامبەر ئەو سیاسەتو ئەقڵیەتەشدا، وەنەبێ گەلانی داگیرکراو دەستەوسان وەستابن، بەڵکو هەمیشە لەرێگەی شۆرشو راپەرینەکانیانەوە لەهەوڵی چەسپاندنی مافەکانیان بوونو لەم پێناوەشدا دەسەڵاتی خەلافەتی ئەمەوی، بەدرندانەترین شێوە

یەکەمین خێڵی عەرەبی کەهێنراوەتە ناوچەی موسڵ کەئەو سەردەمە عەرەبی تیادا نەبووە، لەسەردەمی (عومەری کوری خەتاب) دا بووە، بگرە یەکەمین دەرکەوتنی عەرەبچێتی رەنگە هەر بۆ سەردەمی ئەو بگەرێتەوە، بەتایبەت لەجەنگی هەڵگەراوەکاندا. کەلەسەردەمی (ئەبوبەکر)دا، ئەوانەی جەنگی هەڵگەراوەکانیان دەکردو سەروەتو سامانیان بۆیان حەلاڵ بوو، مەرجی عەرەب بوونیان تیانەبوو. بەڵام کە (عومەر) هات، بریاری دا هەر کەسێك تەنها لەبەرئەوەی عەرەبە دەتوانێت بەشداری بکات لەم جەنگانەداو دواجاریش دەستکەوتەکانی پێ حەلاڵە

زمانی عەرەبی بەسەر هەموو ناوچە تازە داگیرکراوەکانو هاندانو هاوکاریکردنی خێڵە عەرەبیەکانی نێو دورگەی عەرەبی، بۆ نیشتەجێبوون لەناوچە عەرەبیەکان (دابەشکردنی سەروەتو سامانو زەوی) ئەم ناوچانە بەسەریاندا بەمەبەستی سەرخستنی تەعریب تیایاندا. هەرچەندە لەم بارەیەوە نوسەر سەرچاوەی گرنگو بەرچاو بەکار دەهێنێ، بەڵام لەراستیدا خۆی لەزۆر راستی تر شاردۆتەوە، یان نەیویستووە باسی بکات. ئەویش لایەنی تیۆریو فکری تەعریبە، واتە نوسەر تەنها ئیجرائاتی تەعریبو فۆرمەکانی دەخاتەروو، تەنها مێژووی پراکتیزەکردنی ئەم پرۆسەیە لەسەردەمی خەلافەتی ئەمەویدا دەخاتە چوارچێوەی باسەکەی، بێئەوەی لایەنی تیۆریو فکری تەعریب هەڵبسەنگێنێ، بێئەوەی لەرووی فکرییەوە پێمان بڵێ ئەو بروایەی ئەمەویەکان کەلەپشت ئەنجامدانی ئەم کارانەوە بوونو لەپشتی ئەو سیاسەتەوە دەوەستان، چی بوون. کەئەمەیان خاڵە هەرە گرنگو جەوهەریەکەی تەعریبە. چونکە ئەم پرۆسەیە لەراستیدا بەر لەئەمەویەکانیش ئەنجامدراوەو دوای ئەوانیش درێژەی هەبووە، لەقۆناغە جیاجیاکانی دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامیدا، تەعریب

ڕووبەڕوویان بۆتەوە، (حجاج بن یوسف الثقفي) لەم مێژووەدا هیچ نییە جگەلە ئاماژەو ناوێك کەگەواهی ئەو راستیە دەدەن. فارسەکان لەرێگەی پەنابردنیان بۆ مەزهەبی شیعە لەئێران هەوڵی ئەوەیان دا لەلایەك خۆیان جیا بکەنەوە لەعەرەبی شۆڤێنی سوننی کەتارادەیەکی زۆر ئەمەویەکان لەسەری بوونو دایان مەزراندو لەلایەکی تریش بەم کارە، هەروەك (شهرستانی) لە (الملل و النمل)دا باسی دەکا، بەم کارە ویستیان کلتورو مێژوو و شارستانیەتی خۆیان بپارێزن لەتەعریب. کوردیش لەهەمان چوارچێوە وەکو زۆرێك لەگەلانی تر، بیروباوەری شورای (الخوارج)ی هەڵبژارد بۆ تەعبیرکردن لەنارەزایی خۆی لەدەسەڵاتی خەلافەتی ئەمەوی. هەربۆیە وەك زۆرێك لەلێکۆڵەرەکان باسیانکردووە، چالاکترین ناوچەی شوراتەکانو گرنگترین جوگرافیای کۆبونەوەیان، کوردستان بووە. بگرە لەزۆ کاتدا سەرکردەی بزووتنەوەی شورات کەوتۆتە دەست کورد. هەر هەموو ئەوەش پەرچەکردارێکی سروشتی بووە بۆ سیاسەتەکانی تەعریب، کەمێژووی دوورو درێژی عەرەبی ئیسلامی هەمیشە بەجیاوازی سەردەمو میکانیزمو فۆرمەکان کاری بۆ کرردووەو هەوڵی چەسپاندنی داوە.

خوێندنەوەو چەند سەرنجێکی خێرا لەسەر کتێبی "قەفەسی ئاسنین یان بۆ ببمەوە بەعێراقی"

عومەر سەرگەتی



ئەم کتێبە هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی دروست دەربارەی تەعریبو سەردەمە جیاوازەکانی پرۆسەی بەعەرەبکردنو بەئەویترکردن لەمێژووی ئیسلامو سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا، وە تا ئەندازەیەك پێناسەیەکی جیاوازتر بۆ تەعریبی سەردەمی بەعس دەکات جیا لەو پێناسانەی کەبۆ تەعریب کراون، هەربۆیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مێژووی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامو چەمکی یەکەمی تەعریب دیاریدەکاتو کۆمەڵێك بەڵگەی مێژوویی دەخاتەڕوو دەربارەی هەوڵدانەکانی بەعەرەبکردنی کوردو دواجار ئەم چەمکە دەگۆڕدرێت بۆ خۆ بەعەرەبکردن لەم کتێبەداو کورد دەبێتە وەدیهێنەری خەونی ئەویتر کەخەونی ئەویترە وەك گۆڕینی بۆ عەرەبو بەخشینی شوناسێکی عەرەبیانە وە هەروەها باس لەوە دەکات کەمێژووی تەعریب دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەدەی هەشتەمی پێش زاین، واتە ئەو چرکەساتەی کەمێژوونوسو نوسەرە عەرەبەکان بەمەبەستی دەستەمۆکردنو ماڵی کردنی مرۆڤی کورد بەشداری ئەم پرۆسەیە دەکەن، راستەوخۆ مێژووی تەعریب ناگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی بەعسو بەتەنها بەعس خولقێنەرو بکەری یەکەمی ئەم پرۆسە نیە بەڵکو مێژووی ئاینی ئیسلامی عەرەبیو سەرجەم ئەو کتلورە مێژوویە بەشدارە لەم پرۆسەیەدا، فاکتەری یەکەمو پراکتیزەکەری یەکەمە، واتە بەتەنها بەعس گوناهبار نیە لەم پرۆسەیەدا بەپێی بەڵگەکانی ئەم کتێبە لەئاستی بەعەرەبکردندا بەڵکو کۆی ئەو کلتورو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیو ئاینیو سیاسییە مێژووییەش گوناهبارە کەدنیای عەرەبی لەسەر راوەستاوە بەتایبەتی لەئاستی ئاینیدا.. هەرچەندە لەنێوان پرۆسەی بەعەرەبکردنی کوردەکان لەناو ئەم کتێبەدا.. یان لەناو ئەم پرۆسەیەدا ئاین رۆڵێکی گرنگ دەبینێت یان وەك لەکتێبەکەدا هاتووە (کۆمپانیایەکی عەرەبیانەی ئیسلامیانە) هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بووە لەپێکهاتەی مێژووی کلتوری مرۆڤی کوردیدا رەچەڵەکێکی عەرەبیانە بدۆزێتەوە یان رەچەڵەکێك دروست بکات بۆ کورد.. کەبچێتەوە سەر تیرو تایفەو پاپاو پاکانی عەرەب.

هەرچەندە نوسەری ئەم کتێبە هەوڵدەدات بەشێکی زۆری پەرەسەندنی ئەم پرۆسەیە بخاتەوە ئەستۆی مرۆڤی کرود، کەبەو پێیەی کورد خۆی زیاتر هەوڵیداوەو بەشداریکردووە رەچەڵەکی خۆی بباتەوە سەر قەبیلەو پیاوە موسڵمانەکانی عەرەب، بەکورتی نوسەر دەڵێ "پرۆسەی بەعەرەبکردن، دەگۆڕێت بۆ خۆ بەعەرەبکردن" ئەم ناولێنانە پێچەوانەیە دەشێ وا بخوێنرێتەوە کەکوردەکان ئەم ئەرکە لەکۆڵ عەرەبەکان دەکەنەوەو دەیخەنە ئەستۆی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی لەمەش زیاتر دەبێتە جێگەی شانازی بۆ کوردەکان کەشوناسو رەچەڵەکی خۆی لەمێژووی عەرەبەکاندا دۆزیوەتەوەو خۆی دەباتەوە سەر رەچەڵەکی عەرەبی..

هەرچەندە نوسەر لەپێشەکی کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کەئەم پرۆسەی بەعەرەبکردن ستراتیژی دەگۆڕێت وەك لەو هەوڵدانە مێژوویە کەپێشتر عەربەکانو نوسەرو گەڕیدەکانیان هەوڵیان بۆ دەدا، واتە پرۆسەی بەعەرەبکردن لەسەردەمی بەعسدا دەگۆڕێت بۆ ئاستی پراکتیزەکردن لەسەر عەردی واقعو بەتەواوی ئەم گوتارە لەئاستێکی مەعنەویو نوسینی سەر کاغەزی موسڵمانە عەرەبەکانەوە دەگۆڕێت بۆ دروستکردنی وێنەی دوژمنو خولقاندنی نەیارێك کەجێگەی مەترسیە، بەمەبەستی رێگە خۆشکردن بۆ لەناوبردنی ئەو نەیارە، کەمرۆڤی کوردیە.

هەرچەندە ئەم کتێبە وەك لەپێشەکیەکەیدا هاتووە هەوڵدانێك نیە بۆ رۆچونو دۆزینەوەو ساخکردنەوەی رەچەڵەکی کوردی لەمێژوودا، بەڵکو پرسیاری سەرەکی لەم کتێبەدا، پرسیارە لەو چرکەساتانەی کەمرۆڤی کورد بێدەنگو بێ پەرچەکردار بووە بەرامبەر بەو گوتارەی کەهەوڵی بەعەرەبکردنی داوەو سەرباری ئەمەش کورد خۆی بەشداربووە لەو گوتاری بەعەرەبکردنداو بایەکانی ئەو گوتارەی بەهێزتر کردووە هەربۆیە لەسەرەتادا ئاماژە بەچەند نمونەیەك دەکات لەپرۆسەی بەعەرەبکردن لەمێژووداو بۆ یەکەمجار کەسێ لەمبارەیەوە دوابێت سەحیم کوڕی خەمس، ناسراو بە "ئەبو یەقزانت" ١٩٠ کۆچی/ ٨٠٥-٨٠٦ ی زاینی کە لەچەند نوسراوێکی بێ سەرو شوێندا پاداشتی کردووە پاشان نوسەرانیتریش دووبارەیان کردووەتەوە.

بەبڕوای ئەبو یەقزان دەبێت "باپیرە هەرە گەورەی کوردان کوردی کوڕی عەمری کوڕی عامری کوڕی سەعسەعە" ل ١٣.

هەرچەندە ئەم دانەپاڵەی ئەبویەقزان لەلایەن چەند مێژوو نوسێکی ترەوە دووبارە کراوەتەوە، سەرباری چەند نمونەو بەڵگەیەکی مێژوویی نوسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەئەم هەوڵانەو قەبوڵکردنی کوردەکان لەم جۆرە کارکردنەی "بەعەرەبکردندا" قەفەسێکی ئاسنینی بوو کەکورد گیرۆدەو دیلی ئەو قەفەسە بوو بەتایبەت لەسەر دەستی میروو پاشاکان بەتایبەت ئەیوبیەکانو وە سەرهەڵدانی تەواوەتی ئەم پرۆسەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی سیتسمی خەلافەتو بەتەواوی پرۆژەیەكو دیاردەیەکی عەرەبی ئیسلامیە.. بەتایبەت لەو سەدەیبەدا بوو "دەیەم/یانزەهەم" کە کوردەکان ئیسلام بوو بوونو یان ئیسلام کرابوون.. بەم پێیە نوسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەپرۆسەی بەعەرەبکردن لەو سەرهەڵدانو گەشەسەندنە ئاینییەوە سەرهەڵدەداتو لەئاستی سیاسیشدا هەلومەرجی بابەتی ئەو دەمەی سیستمی خەلافەت تێیدا دەژیا ئەم چەمكو پرۆسەیان زیاتر بەسەر کوردا سەپاند.. دواتر ئاماژە بەوە دەکات "کەوێناکردنە بەراییەکانی عەرەب بۆ کورد پەیوەندیان هەبووە بەقەیرانی ناسنامەی عەرەبان" ل١٨ بەتایبەتی لەئاستی سیاسیدا کەبەوجۆرەی دووچاری بووبوون لەساتەوەختی رووخانی ئەمەویەکانو پاشانیش هەڵوەشاندنەوە بەردەوامەکانی دەسەڵاتی عەباسیەکان دەبینیەوە.

کەواتە ئەم وێناکردنەی عەرەب بۆ کورد.. وێناکردنێکە لەبنەڕەتەوە لەقەیرانی عەرەبەکانەوە سەرچاوەی گرتووە بۆ دۆزینەوەی جۆرێك لەشوناسو خاڵی لێك چوو و- جیاواز دیاری بکات "کەواتە وێناکردنی عەرەب بۆ کورد وێنا کردنێکە لەئەنجامی جۆرێ لەقەیرانەوە هاتووەو ئەم وێناکردنەش بۆئەوەیە خاڵی لێکچون دروست بکات نەك ناڵی جیاکەرەوەو دابڕکەر" ل١٩.

بەڵام ئەگەر ئەم جۆرە وێناکردنەی یەکەم لەقەیرانی ناسنامەی عەرەبەوە هاتبێ بۆئەوەی وەك ستراتیژێكو بۆرە سیاسە تێك کەبوار نەدات کورد بیر لەناسنامەی خۆی بکاتەوە..

ئەی بەچ شێوەیەك لەو پرۆسەیەی یەکەمدا عەرەب هەم خاوەنی گوتارێك بووە بۆئەوەی ئەوی دی وەك شوناس بشوێنێو شوناسێك بۆ خۆی دیاربکات.. لەکاتێکدا نەتەوەیەکی بێ شوناس بتوانێت کاریگەری بکاتە سەر شوناسی ئەویتر؟ ئەگەر بەم شێوەیە بێت کەواتە ناکرێ وەکو قەیرانی شوناسی عەرەب لەو سەردەمەدا ئەمە ناوزەد بکەین.. بەپێچەوانەوە لەوکاتەدا عەرەب وەك کۆمەڵێ قەبیلەو تایفەو گروپی قەیراناوی بێ شوناسی تەنها دەتوانێت خاوەنی گوتاری مانەوە بێت. نەك گوتارێك بۆ خوێندنەوەی ئەویتر لەهەمان کاتدا سنوربڕو کاریگەر بۆ سەر شوناسەکەی بەرامبەری لەوانەیە ئەمە یەکێك بێت لەو کێشانەی کەئەم کتێبەو ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ کورد هەڵگریەتی.. یان ئەگەر عەرەب لەو سەردەمەدا کەکاك رێبوار ئاماژەی بۆ دەکات لەقەیراندایەو لەرێگەی وێکچواندنی خۆیەوە لەگەڵ کوردەکاندا ئەم گوتارەی بەو ئەندازە قەیراناویە لاواز بووە.. دەبێت بپرسین ئەی کورد چۆن لەبەردەم هێزێکی لاوازی قەیراناوی بێشوناسدا ملکەچی ئەو گوتارە دەبێتو دەرگاکانی دەکاتەوە بۆ خۆ بەعەرەبکردن؟ ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە هەر لەپێشتر کەئاماژەمان بۆ کرد، کەبەعەرەبکردنی رابردوو لەئاستی کاغەزدا بووەو لەئاستێکی مەعنەویدا بووە.. بەڵام لەسەردەمی بەعسدا دەگوازرێتەوە بۆ پراکتیكو عەردی واقع.. ئەی سەردەمی هێرشو فوتوحاتو هاتنە کوردستانی عەرەبەکان لەپەنای ئیسلامدا لەسەر عەردی واقع نیە، ئەی هەستانی خوێن لەشاری نەهاوەندو جێبەجێکردنی ئەنفالی یەکەمو غەنیمەت لەسەر کاغەزە یان لەسر عەردی واقع؟ بەپێچەوانەوە ئەو سەردەمەی کاك رێبوار بەستراتیژێکی مەعنەویو نوسینی کاغەز ناوی دەبات بەهەمان شێوەی بەعس پراکتیزەکراوو خوێناوی بووە راستە لەهەردوو پرۆسەو سەردەمە جیاوازەکاندا ئیسلام بەهانەو چەکێکی پتەو درێژخایەن بووە بۆ ئەم جەنگە.. پێدەچێت تاقە شتێکیش کوردی ملکەچ کردبێ لەبەردەم پرۆسەی یەکەمدا ئامادەگی ئاینی ئیسلام بووەو هەر لەم رێگەیەشەوە شەڕکردن لەگەڵ عەرەبدا لە سەردەمەدا دەبووە شەڕکردن لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا.. بەڵام کوردیش وەك ئەوەی خاوەنی ئاینێکی پێشینە بووەو ئەزموونێکی دوورو درێژی هەبووە لەگەڵ ئاینی زەردەشتیدا، یان بەمانایەکیتر پەیوەندی مرۆڤی کورد پەیوەندیەکی ئاینی بووەو پەیوەندی لەگەڵ یەزداندا پەیوەندیەکی پتەو پیرۆز بووە.. بەئاسانی ملکەچی ئاینێکی دیکەی ئاسمانی دەکات هەر لێرەوە ئاستی بەرگریکردنی لەگەڵ عەرەبدا لاواز بووە لەکاتێکدا عەرەب وەك نوێنەری خوداو دواهەمین پێغەمبەر فەتحی کوردستانی کردووە نەك وەکو هێزێکی داگیرکەر ئەمەش رێگە خۆشکەر بووە بۆ سەپاندنی ئاینەکەیان کەئاینی ئیسلامە لەناوچەکانی کوردستاندا تەنانەت بەها رۆحیو ئەخلاقیەکانی کورد وەك ئیماندارێك لێکچونێکی نزیکی هەبوو لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا.

هەروەها ئەم کتێبە ئاماژە بەوە دەکات کەبەعەرەبکردنی کورد "کوردیە هی خۆکردن" بەخشینی جۆرێك لەدڵنیایی بووە بەهێزێکی گەورەی کۆمەڵایەتی کەتەرەکردنی لەبەرژەوەندی دەوڵەتی خەلافەتدا بووە" ل٢١.

ئەم حاڵەتە زۆر پێچەوانەی بەعەرەبرکردنە لەسەردەمی بەعسدا.. چونکە لەسەردەمی بەعسدا هیچ شتێك گرتنی نەبوو بۆ دڵنیایی نەخۆ بەعەرەبکردنو نە بەعسی بوون نەبێ بەجێکردنو ملکەچ کردنی هەموو داخوازیەکانی بەعس نەیدەتوانی زەمانەتی خەوی شەوێکی ئارامی کوردێك بکات کەهەست بەدڵنیایی بکات چرکەیەك لەمردن نەترسێت، لەسەردەمی بەعسدا مەرگ لەهەموو شوێنەکاندا ئامادەبوو هیچ شتێك، هیچ ئاینو ئەخلاقو پابەندبوونێك بە بەعسەوە نەیدەتوانی دڵنیایی بەهیچ کەسێك ببەخشێت، بۆیە بەعەرەبکردن لای بەعس لەبنەڕەتەوە جیاواز بوو لەگەڵ بەعەرەبکردنی سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلام.. باوەڕهێنان بەئاینی ئیسلام تا ئەندازەیەك جۆرێك لەدڵنیایی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو... لەوانەیە خاڵی لێکچونیان تەنها پراکتیزەکردنی هێرشەکانیان بێت لەسەر عەردی واقع رووبەڕوو بوونەوەیەکی ترسناك بووبێت.. بەڵام ئەوەشمان لەیاد نەچێت چەمکی بەعەرەبکردنی سەردەمی خەلافەت تاسەر ئێسقان لەناو ستراتیژو بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامدا بوو.. بۆیە بەئیسلام بوون گرنگتر بوو تاوەکو عەرەبکردن.. چونکە کێشەی سەردەمی فتوحات هەڵگری پەیامێکی یەزدانیو کتێبێکی ئاسمانی بوو وە ئەم پرۆسەیەش تەنها رووبەڕووی کوردەکان نەدەبوویەوە بەڵکو بەر لەم پرۆسەیە لەخاکی کوردستاندا لەگەڵ عەرەب ناموسڵمانەکاندا گەرمترو پڕ جەنگ تروچڕ خوێنتر بوو.. شەڕەکانی لەئاستی قەبیلەو خێڵو گروپە جیاوازەکاندا بوو تەنانەت عەرەب لەگەڵ عەرەبدا.. چونکە لەو سەردەمەدا شتێك نەبووە بەناوی نەتەوەوە تا ئەو ساتە وەختە نەتەوەی عەرەب خاوەنی ئەو پرانسیپو خاڵە بنەڕەتیانە نەبوو کە نەتەوەیان پێدەناسرێتەوەو وێنەی نەتەوە بەرجەستە دەکەن لەناو چوارچێوەیەکی دیاریکراودا.. بۆیە جەنگی موسڵمانە عەرەبەکانیش زیاتر بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام بوو، بەوپێیەی عەرەبەکان خۆیان بەخاوەنی ئەو ئاینە دەزانی راستە لەئەساسدا پرۆسەیەکی بەعەرەبکردن لەدوای خۆی جێدەهێڵێت.. بەڵام جیاواز بوو لەگەڵ پرۆسەی بەعەرەبکردندا لەسەردەمی بەعسدا.. واتە دەتوانین بەم شێوەیە ناوزەدی بکەین کەپرۆسەی بەئیسلام کردنی خەڵکانی غەیرە عەرەب لەسەردەمی بەعسدا لەبەئیسلام کردنەوە دەگۆڕێت بۆ بەعەرەبکردنی هەرچەند ئەم جۆرە بۆچوونە تائەندازەیەکی زۆر سەدامو بەعس دووردەخاتەوە لەگوناهەکانیانو راستەوخۆ گوناهەکانی بەعس دووردەخاتەوە لەگوناهەکانیانو راتسەوخۆ گوناهەکانی بەعس دەدرێتە پاڵ ئیسلامو پرۆسەو هێرشە بەردەوامە مێژوویەکانی چونکە سەدام لەگەڵ بەعەرەبکردنی کوردەکاندا جەنگێکی قوڵی هەبوو لەگەڵ ئیسلامیەکانیشدا.. ئەو گروپ و تاقمانەی کەدەیانویست فەتحی شارەکانی کوردستانو.. هتد بکەن ئەو سەردەمەیان دووبارە دەکردەوە..

بەرگی یەکەمی دیوانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی راستگۆیەتی لەگەڵ عیشقو ساکاری زماندا

بێباک عومەر

فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، دەنگێکی ناسکی شیعری دڵدارانی کوردەوارییە. کە بێگومان، ئەگەر شیعرەکانی بەجوانی وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی جیهانی، هەڵبەتە شیعرەکانی دەبنە مانیفێستێکی دیکەی عیشقو عاشقانی کوردو دەچنە پاڵ مانیفێستە عشق لاوێنەکانی دیکەی جیهان. چونکە فەرەیدون لەگەڵ پەیمانی عیشقدا، هەتا دڵداران حەزبکەن، ناسكو راستگۆیە.

ئەم دیوانە، یەکەمین شیعربەندی ئەزمونی (٢٧) ساڵەی فەرەیدونن. هەروەکو خۆی لەکورتەپێشەکیەکەی دیوانەکەدا باسکردووە، کە ئەم دیوانە (لەهەرسێ کۆمەڵە هۆنراوەی).. (حەزێکی ئاوارە — ١٩٧٧)و (رۆژان ئەڕواو تۆ هەر خۆشەویستی منی — ١٩٨٣)و (کە بیر لەتۆ ئەکەمەوە — ١٩٩٨) دەگرێتەوە. جگە لەشیعری نوێی بڵاونەکراوە. واتا: سێ کۆمەڵە شیعرو سێ ئەزمونە شیعر، بەبێ دەستکاریو ئارایشتی خودپەسەندی، وەکو خۆیان چاپکراوون.

گەوهەری سەرەکی رووبەری تەواوی شیعرەکان، بەردەوام کەروێشکەی(*) کێڵگەی دڵدارییە، چۆن دڵدارییەکیش؟ دڵدارێك هەست دەکەی لەهەموو شوێنێکەو ئەدرەسیشی نییە. هەست دەکەی شیعرەکانی هی کەسێکە، هی هەموو کەسێکە، هیچ کەسێکیش بەدیاریکراوی، لەژوانگەی شیعرەکانی فەرەیدوندا، نادۆزیتەوە. دەتوانین وەکو ساکاریی شیعرەکانی فەرەیدون بڵێین: فەرەیدون عەبدول بەرزنجی دوو پێناسەی شیعری خۆی هەرگیز وون نەکردووە:

یەکەمیان: شیعر بۆ عیشقو عیشقیش بۆ شیعرو هەردووکیشیان بۆ ئەوکەسەی (هەرکەسێك بێ) راسگۆیە لەگەڵ هەستونەستی دڵداری خۆیدا.

دووەمیشین: وشەو زمانو کۆپلەی شیعرەکان" پاراوون، بارگاوی نین بەفەلسەفەو بەداناییو لۆژیكو تەمومژی زمان.. تاد. تەنانەت جاروبار فەرەیدون ئەگەر ویستبێتی لابداتە لای کانیاوی شێوەشیعری کلاسیکیش، بەئەسپایی لەو کانیاوە تینوێتی عشقی شکاندووەو زمانی پاراوی (فەرەیدونی!) نەکردۆتە قوربانی قاڵبە دەقگرتووەکانی شیعری کلاسیکی. بەڵکو ئەم، هەوڵیداوە بەدەقی زمانی نوێ، تەلیسمی زمانی دەقی کۆن، بەسەلیقەی نوێخوازی بشکێنێ.

ئەگەر لەدونیای ئەدەبیاتی عیشقدا، هەبن بڵێن" دەشێ هەموو شاعیرێك رێچکەی وا بگرێتەبەر، یان شاعیری دیکەش هەن، هانایان بۆ سایەی ئەدەبی کلاسیك بردووەو نەکەوتونەتە داوی شیعری دڵداری کلاسیك، یان کەمێك لەفۆرمی کلاسیکییش، هەورازتر کشاوون، ئەگەر ئەم پاساوەش بەناچاری چاوی لێبپۆشین، ئەدی بۆ جارجارە هاتنەناو دونیای سیاسەت، دەبێ چ بگوترێ کە فەرەیدون، هەروەکو دڵداریو خۆشەویستی، رەفتاری لەگەڵ کوردستانو کوردایەتیو کارەساتەکاندا کردووە.

خەڵکی بۆ مەرگی ئازیزێ
دوو رۆژ پرسە دائەنیشن
ساڵێک بەرگی رەش ئەپۆشن
ئەدی ئێمە
لەمەرگی هەڵەبجەی جوانا
چەند رۆژ بۆ پرسە دانیشین؟
چەند ساڵ بەرگی رەش بپۆشین؟
ل (٢٣٨)

ئەم شیعرەی لەگەرمەی مەرگەساتی هەڵەبجەدا گوتووە (١٩٨٨)، کەچی کاتێك فەرەیدون بەساڵنامەی شیعرەکانی دەگێڕێتەوە بۆ یادەوەری دیوانەکەیو لەیەکەمین شیعری دڵداری چاپکراوی (٤/ی ئابی ١٩٧٧) ورددەبیتەوە، دەبینی ئەمەش ئاوا جۆشیخواردووە:

تەنیا دیاریم هۆنراوێکە..
بۆم هێناوی لێم وەرگرە..
ئەگەر هاتوو وشەکانی
وەکو لێوت ناسک نەبوون
سەریان برە..
ل (٤)

یانزە ساڵی رەبەق جیاوازی چرۆکردنی ئەو دوو شیعرەیە. کە وردیان دەبیتەوەو بەراوردیان دەکەیت، دەبینی زمانو دارشتنی شیعرەکان، هەوێنی چۆنیەتی مەیاندنی رەنگی وێنەکان، کێشو سەروایان، هەر دەڵێی لەچرکەساتێکدا، جمگ لەدایك بوون. هەڵەیە هەبن واتێبگەن شاعیر نەیتوانیووە گۆڕانی قوڵ لەئەزمونی شیعریدا بەدەستبێنێ. نەخێر. فەرەیدون خاوەن سیماو مۆرکێکی خۆیەتی، نەیویستووە دووی تراویلکەی نوێگەری بکەوێو، خۆیو خوێنەرانی فریو بدا. هەربۆئەوەی پێیبڵێن: نوێگەری کردووە. فەرەیدون، بەهرەی شیعرو ئاستی داهێنانی خۆی نەداوەتە دەست ئەوانەی بەپێی هەوەسی خۆیانو شەماڵی فەلسەفە دابڕاوەکان دەق هەڵدەسەنگێنن. شاعیر دڵنیا بووە کە بەهرەکەی لەدایکبووی قۆناغێکی ئەدەبییەو بازدان بەسەر قۆناغەکەدا بەئارەزوو نییە. زۆر بوون ئەوانەی ویستیان قۆناغی (گۆران) تێپەڕێنن، کەچی لەسێبەری خۆیان بەولاوە نەترازان. هەشن وای دەنوێنن کە لە (شێرکۆبێکەس)یشیان تێپەڕاندووە، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە هێشتا ئەوانە لەناو قۆزاغەی هەوڵە شیعریەکانی خۆیان، نەتروکاوون، نازانین بۆ لەمەودوا!

قۆناغی نوێگەری لەئەدەبیاتی گەلاندا، پرۆسیسێکە دەبێ دەورانی خۆی تەواوبکا. ناکرێ لەناو دەورانی نوێگەری قۆناغێکدا، دەنگێکی ئەدەبی دیار دەربکەوێو لەخۆی بایی بێو بازبدا بەسەر قۆناغەکەدا. زەرورەتی نوێگەری نەبەبڕیار دەخولقێو نە بەئارەزووش تێدەپەڕێندرێ.

دەنگی فەرەیدونو رەوتی شیعرەکانی، نەکەوتنە ژێر کاریگەری ئەو بیروبۆچونە خۆکردانەی، کە هەندێکیان دەیانویست ((پرۆژەی کودەتا))کانیان بەسەر تەختی دەنگە راستەقینەکانی شیعری کوردیدا سەربخەن، هەندێکی دیکەشیان نەیانتوانی هەوڵی بەراگوزەر دەرکەوتنی دەقێکی جوان لێرەولەوێ، بکەنە رێبازێکی داهێنراوی کەم وێنە. فەرەیدون، لەناو هەمان گوڵزاری شیعری نوێو ئازادی کوردیدا، بەشێنەیی، چەپکەگوڵی خۆی چنییەوەو دای لەبەرۆکی دڵدارانو کەوتە ناو کاروانی شاعیران. نەکەوتە ململانێ لەگەڵ دەنگی گەورەتر لەخۆیو نە بەشەوارەی داهێنانی بێوێنەش، کەوت!

فەرەیدون.. رێی خۆی گرتۆتەبەرو گەیشتۆتە جێیەك، دڵنیایین، لەشاعیرێتیو شیعرەکانی دڵنیایە. هەرواشە.. شاعیرێك، رەوتی شیعری دڵداری، تێکەڵاوی رۆژگاری سیاسی نەکردبێ" لەهەمانکاتدا یەك رۆژیش پشتی لەنەتەوەو ئازادی گەلەکەی نەکردبێ، ئەمە بەهرەی ژانێکی ئەدەبی راستەقینەیەو سیاسەت نەیتوانیووە داگیریبکا. لەهەمانکاتیشدا، بۆنموونە:

فەرەیدون ساڵی (١٩٧٧) وەکو لاوێك دادەبەزێتە مەیدانی شیعر. ئەو رۆژگارەش لەرووی سیاسییەوە سەخت بووە. کەچی ئەم بەچەکی شیعرو بەهەستی دڵداریو، راستگۆیەتی بەهرە، بەرەنگارە کردووە. هەروەکو بڵێی: بەعیشق ئومێدی بەخشیوەتە لاوانی نائومێدی ئەو رۆژگارە شومەی هەرەسو هەستانەوە!! لەبەرئەوەی لەگەڵ هەستی خۆیدا راستگۆش بووە، لەتراژیدیای ئەنفالەکانیشدا، هەمان رەوتی بەرنەداوە" لەسەرکەوتنیشدا، لەدوای راپەڕینەوە، هەر سووربووە لەسەر رەوتی ئەدەبی خۆی.

وا من لەشوێنی خۆمەوە
دانیشتومو
بەپەرداخی نیگاکانم
لەشەربەتی لێوەکانت
ئەخۆمەوە
هەتا تۆ هاونشینم بی
من بەستراوم بەم شوێنەوە
دە تۆش گیانە
وەک کتێبەکەی بەردەمت
وەک رۆژنامەکەی بەردەستت
تەنیا جارێ بمخوێنەوە ل (٢٠٨)

کە شەڕی ناوخۆش بەرپابووەو جارێکی دیکە ترسو دڵەڕاوکێ لەچارەنووس، هاتۆتەوەگۆڕێ، شاعیر هەمان پەیامی عیشقی پاراستووە. بەڵکو بۆ عیشق جێیش بەخۆیناگرێ:

خۆشەویستی چارەنوسە
بۆکوێ بڕۆم
لەسەر رێمە
گیانە عەشق وەکو خوێنمان
بەشێکە
لەبوونی ئێمە
عەشق فرمێسکی بەخوورە
تاسەو سۆزی گەرمو گوڕە
عەشق خولیاو هۆگربوونە
هەرگیز لەیەک تێرنەبوونە ل (٢٢٠)

بێگومان.. بەرگی یەکەمی دیوانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، پێویستی بەهەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەیە. پێویستیشە تاقیکردنەوەی فەرەیدون ورد هەڵبسەنگێندرێ. هەتا بزانرێ ئەم شاعیرە چی بۆ ئەدەبی کوردی کردووەو لەکوێیشدا نەیپێکاوە. رەنگە هەشبێ وابزانێ، زمانی شیعری فەرەیدون، لەبەرئەوەی ئاساییو ئاسانە، پێویستی بەوە نییە گوتاری رەخنەیی لەسەر بنوسرێ. پێمان وایە تێگەیشتنێکی لەم چەشنە، بۆ ئەم چەشنە شیعرانە، لێوان لێو هەڵەیە. چونکە لەدونیای شیعردا، زۆجار ئەم چەشنە شیعرانە توێژینەوەیان گرانترە لەوشیعرانەی فەلسەفەو سیاسەتیان تێئاخنراوە. ئەمە زمانی (سهل الممتنع)ە لەدونیای ئەدەبیو شیعردا. کە دەیخوێنیتەوە، وادەزانی تۆش دەتوانی بینوسی، بەڵام کە هەوڵدەدەی بەهەمان شێوە بنوسی، ئینجا بۆت دەردەکەوێ.. نوسینی دەقی ئاوا، چەند گرانە. ئەمە بۆ وایە؟

چونکە، ئەم چەشنە شیعرانە، راستە وشەی پاراوی باوی ویردی دڵدارانی تیا بەکارهاتووە. بەڵام بەهرەمەندی لەوەدایە، ئەو وشانە، وەکو رەگەزی گرنگی شیعر (لەباری زمانەوە) چۆن چۆنی ئاوێتەی وێنەی شیعرو، زمانی شیعرو، کێشو سەروای شیعری نوێی ئازاد کراوونو داهێنراوون، ریتمیان، هاوئاهەنگیان، پاراوییان، سۆزو جوانییان، تێکڕا چلۆن تانوپۆ چنراوون.. ئالێرەدایە توانای بەرهەمەند دەردەکەوێ. لەکاتێکدا، هەمان وشە بەکارهێنراوەکانی شیعری بەهرەمەند، کەسانی ئاساییش دەیانزانن، بەڵام نازاننو ناتوانن داهێنانی ئەدەبییان لێبەرهەم بهێنن.

پیرۆزبایی لەفەرەیدون عەبدول بەرزنجی دەکەین، بۆ بەرگی یەکەمی دیوانەکەی. لەکۆتاییشدا، دەڵێین: هەرچەندمان کردو کۆشا، نەمانزانی بۆچی ساڵنامەی شیعرەکانی دیوانەکە، پاشوپێش خراوون. شیعری نەوەدەکان، لەچاپکردندا، کەوتونەتە پێش شیعری کۆتایی هەشتاکان.. بۆ؟ نەمانزانی، تۆ بڵێی ئەمەش کەمەرکێشی عیشقو عاشقان بێ. باوەڕناکەین!



هەڵبژاردنو ئەرکی میدیای کوردی

عەبدول محەمەد

بەتەواوەتی ساغ بۆتەوە کەیەکێك لەهەرە کۆڵەکەو پایە سەرەکییەکانی سەرکەوتنو شکستی هەر هەڵبژاردنێك میدیایە.

کەرۆڵی کاریگەر دەگێرێ لەسازدانو قەناعەت پێکردنی جەماوەردا بۆ دەنگدان بەلیستێك یان پارتێکی دیاریکراو. یەکێك لەو رەخنەو گلەییە قورسانەی کەئاراستەی میدیا بەگشتی دەکرێ لەکاتی هەڵبژاردندا.، ئەوەیە کەزۆرجار میدیا جەماوەر بەهەڵە دەبات، یاخود لایەنگری بۆ پارتێکی دیاریکراو هەیە، ئەم قسەیەی دواییان رەنگە بۆ کوردستان زۆر ئاسایی بێت کەهەر پارتە لەکوردستاندا میدیای تایبەت بەخۆی هەیەو هەموو ئامادەکارییەکیشی کردووە بۆ پروپاگەندەی حیزبی خۆی، کەرەنگە هیچ قسەی تری نەوێت. بەڵام بۆ قەسەکەی پێشووتریان کەزۆرجار میدیا جەماوەر بەهەڵەدا دەباتو ئەو بەڵێنو قسانەی کەپارتێك دەیدات بەخەڵکی کوردستانو میدیای خۆی بۆ دەخاتە کار رەنگە دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکان وادەرنەچێتو جەماوەر چەواشە بکات، بەتایبەت هەندێ پارتو رێکخراو هەن، کەمانەوەو گەشە کردنیان بەندە بەچەواشەکردنی جەماوەرەکەیانەوە بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەو پرۆسەیەشیان ماشێنی میدیای خۆیان لەکاتی هەڵبژاردهنەکاندا توندترو زیاتر سازو ئامادە دەکەن.

بۆیە جێی خۆیەتی کەجەماوەری کوردستان وریاو چاوکراوە بێت، باچیتر بە بەڵێنو قسەی بریقەدار هەڵنەخلەتێت، خۆی سەیری دەوروبەری خۆی بکاتو راستییەکان درك پێبکات.

ئێستاش کەهەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان رێکەوتن لەسەر ئەوەی کەبەیەك لیست دابەزن بۆ هەڵبژاردنەکان لەعێراقو کوردستاندا، پێویستە پیاچوونەوەیەکی چڕوچڕ بکەنەوە بەمیدیاکانیاندا، گەر لەوەوبەر بیریان لەبەرژەوەندی حیزبی تەسك کردبێتەوە پێویستە ئێستا بەجۆرێکی جەماوەری خەڵك بدوێنن کەئەوان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا نەك تەنها دەنگ دەدەن بۆ داخوازییەکانی گەلی کوردستان، بەڵکو دەنگیش دەدەن بەداهاتووی ئەم گەلە کەرۆژ لەدوای رۆژ سیاسەتی توندتری دوژمنکارانەی بۆ ساز دەکرێت.

روونکردنەوەی ئەو راستیو مەترسیانەش ئەرکی میدیایە، بۆیە جێی خۆیەتی گەر لەوەوبەر میدیای حیزبی نەخشەی پروپاگەندەی تەسکی حیزبایەتی دارشتبێ، ئێویستە ئێستا نەخشەی پروپاگەندەی سیاسەتو داهاتووی گەلێك دابرێژێو کاری بۆ بکات. چونکە دڵنیام خەڵکانی تر وادەکەن تازۆرترین دەنگ بۆخۆیان مسۆگەر بکەن.

لێرەوە ململانێی میدیای حیزبی دەبێت بە ململانێیەکی شەریفان، کاتێك هەستکرا کەئەو میدیایە بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل کار دەکات، نەك بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی.

میدیای کوردی پسپۆریو تەجروبەیەکی زۆری هەیە لەسەر پروپاگەندەی حیزبی بەڵام تەجروبەی نییە یاخود لاوازە لەسەر پروپاگەندەی بەرژەوەندییە گشتییەکان. گرنگ ئەوەیە لەکاتی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکاندا دروشمەکان بۆنی مۆرکی حیزبایەتییان زاڵ نەبێت بەسەر مۆرکی نەتەوایەتییدا.

لەم هەڵبژاردنانەدا ئەوەندەی خەڵك چاومان تێدەبڕێتو ئاخۆ چی دەکەینو بە چ ئاراستەیەکدا ئیش دەکەین، ئەوەندە ئێمە نەمانتوانیوە سەری خەڵکی بکەینو شتی لێبخوێنینەوە.

بۆیە ئەرکی میدیایە بەپرۆگرامێکی تۆکمەو هەمئاهەنگیەکی تەواوەوە ئەو ماوەیەی کەدیاری دەکرێت بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکان، کار لەسەر ئەوە بکات چۆن زۆرترین دەستکەوتو دەنگ بۆ گەلی کوردستانو مەسەلە رەواکەی بەدەست دەهێنێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم حەزو داواو ئەگەرانەدا هێشتا میدیای کوردی نەیتوانیوە هیچ پرۆگرامێکی هاوبەش رابگەیەنێ، چونکە هێشتا خەڵك ترسی ئەوەی هەیە پروپاگەندەکانی راگەیاندن ئەوەندە بەرتەسك بکرێنەوە، نەتوانرێ لەئەڵقەی تێروانینە حیزبییەکان تێپەر بکات.

چونکە تەمەنی هەر حیزبێك لەکوردستان هێندەی گوزەر کردووە کەخەڵکی بیانناسێ، بەڵام هێشتا حیزب نەیتوانیوە لەرێگەی میدیای خۆیەوە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان لەمێشكو ناخی خەڵکی کوردستاندا جێگیربکات. لەچەندین ساڵی رابردوودا میدیای حیزبی کوردی بەپێچەوانەی عورفی میدیای دنیاوە کاری کردووە، چونکە میدیا لەدنیادا ئەوەندەی بۆ پاراستنو گەشەپێدانی گیانی نەتەوایەیو پاراستنی بەرژەوەندی باڵای گەلەکانیان کاریان کردووە، ئەوەندە بۆ رەوتی بەر تەسکی حیزبایەتیو پارتایەتی کاریان نەکردووە، بەڵام میدیای کوردی لەپێشدا لەپاراستنی بەرژەوەندی حیزبییەوە دەستی پێکرد بۆ قسەکردن لەسەر بەرژەوەندی گەل، بەڵام خۆی لەراستیدا پێویستە تا گەلو نەتەوە دەگات بەئامانجە ستراتیژییەکانی، میدیا تەرخان بکرێت بۆ هێنانە دیو پاراستنی ئەو ئامانجانە، ئێستاش کەهەڵبژاردنی چارەنووسسازی گەلی کوردستان هاتۆتە پێشەوە، پێویستە میدیا بەو ئەرکەی خۆی هەڵبستێو بەرنامەی چڕوپڕی بۆ ئامادە بکات.

سەرخستنی ئیرادەی گەلی کوردستان لەم هەڵبژاردنانەدا چەندی دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردەکان، هێندەشی دەکەوێتە سەرشانی میدیاو ئەو سیاسەتەی کەپەیڕەوی دەکات. بەتایبەت ئێستا وڵاتەکەمان لەجاران کراوەترەو خەڵکی بەچاوێکی ترەوە سەیرمان دەکات، میدیاش ئازادانەتر رووداو و راستیەکان دەگوێزێتەوە.

بۆیە هەموو چاوەڕێین بزانین میدیای کوردی ئەم ماوەیەی پێشی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان چۆن دەگوزەرێنێو ئایا میدیا گۆرانکارییەکان دروست دەکات، یان گۆرانکارییەکان میدیا دروست دەکات..



ئەم لاپەڕەیە تایبەتە بەهەردوو تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی وەرزشی (پێشمەرگەو سلێمانی) کەبەشداری خولی تۆپی سەرمێزی یانەکانی وولاتە عەرەبیەکانیان کرد لە (سەنعا)ی پایتەختی یەمەن

تیپی تۆپی سەرمێزی پێشمەرگە حەوتەمو سلێمانی دەیەمی خولی یانەکانی وولاتە عەرەبیەکان بوون

*** ئارمی هەردوو یانەی وەرزشی پێشمەرگەو سلێمانی کەوێنەی ئالآی کوردستانیان تیادا بوو، بە شاندی هەموو وولاتە عەرەبیەکان پێشکەش کرا..**

*** سەیفەدین فەتاح .. یاریکەی یانەی وەرزشی پێشمەرگە، بەباشترین یاریکەری تۆپی سەرمێزی خولی ولآتە عەرەبیەکان هەڵبژێردرا..**

*** تیپی پێشمەرگە.. بەتیپی نمونەیی هەڵبژێردرا..**

*** سەربازگەی مەشق (معسکر تدریبی) هەردوو یانەی پێشمەرگەو سلێمانی لە قاهیرە بوو.**

هەمیشە وەرزش زمانی یەکگرتوو و هاوبەشی گەلانی جیهان بووە، وەرزش هەمیشە ئەو زاراوە پاكو بێگەردو سادەو ساکارەیە کەدەوڵەمەندو هەژار، رۆشنبیرو نارۆشنبیر، خوێندەوارو نەخوێندەوار، نێرو مێ، مامۆستاو خوێندکار، پزیشكو ئەندازیار، فەرمانبەرو کرێکار، کاسبکارو جووتیار، خەڵکانی هۆشیارو ناهۆشیار، ئەدیبو هونەرمەندو سیاسەتمەدار، رەشو سپی، زەردو سوور، خەڵکانی وولآتانی نزیكو دوور، ئەیکەن.. وەرزش ئەو زمانەیە کەوەرگێرانی ناوێ کوردو ئینگلیزو فەرەنسیو عەرەبو فارسو ئەمریکی.. هتد، رائەکەن، خۆیان هەڵئەدەن، باز ئەدەن، شووت لێئەدەن، جەمپ شووت ئەکەن، کەپسە لێئەدەن، ئەکەون، ئەخلیسکێن، تەقلە لێئەدەن، سەرمەوقولات ئەدەن، هەڵئەسنەوە..

ئەمرۆ وەرزش باڵوێزی هەرە گەورەو گرنگی گەلانی سەر رووی زەوییە، بەوەرزش گەلانی دنیا ئەتوانن خۆیان بەیەکتری بناسێنن، توانای خۆیان بسەلمێنن، بەهرەی خۆیان دەربخەن، سەرنجی وولآتانو گەلانی تر بەلای خۆیاندا رابکێشن،خەڵکانی سەر گۆی زەوی سەرسام بکەن بەخۆیان، ئێمەی نەتەوەی کوردیش لەم هاوکێشە ساکارە بەدەرنین، گەر بێتو زەمینەی لەبارو باش بۆ وەرزشکارەکانمان برەخسێ زۆر بەئاسانیو سەرکەوتوویی ئەتوانین لەیاریگا عەرەبیو ئاسیاویو جیهانیەکانیشدا خۆمان بسەلمێنینو ئالآی کوردستانی خۆشەویستمان بەشەکاوەیی بڵند بکەینەوەو بگرە کێشەی رەوای گەلەکەشمان بگەیەنینە جیهان.

رۆژی ٢٠٠٤/١١/٢٤ هەردوو شاندی تیپی تۆپی سەرمێزی هەردوو یانەی وەرزشی پێشمەرگەو سلێمانی لەشاری سلێمانییەوە کەوتنەرێ بەرەو بەغداو لەوێشەوە بەرەو قاهیرە بۆ سازکردنی سەربازگەیەکی مەشق لەهەردوو یانەی (ئەهلی، زەمالیك)ی بەناوبانگی (قاهیرە)، بۆ خۆ ئامادەکردن لەخولی تۆپی سەرمێزی یانەکانی وولآتە عەرەبیەکان لەشاری (سەنعا)ی پایتەختی یەمەن.

بۆ بەدواداچوونی ئەم هەواڵە چاومان بەبەڕێز (هەردە رەئوف بارم) کەوت کەسەرۆکی شاندەکە بووەو ئەندامی یەکێتی ناوەندی تۆپی سەرمێزی عێراقە، هەروەها چاومان بەبەڕێز (هیوا ئەحمەد عەلی) کەوت کە بەڕێوەبەری شاندەکە بوو و راهێنەری تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی وەرزشی پێشمەرگەیە.

ووتیان ئەم قارەمانێتیە سالآنە ئەکرێ، قارەمانێتی پێشووی ساڵی پار لە (لوبنان) بوو، هی ساڵی ئاییندەش لە(مەغریب)و، ئەمساڵیش لە (سەنعا)ی پایتەختی یەمەن بوو لەوقارەمانێتیەشدا هەموو وولآتێکی عەرەبی بۆی هەیە کەتیپی یەکەمو دووەمی وولآتەکەی بەشداری پێبکات.

ئەندامانی شاندەکە:

دواتر بەرێز (هەردە رەئوف بارام) سەرۆکی شاندەکە ووتی:

شاندەکە بریتی بوو لەم کەسانە: هەردە رەئوف بارام (سەرۆکی شاندەکە)، هیوا ئەحمەد عەلی (بەرێوەبەری شاندەکەو راهێنەری تیپی یانەی پێشمەرگە)، ئەیوب عزیز (راهێنەری یانەی سلێمانی)، بەرێز (عومەر ئەحمەد) کەجێگری یەکەمی سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی سەرمێزی عێراقەو سەرۆکی شاندەکە بوو تا تەواو بوونی مەشقەکە لەقاهیرە،کاروان محەمەد ئەمین (راهێنەری تیپی تازەپێگەیشتوانی یانەی پێشمەرگە)، مەیسەم کازم (نوێنەری یەکێتی تۆپی سەرمێزی عێراق)، هێڤی تەها (راهێنەری تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی سیروانی نوێ)، یاریکەرەکانیش بریتی بوون لەم ناوانە:

سەیفەدین فەتاح

یاریکەرەکانی یانەی وەرزشی پێشمەرگە: (سەیفەدین فەتاح، سەلام ئەحمەد، شاهین نەجات).

یاریکەرەکانی یانەی سلێمانی: (هەردی عەلادین، حسین عومەر، بەختیار عەبدول باقی).

ئەم یاریکەرانەش تەنیا بۆ بەشداری کردن لەسەربازگەی مەشقەکەدا تا قاهیرە چوونو گەرانەوە بۆ سلێمانی کەبریتی بوون لە: (پەیکار عوسمان، رێبین ئەحمەد، ئومێد مستەفا)

چواردە یانە لەولآتە عەرەبیەکان بەشدار بوون لەخولەکەدا:

دواتر بەرێز (هیوا ئەحمەد)، ووتی:

چواردە یانە لەوولآتە عەرەبیەکانەوە کەکرابوون بە دوو کۆمەڵەوە بەشداریان کردبوو:

کۆمەڵەی یەکەم بریتی بوون لەیانەکانی:

(سلێمانی، ئەهلی میسر، ئیتیحادی سعودی، ئەهلی یەمەن، ئەهلی قەتەر، جەلائی سوری، ساری بەحرەینی).

کۆمەڵەی دووەم برتی بوون لەیانەکانی:

(سالمی کوێتی، نەسری ئیماراتی، هیلالی سۆدانی، شوعلەی یەمەنی، ئەلعەرەبی قەتەری، ئەهلی سعودی، پێشمەرگە).

زۆربەی یانە عەرەبیەکان یاریکەری پیشەوەری جیهانیان کرییوو:

ئینجا بەرێز (هەردە رەئوف بارام)، ووتی:

زۆربەی یانەکانی وولآتە عەرەبیەکان یاریکەری پیشەوەری (المحترف)ی چینیو روسیو کۆرییان کرییووکە یارییان بۆ ئەکردن کەهەموویان لەسەر ئاستی جیهان پۆلێن (تصنیف) کرابوون.

تیپی زۆر بەهێز بەشداری قارەمانێتیەکەی کردبوو:

هەروەها بەرێز (هەردە رەئوف بارام) درێژەی بەقسەکانی داو ووتی:

تیپی زۆر بەهێز بەشداری ئەم قارەمانێتییەی کردبوو، بۆنمونە یانەی ئەهلی میسری کەقارەمانی ئەفریقاو عەرەبن، هەموو یاریکەرەکانیان لەسەر ئاستی جیهان پۆلێن کراون، تیپی ئەهلی سعودی کەباشترین یاریکەری رۆژئاوای ئاسیا تیادایە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا یانەی پێشمەرگە بە (٣) یاری بەرامبەر بە (سفر) لەیانەی ئەهلی سعودی بردەوەو یانەی سلێمانیش بە (٣) یاری بەرامبەر بە (١) یاری لەهەمان یانەی بردەوە.

لەقاهیرە هاریکاری باشمان کرا:

بەرێز (هیوا ئەحمەد عەلی)، ووتی:

لەقاهیرە لەلایەن هەردوو یانەی (ئەهلیو زەمالك)ەوە زۆر کار ئاسانیان بۆ کردین بۆ سەرکەوتنی سەربازگەی مەشقەکەکمان، زۆر رێزیان لێگرتین، لەرۆژی ١١/٢٥ تا ٢٠٠٤/١١/٣٠ لەوێ بووین، بەتایبەتی یەکێتی تۆپی سەرمێزی میسری درێغیان لەگەڵماندا نەکردو هۆڵەکانیان بۆ خستینە سەر پشتو هەموو پێداویسیتیەکانیان بۆ ئامادەکردین، ئێمەش ئارمییانەی پێشمەرگەو یانەی سلێمانیمان دانێ کەوێنەی ئالآی کوردستانی تیادا بوو.

یانەی پێشمەرگە بەتیپی نمونەییو (سەیفەدین فەتاح) یش یەکەمین یاریکەری خولەکە:

بەرێز (هیوا ئەحمەد عەلی)، درێژەی بەقسەکانی داو ووتی:

لیژنەی سەرپەرشتی خولەکە بەکۆی دەنگ تیپی یانەی وەرزشی پێشمەرگیان بەتیپی هونەری هەڵبژارد، لەسەر جوانی خوورەوشتو ئاستی بڵندی هونەری تیپەکە، هەروەها (سەیفەدین فەتاح)ی یاریکەری تیپی یانەی وەرزشی پێشمەرگەیان بەیەکەمین یاریکەری خولەکە هەڵبژارد، کەئەم دوو رووداوە مایەی خۆشحاڵی ئێمەو سەربەرزیو رووسووری بوو بۆ گەلەکەمانو شارەکەمانو یانەکەیشمان، لەراستیشدا چ یانەی پێشمەرگەو چ سەیفەدین فەتاحیش شایستەی ئەو نازناوە بوون.

هەردی عەلادین باشترین یاریکەری یانەی سلێمانی:

(هەردی عەلادین) لاوی هەڵکەوتووی یانەی وەرزشی سلێمانی ووتی:

لەگەڵ یانەی جەلائی سوریدا زۆر ماندوو بووم، چونکە یاریکە قورس بوو، هەردوو یاریەکەشم بردەوە..

هەروەها ووتی:

هەردوو یانەی سالمیەی کوێتیو شوعلەی یەمەنی کەیاریکەری پێشەوەر (المحترف) یان تیادا بوو کەچی هەشتەمو نۆیەمی خولەکە بوون.

حکومەتی یەمەن بەگەرمی پێشوازی لەشاندی هەردوو یانەکە کرد:

بەرێز (هەردە رەئوف بارام)، ووتی:

بەراستی حکومەتی یەمەنو یەکێتی ناوەندی تۆپی سەرمێزی یەمەن زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێکردین، لەباشترین ئوتێلی (سەنعا)ی پایتەخت دایان ناین، رێزی زۆریان لێگرتین، ئێمەش ئارمی هەردوو یانەی پێشمەرگەو سلێمانیمان پێشکەشکردن کەئالآی کوردستانی تیادا بوو، هەروەها ئەو ئارمەمان پێشکەشی هەموو یانەکان کردو بەدڵفراوانیەوە لێیان وەرگرتینو باسی بارودۆخی کوردستانمان بۆ کردن، بەئاشکراش پێیانەوە دیاربوو کەحەز بەناسینو نزیك بوونەوە ئەکەن لێمان.

ئەنجامی کۆتایی خولەکەش بەم جۆرە بوو:

یەکەم: ئەهلی میسری
دووەم: ئیتیحادی سعودی
سێیەم: نەسری ئیماراتی
چوارەم: عەرەبی قەتەری
پێنجەم: ئەهلی یەمەن
شەشەم: ئەهلی قەتەر
حەوتەم: پێشمەرگەی عێراقی
هەشتەم: سالمیەی کوێت
نۆیەم: شوعلەی یەمەنی
دەیەم: سلێمانی عێراقی
یانزەیەم: جەلائی سووری
دوانزەیەم: ئەهلی سعودی
سیانزەیەم: ساری بەحرەینی
چواردیەم: هیلالی سۆدانی

لەکۆتاییدا بەرێزان (هەردە رەئوفو هیوا ئەحمەد)و سەرجەم شاندەکە سوپاسی زۆریان ئاراستەی بەرێز (مام جەلال) کرد، کە زۆربەی هەرە زۆری بودجەی شاندەکەی خستبووە ئەستۆی خۆی، هەروەها زۆر سوپاسی بەرێز (عومەر فەتاح) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستان ئەکەن کەیارمەتییەکی باشیدان، هەروەها سوپاسی زۆری کاك (مەلا بەختیار) سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان ئەکەن، کەلەگەرانەوەیاندا دەستی رێزو نرخاندنی خستە سەر سەرجەم ئەندامانی شاندەکە، جگەلەمەش سوپاسی زۆریان پێشکەش بەبەرێز (شێخ جەعفەر) سەرۆکی یانەی پێشمەرگەو جێگری سەرۆکی یانەی پێشمەرگە بەرێز (مەلا یاسین)و بەرێزان ئەندامانی دەستەی بەرێوەبردنی یانەی وەرزشی پێشمەرگە ئەکەن بۆ ئەو هەموو یارمەتییەی کەپێشکەشیان کرد بەشاندەکە، لەکۆتاییشدا سوپاسی گەرمیان پێشکەش بەهەردوو حکومەتو یەکێتی ناوەندی تۆپی سەرمێزی میسریو یەمەنی ئەکەن بۆ ئەو هەموو هاوکارییو رێزگرتنەیان، هەروەکو سەرۆكو ئەندامانی شاندەکە ئەڵێن کەئەو قارەمانێتییە لەهەموو بارەیەکەوە سەرکەوتووترین قارەمانێتی بووەو کەم وێنە بوو.

محەمەد سالمین (بەحرێن) هەوڵی دەربازبوون دەدات لە یاریزانە سعودیەکان

مارتن پالێرمۆ کاسی پاڵەوانێتی ئەمریکای لاتینی بەرزکردەوە

خۆشحاڵی لامپارد (چێلسی)و هاورێکانی بەتۆمارکردنی گۆڵ لە (نۆرتچ ستی)

کورتیلە باس

خانەی ستراتیژی عەرەبیو ئایندەی ناکامی عەرەب

پێشبینی ناکرێ دەوڵەتانو نەتەوەی عەرەب، لەبیست ساڵی ئایندەدا بتوانن وەرچەرخانی گەورەی نشونماکردن (تنمیە) بەدیبێنن. بۆیە، عەرەب لەئایندەیەکی ناکامدا دەژی!

پرۆژەی رۆژهەڵاتی گەورە، وڵاتانی رۆژهەڵاتی گەورەی خستۆتە ژێر گێروگازی پرسیارگەلێکی چارەنوسسازی ئابوریو سیاسیو مەدەنی. هەر وڵاتەو بەچەشنێ چارەنوسی خۆی پێشبینیدەکا" هەروا، هەر نەتەوەیەکیش بەجۆرێ خەمی خۆی دەخوا.

وڵاتانی عەرەبیو نەتەوەی عەرەب، بەحوکمی ئەوەی گەورەترین نەتەوەی رۆژهەڵاتی گەورەو دەوڵەمەندترینیشیانن، زیاتر لەوڵاتو نەتەوەکانی دیکە کەوتونەتە ژێر پرسیاری جۆراوجۆر، لەوەڵامی زۆربەی پرسیارەکانیشدا، لەچوار ساڵی رابوردودا، لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر باری ئابوری، دۆخی سیاسیو ژیانی کۆمەڵایەتی عەرەب ئەنجامدراوون. بەرەنجامی سەرجەم لێکۆڵینەوەکان، بەقسەی نوسەرانو روناکبیرانی عەرەب خۆیان، زۆر خراپ شکاوەتەوە. کورتیەکەی دەوڵەتانو نەتەوەی عەرەب، لەدەوڵەتو نەتەوە دواکەوتوەکانی جیهانن. سەرەرای ئەو سامانە بێشومارەی هەشیانە.

خانەی ستراتیژی عەرەبی، لەم هەفتەیەدا، کۆڕی گرنگ گرنگیان دەربارەی عەرەبو جیهانو ئەو ریفۆرمانەی پێویستە عەرەب ئەنجامی بدەن، کردووە. لەکۆڕەکاندا، لێوەشاوەترین پسپۆڕو سیاسەتمەدارو ئابوریزانی عەرەبو بێگانە، ئامادەبوبوون. تێکرا باسەکان، لەسەرئەوەبوو کە عەرەب چیبکەن لەم دۆخە نالەبارە رزگاریان ببێ. هەرهەموشیان دانیان بەدۆخی خراپی دەوڵەتانو نەتەوەی عەرەبدا، ناوە. بۆنمونە، رەفیق حەریری، سەرەك وەزیرانی پێشووی لوبنان، گوتویەتی: تێڕوانینێکی خێرای بارودۆخی عەرەب لەمرۆدا دوچاری رەشبینیمان دەکا. هەر لەناو کۆڕەکەدا بەئامار گوتراوە کە: دەوڵەتانی عەرەبی وەکو پێویستە نشونما ناکەن" (١٥٪)یان بێکارن" پێشبینی کراوە لەساڵی (٢٠٢٠)دا بێکاری بگاتە (٦٠٪) چونکە نشونمای گشتی وڵاتانی عەرەبی (٤٪)ە، لەکاتێکدا زاوزێی دانیشتوانی عەرەب (٨و٣٪)ە.

سەرەنجامی باسو لێکۆڵینەوەکان، هەمویان گەیشتونەتە ئەو باوەڕە کەوا: ئەگەر عەرەب فریای خۆی نەکەوێ، دوای ئەوەی چینو هیندستان ئاوێتەی باشتری بازاڕی جیهانو رۆژهەڵات دەبن، دۆخی عەرەب خراپتر دەبێ. پێشبینیش ناکرێ دەوڵەتانو نەتەوەی عەرەب، لەبیست ساڵی ئایندەدا بتوانن وەرچەرخانی گەورەی نشونماکردن (تنمیە) بەدیبێنن. بۆیە، عەرەب لەئایندەیەکی ناکامدا دەژی!!

ئیستیخباراتی ئەمریکا ئێران تاوانبار دەکا

ئێران (١٠٠) ملیۆن دۆلاری بۆ هەڵبژاردنی عێراق تەرخان کردووە بۆ ئەوەی پاڵێوراوە دۆستەکانی ئێران، لەهەڵبژاردنەکەدا سەربکەون

الانصات
وکالات و مصادر متعددە
٢٠٠٤/٤/١٧

لەزمانی کەناڵی (NBC)وە، بڵاوکرایەوە کە ئیستخباراتی ئەمریکی، ئێران بەوە تاوانبار دەکات کەوا: نیو ملیۆن ئێرانییان ئاودیوی سنوری عێراق کردووە، بۆ ئەوەی دەنگ بەلیستی شیعەکان بدەن. هەر لەسەر زمانی ئەمریکاوە هاتووە کە: ئێران (١٠٠) ملیۆن دۆلاری بۆ هەڵبژاردنی عێراق تەرخان کردووە بۆ ئەوەی پاڵێوراوە دۆستەکانی ئێران، لەهەڵبژاردنەکەدا سەربکەون" لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: ئێران هەزاران جاسوسی هەیە بۆ خزمەتکردنی ئاراستەی ئێران لەهەڵبژاردنەکەدا.

نازانین هەتا چەند ئەم قسانە راستن. بەڵام گومان لەوەدا نییە کەئێران، هەلومەرجی ئێستای عێراق زۆر بەگونجاوتر دەزانێت، نەخشەو بەرنامەکانی لەناو عێراقدا جێبەجێ بکا. جا ئیتر نەخشەکان پشتیوانی تیرۆریستان بێ، یان پشتیوانی کردنی شیعەکان لەهەڵبژاردندا، یاخود ترساندنو دڵساردکردنەوەی سونیگەراکان بێ لەهەڵبژاردن.

ئێران وڵاتێکی بەئەزموونو بەتواناو زۆر گرنگیشە لەرۆژهەڵاتدا. داو و دەزگاکانی ئێران، بەهۆی جەنگی عێراق — ئێرانو ئەو کێشمەکێشانەی لەنێوان هەردوو وڵاتەکەدا هەبووەو هەیە، زۆر زۆر شارەزان لەکاروباری تایفەکانی. هەروا، ئێران لەعێراقو کوردستاندا تۆرێکی جاسوسی فراوانی هەیە. بۆیە، لەوڵاتانی ئیقلیمی زیاتر دەتوانێ دەستوەربداتە کاروباری ناوخۆی عێراق. لەهەموو گۆرانکاریەکانی ناو عێراقیشدا، ئێران پێش وڵاتانی دیکەی ئیقلیمی ئامادە باشە. بەرنامەکانی، چ بۆ پاراستنی خۆیو چ بۆ بەرپەرچدانەوەی مەترسیەکانی دەرەوەی خۆی، چ بۆ دەستێوەردانیش لەناو وڵاتدا، بەتایبەتی عێراقو ئەفغانستان، جێبەجێ بکات.

زیاتر لە (١٠٠) لیستو ململانێی هەڵبژاردن

(٧٣)لیستی حیزبی (٩)، لیستی ئیئتیلافی حیزبەکانو (٢٥) لیستی پاڵێوراوی سەربەخۆ، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن رازی بووە لەناو پرۆسەی هەڵبژاردندا، بەشداری بکەن. واتا (١٠٧) لیست.

عێراق، زیاتر لە (٨٠) ساڵە دامەزراوە. یەکەمین جارە لەم عێراقە دامەزراوەدا کەبەزۆرەملێ کوردستانیان پێوە لکاند، نەك هەر هەڵبژاردنی ئاوا سازنەکراوە، بەڵکو ئەم ژمارە حیزبو ئیئتیلافەی حیزبەکانو لیستی سەربەخۆی هەڵبژاردن، کەعێراق بەخۆیەوە نەدیوە.

لەزەمانی مەلیکدا، پرۆسەی سیاسی وا نەبووە" لەشۆرشی (١٩٥٨)ی تەمووزیشدا دیاردەی دیموکراتی وا سەری هەڵنەدا. لەدوای کودەتاکەی (١٩٦٣)یشەوە، هەر بەجارێ ئازادی قوری دیکتاتۆریەتی پێوەدرا. ئێستاش، سەرەرای ئەو دوژمنایەتی کردنەی دیموکراتی لەناوچەکەو لەناوخۆدا کەتیرۆریستان هەرەشەی مەرگو لێك جیاکردنەوەی سەرو لەشی بەشداربوان دەکەن، کەچی هێزە سیاسیەکانو کەسایەتییەکان، سوورن لەسەر سەرخستنی ئەم پرۆسە دیموکراسییە. ئەمەش، سەرەتایەکی دڵخۆشکەرەیە بۆ کردنەوەی دەرگای قۆناغێکی نوێی سیاسی لەعێراقدا، کە هەمیشە لە دیموکراتی بێبەش کراوە.

کردنەوەی دەرگای دیموکراتیش، گرنگە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کەلەمەودوا چی دەکرێ بۆ ئەوەی زەمینە سازییەکی ئەوتۆی دیموکراتی لەعێراقدا برەخسێندرێ، کەجارێکی دیکە، هیچ دەسەڵاتو تایفەو حیزبێك نەوێرێ دەرگای دیموکراتی لە رای گشتی دابخاتەوە. ئەمەش، تەنها بەوە ناکرێ کەلە دەستوردا بگوترێ: عێراق وڵاتێکی دیموکراتییە. بەڵکو بەوە ئەنجام دەدرێ کەکێشە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی عێراق، چارەسەر بکرێت. لەپێشدا، کێشەی سیاسی کوردو ئینجا مافی ژنانو پاشان، بەدیهێنانی ژیانی مەدەنیو مەدەنیەت. بەهیوا..

پاشماوەی سەرگوزشتەی قارەمانانی لەبۆسەخستنی پارێزگاری سلێمانی

چاودێر: دوای ئەو کارە بیرتان لەکاری تر نەکردەوە لەناو شار؟

فاخر: بەراستی ئێمە پێش ئەوەش بیرمان بۆ شتێکی تر کردبووەوە بەڵام سەری نەگرت.

چاودێر: چی بوو شتەکە؟

فاخر: بەتەمابووین بچینە ناو نادی موەزەفینەوە، ووتمان ئیشێکی گەورە لەوێ ئەنجام ئەدەین، ووتیان مودیر ئەمنو پیاوانی رژێم هەموو لەوێ کۆئەبنەوە، ئێمەش کەئەچینە ژوورەوە بەکتوپڕی لەدەرگاوە دەست پێئەکەین وا خۆمان نیشان ئەدەین کەلەگەڵ خۆیاندابین، لەژوورەوە کەدەست رێژ بکرێ وەکو کارێکی ئینتیحاری دەستێکی چاك بوەشێنین بەڵام رێك نەکەوت.

چاودێر: ئەمە بیروڕای کێ بوو، نەخشەی کێ بوو؟

کاك فاخر: باش لەخەیاڵم نییە بەڵام پێموایە کاك بەختیار پلانێکی وای هەبوو.

چاودێر: ئەوەندەی بیستراوە شەهید سۆران بیری لەوە کردبووەوە کەبچنە ناو مودیریەتی ئەمنی سلێمانی بەناوی ئەوەی خۆتان بکەن بەئەمنو عەمەلییەکی گەورە بکەن ئەوە چۆن بوو؟

فاخر: بەڵێ فکرەیەکی واهەبوو، تا شەهید سۆران ووتی من چەند رومانەیەکیش ئەبەستم بەخۆمەوە وەکو ئینتیحاری بەڵام برادەران لەوێ قبوڵیان نەکرد، ووتیان ئێمە چۆن قبوڵ ئەکەین تۆ خۆت بتەقێنیتەوە.

چاودێر: هاتنە ناوشار بۆ ئێوە کارێکی ئاسان بوو، کارێکی گران بوو، دوای ئەوە متمانەتان بەرێکخستنەکان هەبوو یان نەبوو؟

عەبدوڵڵا: رێکخستنەکانی سلێمانی سیقەی تەواویان بەئێمە هەبوو ئێمەش سیقەی تەواومان بەوان هەبوو، ئەوان هاوکاری ئێمەیان زۆر ئەکردو کارئاسانیان بۆ ئەکردین هەتا لەرێگاکان، هەتا کەچووینە دەرەوە چاودێر: کاك فاخر ئەم هەموو قارەمانێتیە، ئەم هەموو دڵسۆزییە بەیەکەوە لەگەڵ شەهید سۆراندا هاورێ بوون، دوای لێدانی پارێزگاری سلێمانی هاورێیەتیتان بەهێزترو توندتر بوو یا چۆن بوو؟

فاخر: زۆرباش بوو، هاورێیەتیمان هەتا بڵێی وەکو برا وابوو بەینمان زۆرباش بوو.

چاودێر: شەهید سۆران وەکو چۆن لەکارەکانی ناوشاردا ئازا بوو، لەگوێرایەڵی مەسئولەکانو ئەرکەکانی شاخو حەرەسیاتو کەمینو شەونخونی مزگەوتو رۆیشتنو ئەوانە چۆن بوو؟

فاخر: ئەوکاتەی کەجەولەمان ئەکرد لەگوندێك بۆ گوندێکی تر یان لەحەرەسیات کەسێکی زۆر لەخۆبردوو بوو، رێکوپێك بوو، گوێرایەڵ بوو.

چاودێر: تۆ خۆت دەزانی شەهید سۆران بەرووداوێکی زۆر ناخۆش شەهید بوو، شتێکی چاوەروان نەکراو بوو بەراستی، ئەو کاتەی کەشەهید بوو تۆ لەکوێ بوویت؟

فاخر: ئەو وەختەی شەهید بوو لەنزیکی گەورەدێ بووین کەبیستمان شەهید بووە بەراستی شتێکی زۆر ناخۆش بوو، کەس قەناعەتی نەدەکرد بەو شێوەیە شەهید بووە، کەس باوەر ناکات کەبتوتایە برایەك برایەکی کوشتووە، بەبێ ئەوەی هیچ شەڕو ئاژاوەیەك لەبەینیاندا هەبێ.

چاودێر: برا برا بکوژێ زۆر قورسە، برایەکی ئاوهاش، ئازاد بۆ ڕای نەکرد؟

فاخر: ئەو وەختە شەهید سۆران بریندار بوو لەپشتەوە تەقەی لێکردبوو، کوشتی بەس بۆچی رای نەکرد من ئەمە نازانم، پاش ئەوەش مایەوە لەگەڵ ئێمەدا شەهید ئارام زۆر فکری لێکردەوە ئەم کوڕە چی لێبکرێ ووتیان ئەبێ ئەمە لەتۆڵەی بکوژرێتەوە، منیش ووتم کاك ئارام من ڕا نادەم، ووتی ئەمە تۆڵەی شۆرشە منیش یەکێ بووم لەوانەی کەوا دەستنیشانکرام بەشداربم تیایدا، بەڵام من ووتم ئەم کارە ناکەم.

چاودێر: یەعنی تۆ ئامادە بوویت بێیتە ناوشاری سلێمانیو لەمحافزی سلێمانی بدەیو ئەشتزانی کارەکە کارێکی زۆر قورسەو رەنگە تیاش بچی، بەڵام لەوێدا کاك ئارام ئەمر ئەکات بەتۆ کەیەکێك لەبکوژەکان کەبرای خۆی کوشتووەو تاوانێکی کردووە بیکوژی، لەبەرئەوە بوو کەبەقسەی سەرکردایەتیت نەکرد یا ئینسانیەتی خۆت بوو؟

فاخر: ئەوەی راستی بێت یەکەم لەبەر ئینسانیەت بوو، دووەم من ووتم ئەمە هەردووکیان بران، لەخێزانێکن، لەخێزانێکدا یەکێك لەناوبچێ باشترە لەهەردووکیان تەنها مەبەستم ئەوەبوو هیچی تر.

چاودێر: ئیتر تۆ لەدوای ئەوە ژیانی پێشمەرگایەتیت ئاسایی بوو لەگەڵ کێ بووی؟

عەبدوڵڵا: من کەچووم بۆ ناوچەی بادینانو ئەوانە ئامر مەفرەزەی دەستەی مام جەلال بووم ئەوکاتە، دواتر گەڕامەوەو لای ملازم عومەر مامەوە.

چاودێر: ماوەی چەند لەلای ملازم عومەر مابووی.

عەبدوڵڵا: ساڵ زیاتر بوو، کاك ملازم عومەر پیاوێکی هەتا بڵێی قارەمانە، ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵیا بوون باوەڕناکەم لەبرای خۆی جیای کردبێتەوە، کەسوکاری کاك عومەر دەوڵەمەندبوو هەرچیەکی لەشارەوە بۆ هاتایە تەوزیعی ئەکرد بەسەر پێشمەرگەکاندا.

چاودێر: لەو مودەتە دوژمن، رژێم هیچ تاقیبی تۆی نەکرد بزانێ لەو عەمەلیەدا سۆسەیەکی تۆی نەکردبوو؟

فاخر: وەکو من بیستم چەند کەسانێك زیندان بوون لەئەبوغرێب زۆر کەس هەبوو خۆی هەڵکێشا بوو بەو کارەوە، حوکم دراون لەسەرئەوەی وتویانە من دەستم هەبووە لەم ئیشەدا.

چاودێر: تۆ خۆت گوێت لێ نەبووە هیچ کەسێ بڵێ من ئەو کارەم کردووەو وام کردوەو فشەی کردبێ؟

فاخر: بەنیسبەت خۆمەوە نەم بینیوە، بەڵام خەڵك وتویەتی لەلای کەسی تر.

چاودێر: باشە لەدوای راپەڕین تەلەفزیۆنو رۆژنامە هەبووە چەند کەسێك ئەڵێن ئێمە ئەو عەمەلیەمان کردووە لای پارتی هەیە ئەڵێ من کردوومە، لای یەکێتی هەیە ئەڵێ من کردوومە، ئێستا ئێوە قارەمانە راستەقینەکەن، بەوانە دەڵێی چی؟

فاخر: من ئەڵێم درۆ نەتیجەی نییە، هەرکەسێ کەدرۆی کرد وەکو قەڵایەك وایە بەقوڕ دروستکرابێ ئەروخێ، بەڵام کەسێکیش ئەگەر کارێك بۆ نیشتمانو میللەتەکەی بکات، هیچ شایەنی ئەوە نیە خۆی پێوە هەڵکێشێ.

چاودێر: یەعنی ئێوە کەقارەمانی راستەقینەی کارەکەن هەتا ئێستا باسی ئەوەتان نەکردووە، بەڵام ئەوانەی لەکارەکەدا نەبون باسی ئەکەن، ئەمە شتێکی سەیر نیە؟

فاخر: خۆی لەڕاستیدا شتێکی سەیرە، خۆهەڵکێشان هیچی تیا بەسەر نیە.

چاودێر: کاك عەبدوڵڵا ئەمە یەکەمین جارە ئێوە بەزمانی خۆتان ئەیگێڕنەوە، تۆ پێش ئەمە بیستووتە باسکراوە؟

عەبدوڵڵا: بەڵێ بیستوومەو زۆریش بیستومە، زەلامی واباسی ئەکات لەوکاتەدا ئاگای لەمەحمودی بێزەوایش نەبووە، زۆر کەسیش هەیە لەناو یەکێتیدا لەسەر تەلەفزیۆن دائەنیشێو باسی ئەکات کەئاگاشی لێ نەبووە.

چاودێر: تۆ سێ چوار ساڵ لەمەوبەر لەسەر رۆژنامەکان ئەم مەزوعە جارێکیتر هاتە پێشەوە، لەسەر رۆژنامەی برایەتی پارتی باسکرا، رۆژنامەی کوردستانی نوێ وەڵامی دایەوە، ئەوەی کەباسی کردبوو هەر ئەوەبوو خۆت دەزانی دەمانچەکەی فرێ دابوو، واتە خۆت شایەتی ئاو کارەیت؟

عەبدوڵڵا: بەڵێ من شایەتی ئەو کارەم، ئەویان دانابوو بۆ حیمایەی من بەڵام ئەو حیمایەتیەکەی منیشی پێ نەکرا.

چاودێر: تۆ کاتی خۆی خزمەتێکی گەورەی نەتەوەکەی خۆتت کردووە، پێم وابێ ئەمە بووە بەشێك لەمێوو بۆ تۆ بۆ کاکە فاخر، بۆ هەموو ئەوانەی کەبەشداریان کرد، تۆ ئێستا لەدوای بیستو هەشت ساڵ تێپەڕین بەسەر ئەو کارە، ئێستا خەریکی ژیانی ئاسایی خۆتی، تۆ هەر خۆی کارەکە بەکارێکی گەورە نازانی لەژیانی خۆتا؟

عەبدوڵڵا: ئەو کارە بەکارێکی زۆر زۆر گەورە ئەزانم، ئەوکاتە کەئەوەم کردووە هەموو شتێکم خستۆتە ئەولاوە، میللەتەکەم ئەوکاتە پێویستی بەمن بووە.

چاودێر: دوا قسەت چیە، واتە ئێستا ئەوە یەکەمین جارە تۆ روبەڕو بۆ خەڵك ئەم مەسەلەیە رونئەکەیتەوە، یادگاریت چیە لەو رۆژانەدا؟

عەبدوڵڵا: من ئێستاش وا ئەزانم ئەو رۆژیە لەلام، یادەکانی زۆر زۆر خۆشە، واتە من ئێستا بیرمە ئەو رۆژەی دوای تەقەکردن لەپارێزگار هاتمە سابونکەران، لەسابونکەران چاخانەیەکی بچوکی لێیە مام رەئوفی ناوە، شەهید عەلی مام کەریمان هەبوو، هات لێی پرسیم وتی بۆچی سەیارەکەت داناوە، وتم نیازم هەیە بچم بۆ کوەیت، لەوێ ئیش ئەکەم بەپێکەنینەوە،ئێستاش ئامادەم بۆ هەموو شتێ بۆ (ی.ن.ك).

چاودێر: کاکە فاخر تۆ ئێستا ئەوە یەکەمین جارە ئاشکرا ئەبی بۆ کۆمەڵانی خەڵك کە ئەمە قارەمانێکی لەهەرە قارەمانەکانی هەرە ناودارەکانی ئەوکارە، ئێستا تۆ هەستت چیە چ شتێکت لەو مێژووە لەبەرچاو ماوە ئەتەوێ بەخەڵکی بڵێت؟

فاخر: ئەوەی راستی بێت ئەوکاتەو ئێستاش ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆزە بۆ میللەتەکەی بۆ خاکەکەی هەوڵ بدات، ئەوکاتەش ئەو ئیشەمان کرد لەپێناوی میللەتەکەماندا بوو، ئەگەر ئێمە نەمانکردایەو ئەوی‌تر نەیکردایە رەنگە بەم رۆژە ئازادیە نەگەشتینایە.

چاودێر: ئەو مەفرەزە بچوکەی هاتیتە شار ئەو کارە گەورەیەت کرد، ئێستا (ی.ن.ك) دەوڵەتێکی بەدەستەوەیە تۆ ئەم خەوەت ئەبینی، ئەم خەیاڵەت ئەکرد رۆژێ لەڕۆژان ئەو کارەی تۆ بەشێك بێ لەم سەرکەوتنە گەورەیەی کەئێستا هەیە؟

فاخر: قەد بەخەیاڵمدا نەئەهات رۆژێ مقابەلەی تەلەفزیۆنی بکەمو خۆم ببینم، یان رۆژنامەیەك قسەم لەگەڵ بکات دەربارەی کورد، یان ئیشوکارێك کەخۆم کردبێتم، قەد لەو قەناعەتەدا نەبووم، بەڵام ئێستا ئەبینم میللەتەکەم گەشتۆتە ئەم رۆژە زۆرم پێ خۆشە. بەتایبەتی ئێستا لەکەرکوکیشدا ئەژیم.

چاودێر: هیچت بۆ کراوە لەم سەرکەوتنو سەربەرزیە؟

عەبدوڵڵا: تەنها کاك بەختیار شتی بۆ کردوم، ئێستا خانەنشین کراومو زەویشم وەرگرتوە.

چاودێر: کاکە عەبدوڵڵا تۆ لەپاداشتی ئەو کارە هەرە جوامێریەی کەکردووتە ئاوڕت لێدراوەتەوە، ئێستا سەرکەوتنە، خەڵکی وابەرێ رەنجی ئێوە ئەخواتزۆر لەئێوە کەمتریشی کردبێ، هەموو هاوڵاتیەکی کورد هەقی خۆیەتی لەوڵاتی خۆیا خزمەت بکرێ، بەڵام ئێوە لەهەرەماندوەکانن؟

عەبدوڵڵا: خانەنشینم هەیە، زەویەکیشم وەرگرتووە وەکو پێشمەرگە وەرم گرتووە.

چاودێر: ئێستا ئەتەوێ پەیامی تۆ بگەیەنم بەمام جەلال، بڵێم جەنابی مام جەلالو، دەستەی دامەزرێنەی (ی.ن.ك)، کاك نەوشیران ئێوە لەسوریا بوون، رەفیقەکانتان شەهیدکران، ئەم کوڕانە تۆڵەی رەفیقەکانی ئێوەیان کردەوە، لەوێ ئیزگەی لەندەن باسی کارەکەی کرد وە ئێوەش شانازیەکی گەورەتان کرد بەم کارە؟

عەبدوڵڵا: من وەکو داخوازی هیچ داخوازیەکم نیەو ناشمەوێ پاداشتم بەنەوە، شتەکەم بێ منەت بکەن، من ئەوەی کەکردوومە بۆ خزمم کردووەو بۆ میللەتەکەم کردووە، ئەوکاتە میللەتەکەم پێویستی بەمن بووە ئێستا چاوەڕێی پاداشتی کێ بکەم. من کاتێ مام جەلال دووسەد دۆلاری داوە پێم کەلە هەکاری بووین، کەس دینارێکی پێ نەبووە، من ئەوکاتە پارەیان داومەتێو ئاوڕیان لێداومەتەوە، بەڵام ئەوەیە تائێستا جەنابی مام جەلالمان نەبینیوەتەوە.

چاودێر: داوات کردووە کەبیبینی یارێك نەکەوتووە؟

عەبدوڵڵا: رێك نەکەوتووە.

چاودێر: من دوا قسەم ئەوەیە ئێستا ئێمە ئەو سێ کەسە کەلێرەین بەکارەکە ئەزانین بەڵام کەسێکی تریشمان زیندوەو ماوە کاك دلێری سەید مەجید، بەڕاستی دەورێکی گەورەی هەبوو لەم کارە، لە نەخشەکێشانی، لەجێبەجێکردنی کارەکەدا تۆ کە لەشاخ ئەتبینی باسی کارەکەتان ئەکرد؟

عەبدوڵڵا: نەخێر بەهیچ شێوەیەك باسی ئەو مەوزوعەمان نەکردووەو کاك دلێریش دەورێکی گەورەی هەبوو لەو کارە، کاك دلێر هەتا یەکێ بوو لەوانەی لەگەڵ کاك مەلا بەختیار ئەهات، زۆربەی ئێوارە ئەهاتن بۆ لای من سواری تەکسیەکە ئەبوون تا قەناعەتیان پێ کردم.

چاودێر: کاك دلێر یەکێك بوو لەو کەسانەی کەدەورێکی زۆر گەورەی هەبوو لەم کارە ئەویش وەکو ئێوە قەد باسی نەکردووە، لەکاتێکدا خۆتان ئەزانن خەڵکیتر باسی کردووە. رەنگە پێشی خۆش نەبێ کەئێمە باسی ئەکەین، بەڵام لەڕاستیدا من هەر خۆم دامنابو یەکەم جار لەگەڵ ئێوە ئەویش ئاشکرا بکەینو باسی بکەین، هیواداریشین بۆ مێژوو ئەم راستیە بزانرێ کەدلێری سەید مەجید نەك هەر لەو کارە بگرە لەزۆر شتی ناوشار، پێشمەرگە شاردنەوە، پێشمەرگە ناردنە دەرەوە، فیشەك دابین کردن، چەك دابین کردن،ماڵەو ماڵ پێکردنی پێشمەرگە، گواستنەوەی کەسوکاری پێشمەرگە، پەیوەندی پێوەکردنی سەرکردایەتی، شاردنەوەی سەرکردایەتی کۆمەڵە لەناو شارو، کاروباری شەهید ئارامو راپەڕاندنی هەموو ئەم کارانە، بەڕاستی کاك دلێر دەورێکی یەکجار گەورەی هەبووە.

چاودێر: کاك فاخر تۆ پەیامت چییە بۆ حکومەتی هەرێم بۆ مام جەلال بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی تۆ چ داخوازیەکت هەیە؟

فاخر: وەکو داخوازی، داخوازیم نییە،لەخوا بەزیاد بێ شۆڕش ئێستا هەموو ئیمکانیەتێکی هەیە ئەگە هەرچیەکیشمان بۆ بکات وابزانم بەلای ئەوانەوە ئاسانە، بەڵام بۆ ئێمە خراپ نیە.

Kurdistan Journalist's Syndicate
نقابة صحفيي كوردستان
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
ئەنجومەنی سەندیکا

رۆژ:
بەروار:

بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
بەڕێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
بەڕێز مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

سڵاو و رێز...

ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە نوێنەری سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستانە بە جیاوازی نەتەوەو ئایین و بیروباوەڕی سیاسی بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو هەنگاوە مێژووییەتان دەکات بۆ یەك هەڵوێستیتان و بڕیاردانتان بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا بە یەك لیستی کوردستانی هاوشێوەی تەجرەبەی رۆژانی پرۆسەی ئازادیی عێراق و کە دەست لەناو دەست بۆ یەك مەبەست لە ئەنجومەنی حوکم و هەڵوێستی هاوبەشتان بەرامبەر بە چارەنووسی گەلەکەمان دەبوایە درێژەی پێ بدرێت و ئەو بڕیارەش بۆ یەك لیستی هاوبەش لە سەرانسەری عێراقدا تەواوکاری ئەو هەڵوێستانەبوو.

بەڕێزان..

لەگەڵ ئەو هەڵوێستەتاندا، لێتان ناشارینەوە دەبیستین دەربارەی رێکنەکەوتنتان لەسەر لیستێکی هاوبەشی کوردستانی سەرانسەری بۆ هەڵبژاردنی (پەرلەمانی کوردستان) بۆتە مایەی نیگەرانی سەرجەم نووسەران و روناکبیران و رۆژنامەنووسانی کوردستان، چونکە ئەم مەسەلەیە کارێك نییە هەروا بەراگوزاری و ئاسانی سەیر بکرێت، مەسەلەیەکە پەیوەندی بە چارەنووسی گەلەکەمانەوە هەیە، بۆیە هەر جۆرە کەمتەرخەمییەك (خوانەخواستە) ئەگەر بکرێت لەم بارەیەوە بەرەورووی ئێوەی بەڕێز دەبێتەوە، بارودۆخی ناسکی ئەمڕۆی عێراق و سەردەرهێنانی دوژمنانی گەلەکەمان و پروپاگەندەی ئەوانەی نایانەوێت گەلی کوردستان بە ئاسوودەیی و سەرفرازی بژیت، ئەمانە هەمووی دەبوایە هاندەربن بۆ ئەوەی گەلەکەمان جارێکی دیکە تووشی کێشەی لابەلا نەبێتەوە.

ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان داخوازییەك پێشکەش بە ئێوەی سەرکردەو تێکۆشەر دەکات، کە دەتوانین بڵێین ئێستا بۆتە داخوازییەکی گشتیی، کە ئەم هەلە لەکیس مەدەن، لیستێکی هاوپەیمانی رێکبخەن، نوێنەرانی هەموو نەتەوەکانی کوردستان و هەموو حزب و رێکخراوە سیاسی و پیشەییەکان و کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و نیشتمان پەروەرەکان و روناکبیرو سەربەخۆکان و مامۆستایان بگرێتە خۆ، بۆ ئەوەی بۆ دۆست و دوژمنانی دەربخەین کە گەلی کوردستان یەك دەنگ و یەك هەڵوێستە.

بەڕێزان..

ئەمڕۆ هەر هەموولایەك لە بەرامبەر بەرپرسیارێتییەکی مێژووییدایین، بۆیە لە ناخەوە دەخوازین گەلەکەمان رەنجەڕۆ نەبێت و لە هەموو نسکۆیەك بپارێزرێ و دەبێ هەموولایەکیش ئەو راستییە بزانن کە تەنازول کردن بۆ یەکدی و مرونەت نواندن لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان بە کەمی و لاوازی نازمێردرێ، بەڵکو دەچێتە خانەی سەروەری و نیشتمانپەروەری و مێژوو بە قەڵەمی زێڕین تۆماری دەکات.

لە کۆتاییدا چاوەڕوانین.. تا کات لە دەست نەچووە با ئەم هەلە مێژووییە لەدەست نەدرێت.

لەگەڵ رێزی بێ پایانماندا

ئەنجومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر- ٢٠٠٤/١١/١٧

وێنەیەك بۆ بەڕێزان:
– سەرکردەکانی حزبە کوردستانییەکان. بەهیوای پشتگیریتان لەم داخوازییەماندا.
– نەقیب و سەرۆکەکانی سەندیکاو یەکێتی و رێکخراوە پیشەییەکان. بەهیوای پشتگیریتان لەم داخوازییەماندا.

ئەدرێس: شەقامی شەست مەتری– زانیاری
Tel: 2221875 - 2220367
Fax: 2294800

ناونیشان
سلێمانی - شەقامی سالم
مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان
تەلەفۆن: ٣١٢٧١٢٠ - ٣١٤٠٤١٦
E-mail
info_chawder@yahoo.com
info_obsever@yahoo.com
نرخی (٢٥٠) دینارە

THE OBSERVER

Aweekly Political, Educational & Social Press - Kurdistan - Iraq
No. : (11) -20-12-2004

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس
مەلا بەختیار

ستافی کارا
سامی هادی، جەمال حوسێن

نەخشەسازی: جەلیل حسێن ـ ئینتەرنێت: سۆران عەبدوڵڵا
پیتچنین: سۆران بورهان، تەها حەمە نوری، ئیبراهیم حسێن

ئەفسانە

خوێندنەوەی حەمە هاشم

لەفەزایەکی بەرینداو لەنێو غوبارێکی بیجۆزەبیدا، کوتلەیەکی قورس بارستایی خۆی دەسەپێنێ؛ کوتلەیەک لەفیگەری وردی ڕەنگو شێوە لاکێشەو بازنەو سێ گۆشەیی، ئەندازەی نارێک، خۆیمان بۆ دەردەخسێنێت.. لەبابەتدا، باسکردنە لەئەفسانەیەک کە مێژووی هەزاران ساڵەی مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوەو باس لەو هەموو کێشمە کێشە دەکات کە مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەئاستە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا.
ئەم بەرهەمە هونەرییەی شێوەکار (ماهیر ستار) لەتەکنیکدا سەرنجدانێکی وردی دەوێت، کە هەستکردن بێت بەو ڕووبەڕە ئەمو مزاویانەی کە (ماهیر) زۆر بەپەیڕەندێکی زیرەکانەوە کاری لەسەر کردووە، ئەم بەرهەمە لە قەبارەیەکی گەورەدایەو بەڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس کاری تێدا کراوە.
بەڵام ئەوەی سەرنجمان بەلای خۆیدا پەلکێش دەکات هاوسەنگیە لەنێوان ئــەو کوتلەو فیگەرانەی کە فۆرمی بەرهەمەکەیان داگیرکردووە، لەهەندێ شوێندا بۆشایی لەبری بارستەکان زەق دەبێتەوەو لەهەندێ لای دیکەیدا کوتلە دەبێت بەپارسەنگ لەم ناهاوسەنگیەدا هەست دەکەین ناجێگیرییەک لەکارەکەدایە، کە ڕەنگ دانەوەی دەروونی نـــاجێگیرو دوو دڵی (ماهیر) نیشان دەدات.. جگە لەوەش هیچ ڕوانگەیەکی ئەوتۆ نیشان نادات کە دووریەکانمان بۆ شیتەڵ بکاتەوە، تەبایەکی هارمۆنی کەلەنێوان ڕەنگو بۆشاییدا هەیە، زۆربەی ئەو گرفتە تەکنیکیانەمان لەبیر دەباتەوە، کە لەگەڵ هێڵەکاندا هەیانە.

ژیانی هونەرمەندی گەورە (عەبدول حەلیم حافز) دەکرێتە سیناریۆی سریالی تەلەفیزیۆنی

دوای ئەوەی کە دەرهێنەر (مەجدی ئەبو عەمیدە) مۆڵەتێکی کورتی لەکارەکەی وەرگرت دوای تەواوبوونی لەوێنەگرتنی سریالی تەلەفیزیۆنی (مەحمودی میسری)، ڕاستەوخۆ دانیشتنەکانی خۆی لەگەڵ نوسەرو سیناریست (وەحید حامید) دەست پێکرد بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ وێنەگرتنی سریال تەلـــەفیزیۆنی (عەبدول حەلیم حافز) کەماوەیەک پێش ئێستا سیناریۆکەی تەواو کراوە، مەبەست لـــەم دانیشتنە دوو قۆڵییە دەست نیشانکردنی کاستی بەشدارە لەو سریالەدا، هەر هەفتەی پێشتریش بوو هەواڵەکان بڵاویانکردەوە کەخاتوو (عەلیە شوبانە)ی خوشکی هونەرمەند (عەبدول حەلیم حافز) بەنەخۆشی هەرکردنی جگەر کۆچی دوایی کردو لەگۆرستانی (بەساتێن) کەگۆڕی براکەی لێبوو بەخاک سپێردرا. جێی باسە هونەرمەند کۆچکردوو (عەبدول حەلیم حافز) ئەو کات نەخۆشی (بەلهارزیا) بەهەمان شێوە جگەری لەکارخستو بۆ دواجار ماڵئاوایی لەژیان کرد.

ئایەر

ئابووری شەشەم
شەریک شعور

خەبەردار

زەلام هەیە سوێند ئەخوا ئەڵێ ئەم خــەبــەرداره قــیــزەی ســاحێب عەرەبانەکانی ناو بازاڕە کە بە درۆوە هاوار ئەکەن خەبەردار خەبەردار چەور بووی‌و مەسەلەکەش وەک جــەکە گۆمەڵکوژەکانی عێراق وایە، ئەسڵ‌و ئەساسی نیەو هەر بۆ ئەوەیە ڕێگاکەی بۆ چۆڵ بکەیت. قیسمێک لە لایەنگرانی پۆست مۆدێرنیزمیش ئەم خەبەردارە بە زمانحاڵی خۆیان ئەزانن‌و ئەیانەوێ میللەت هوشیار بکەنەوەو بڵێن خەبەردار.. خەبەردار.. سێ ڕوبعی وتارو بەرهەمە ڕۆشنبیرییەکانی ئەمڕۆ ئینشای بڕو بووچن بڕو بووچ.
ئیحتیمالیش هەیە ئەم خەبەردارە ئەسیحەتی دەردەدارێک بێ‌و بڵێت خەبەردار.. خەبەردار.. نیوەی زۆری ناوی ئەم کوردستانە کلۆری تیا نیە. لەوانەشە بۆڵە بۆڵی بەشخوراوێک بێ کە لەژێر لێوەوە عەرزمان ئەکات‌و ئەڵێ خەبەردار خەبەردار.. ئەگەر ئەحیاب ئەبیت ئەندەرت نادەنێ.
فرۆیدی ڕەحمەتیش ئەڵێ هەر کەسێ لە شیرین خەوا خەبەرداری گوێ لێ بوو مەعنای وایە ئەگەر ئاگای لە زمانی خۆی نەبێت، موستەقبەل بۆ ئەکەن بەساقەی تەفریرێک. ئەوعە خەبەردارێکیش بەبێ بەبێ پەیا ئەبێ‌و هی ئەو خەڵکە دنیادیدانەن کە قەناعەتیان وایە ئەزمەی سووتەمەنی دەستکردی بەعزە بازرگانێکە خوا بیانپارێزێ. خەبەردارە ئەبیستراوەکانی سەر ستووریش هەر ساڵەو بۆ مەوزوعێک‌و مەوزوعی ئەمساڵیش کە هەقە هەموو ئاسایش‌و پۆلیس بۆ بچێتە ئینزارەوە خەتەری تلیاک‌و حەشیشەیە کە خەریکە گڕ لە چارەنووس بەرئەدات. خەبەردارێکی مروریشمان هەیە کە بە نیازە لە داخی ئەم هەموو علوج‌و مانیفێستانە پەخەی خۆی دادڕێت کەچی کەس بەقسەی ناکات. ئەخیر جۆری خەبەرداریش کە ئینشەڵڵا واتەڕناچێ ئەڵێ ئەی عێراقچییە دڵسۆزەکان خەبەردارو خەبەردار.. هێتلەرێک بەڕێوەیەو دانیشن بەخێر.

منداڵ هەرەشە لەژیانی هاوسەریی (بردا بیت) دەکات

ئاگری پروپاگەندە لــــە ڕاوانی ئەستێرەی بەناوبانگی سینەما (براد بیت) ئاوەستێت، بەتایبەت ئەو واتە واتانەی کەجەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە (براد بیت) لەگەڵ هاوسەرە جوانەکەی (جینیفەر انستون) بڕیاری جیابوونەوەیان داوە. لای خۆیەوە براد بیت جەختی لەسەرئەوە کردەوە کەلەگەڵ هاوسەرەکەی بەکۆمەڵێک قەیرانی ڕاستەقینەدا تێدەپەڕن. ئەوەشی ڕەت کردەوە کە هۆکاری ئەوە ئیرەیی هاوسەرەکەی بێت لەو بەرەی کەلەگەڵ کچە جوانەکانی هۆلیود کاردەکات. بەڵکو هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە (جینیفەر) دەستی لەخەونی دایکایەتی هەڵگرتووەو دەیەوێت ببێتە باوکو وەک باوک هەڵسوکەوت بکات.. (براد بیت) چاوەڕوانە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا بەرهەمە تازەکەی پیشان بدرێت کەئەویش فیلمی (سیمسرو خاتوو سیمس)ە،و تیایدا ڕۆڵی کەسایەتییەک دەبینێت کەلەژیانی واقیعی خۆیەوە زۆر نزیکە. ڕۆڵی کەسایەتییەکە بەشێوەیەکە کەتووشی کێشـــەی زۆر دەبێت لەگەڵ هاوسەرەکەی کەئەستێرەی بەناوبانگ (ئەنجلینا جولی)، ڕۆڵەکەی ڕابی دەکات.

ئامادەکردنی/ کامۆ

دۆزینەوەی (جین)ێک کەبەرپرسە لەخەمۆکی مرۆڤ

توێژینەوەیەک لەپێگەی گۆڤـــاری (نوروون)ی پزیشکی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بڵاوکردەوە کــــە چەند توێژەرەوەیەکی ئەمریکی (جین)ێکیان ئـــاشـــکرا کـــردووە کەبەرپرسە لە حاڵەتی خەمۆکی لای مرۆڤ .. ئەم دۆزینەوە تازەیە تیمێک لـــەزانایان لەکۆلیژی پزیشـــکی زانکـــۆی (دیـــۆک) لەکارۆلینـــای باکوور ئـــەنجامیـــان داوەو هەردوو پزیشک (مارک کارون) و (کسیاو دۆنغ هانغ) سەرۆکایەتی ئەم توێژینەوەیەیان کردووە. ئەم هەوڵە زانستییە ڕێگـــە بۆ پسۆرەکانی ئەو بوارە ئاسان دەکات بـــۆ تاقیکردنەوەی زیاترو هۆکاری تووش بوون بەخەمۆکی ووردتر دەست نیشان بکـــەن و چارەسەری گونجاوی بۆ دابنێن. باسە ئامادەکراوەکە تیایدا هاتووە کە توێژەرەوەکان ئاشکرایان کردووە کەهەر گۆرانێک لەو(جین)ەدا کاردەکاتە سەر کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی مـــادەی (سیرۆتۆنین) کەخانەکانی مێشک دەیڕێـــژن و ئـــەویش مادەیەکی کیمیـــایی هـــاوکارەو کاریگەرییەکی بەهێز دەکاتە سەر خانە دەمارییەکانی مێشک کەکار دەکاتە سەر میزاج..
زاناکان ئاتێستا بۆیان دەرنەکەوتووە کەئەو مادەیە چۆن کاردەکات تەنها ئەوەندە نەبێت کەڕێژەی ئەو مادەیە لە خوێندا وا لەمرۆڤ دەکات میزاجێکی باشی هەبێت..

پاراڤا

پارانەوەی شاعیرێک.. جیاواز لەپارانەوەی سەر بەرماڵەکان





شاعیری بەناوبانگی هیندی (ڕابیندرانات تاگور)، لەمونتاجاتێکی شیعریدا بەم جۆرە لەیەزدان دەپاڕێتەوە:
خودایە مەمکە بەقەسابێک مەڕەکان سەربڕم، ئەیمە بەرانێکیش قەسابەکان سەرم بڕن؛ توانایەکم بەرێ خودایە بەڕەو ڕووی بەهێزەکان حەقیقەت بڵێم؛ نەک قسەی ئارەوا بکەم بەتەنیا بۆنەوەی لاوازەکان ستایشم بکەن؛ گەر پارەت پێبەخشیم، خۆشی ژیانم لێزەوت مەکە، گەر بەهێزیشت کردم، دەسەڕداری ئەقڵم نەبڕ؛ گەر سەرکەوتنت کردە بەشم، سادەیی‌و خاکی بوونم لێ وەرمەگرەوە، گەر سادەیشت دا پێم، شانازی کردنم بەکەرامەتی خۆمەوە لێمەستێنە. خودایە پارمەتیم بدە تا ئەودیوی وێنەکان ببینم، ڕێگەم پێمەدە بەرامبەرەکەم بەخیانەت تاوانبار بکەم بەتەنیا لەبەرئەوەی لەبۆچوونیدا لەگەڵم جیاوازە. خودایە فێرم کە خەڵکم خۆش بووێت وەک چۆن خۆمم خۆش دەوێت، فێریشم کە سەرزەنشتی خۆم بکەم، وەک چۆن سەرزەنشتی خەڵک دەکەم، فێرم کە کە لێبوردن‌و بەخشندەیی گەورەترین هێزەو ، هەستی تۆڵە سەندنەوەش دیاردەی یەکەمی لاوازییە..

هیوا لەئینتەرنێتەوە

کیت وینسلت‌و فیلمێکی کارتۆنی

ئەستێرەی بەناوبانگی سینەما کیت وینسلت ئامادەیی تەواوی وەرگرتووە بۆ تۆمارکردنی دەنگی خۆی بۆ دۆبلاژکردنی فیلمێکی کارتۆنی تازە بەناوی (نور داخزا)، ڕووداوەکانی ئەم فیلمە کارتۆنیە باس لەمشکێک دەکات کەناوی (ڕیتا) یەو کیت وینسلت دۆبلاژی دەنگەکەی دەکات. ئەم مشکە لەگەڵ سەرجەم مشکەکانی تری ئەو شارەی کەتیایدا دەژی یەکدەگرن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی شارەکە، چەند ئەستێرەیەکی تری سینەما بەشداری دۆبلاژی ئەم فیلمە کارتۆنییە دەکەن، ئەوانیـــش (هیو جاکمان)، (ئیان ماکلین)، (بیل نایی) و (ئاندی سیرکس). فیلمەکەش لــــە دەرهێنانی (هیندی ئەندرسۆن)ە، کیت وینسلت دەڵێت: من زۆر بەم ئەزموونە خۆشحاڵم چونکە پێشتریش حەزم دەکرد بشداری یەکێک لەفیلمە کـــارتۆنیەکانی وەک (شریک) یان (هەڵهاتنی مریشک) بکەم.

سیتاف